گەڕانەوە بۆ

# سەروەری

[ ڕەخنەی ئیدیۆلۆژیی بندەست ]

ئەییووب کەریمی



# گەڕانەوە بۆ سەروەری:

## ڕەخنەی ئیدیۆلۆژیی بندەست

**ئەییووب کەریمی**

ستۆکهۆڵم

٢٠٢٤

**بۆ وەبیرهێنانەوەی**

**عوبەیدوڵڵا ئەییووبیان؛**

**ئەو بەرزەمرۆڤەی بە هیوای سەروەری ژیا**

**گەڕانەوە بۆ سەروەری: ڕەخنەی ئیدیۆلۆژیی بندەست**

نووسەر: ئەییووب کەریمی

- بابەت: فەلسەفەی سیاسی، کۆمەڵناسیی مێژوویی، دەروونشیکاریی ڕەخنەیی
- چاپەمەنی: زاگرۆس
- شوێن: ستۆکهۆڵم، سوید
- چاپی یەکەم: ٢٠٢٤
- ISBN 978-946-3728-86-7

وێنەی رووبەرگ: Le Pacte, by Frédéric Sorrieu, 1848

---

هەموو چاپخانەکان مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە بە شێوازی چاپکراویان هەیە بەو مەرجەی دەست لە نێوەڕۆک و دیزاینی کتێبەکە وەرنەدەن.

zagros.press2@gmail.com

# نێوەڕۆک


پێشەکی: 'دۆزینەوەی ڕەخنەیی' وەک تیۆری و مێتۆد ..................... ٩
وتاری یەکەم: دەروونشیکاریی سووژەی بندەست ..................... ١٩
وتاری دووهەم: فەلسەفەی سیاسیی ناسنامە ..................... ٣١
وتاری سێهەم: پێکهاتەی دەوڵەتی مۆدێرن ..................... ٤١
وتاری چوارەم: بەجیهانیبوون و نەتەوە بێدەوڵەتەکان ..................... ٥٥
وتاری پێنجەم: تیپۆلۆژیی ناسیۆنالیسم ..................... ٧١
وتاری شەشەم: قۆناغبەندیی مێژووی سیاسیی کوردستان ..................... ٩٥
وتاری حەوتەم: پێکهاتەی ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی ..................... ١٠٧
وتاری هەشتەم: ئیدیۆلۆژیی ناتەواو و ستراتێژیی نەگونجاو ..................... ١١٧
وتاری نۆهەم: چینی کۆمەڵایەتی یان کەرتی سیاسی؟
وردبوونەوە لە یەکەی لێکدانەوەی سیاسەتی ڕزگاریخواز ..................... ١٢٧
وتاری دەهەم: یوتۆپیا و ستراتێژیی ڕزگاریخواز ..................... ١٤٧
سەرچاوەکان و پەراوێزەکان ..................... ١٥٩

## سپاس و پێزانین

سپاسی بەرپرسانی ئەو گۆڤارانە دەکەم کە هەندێک لە وتارەکانی ئەم کتێبەیان پێشتر بڵاو کردووەتەوە: *ئاژین* (گۆڤاری زانکۆی سۆران)، *پۆلیتیا*، *ژیوار*، *گوتارنامە*، *زانستی مرۆیی*. هەروەها زۆر سپاسی ئەنجومەنی کۆمەڵناسیی کوردستان، لقی سەقز، دەکەم کە دەرفەتی پێشکەشکردنی زارەکیی دوو وتاری ئەم کتێبەیان بۆ ڕەخساندم.

# پێشەکی

ئەم کتێبە لە دە وتار پێکهاتووە کە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ هەتا ٢٠٢٤ لە بەستێنی فەلسەفەی سیاسی، دەروونشیکاریی ڕەخنەیی و کۆمەڵناسیی مێژووییدا نووسراون؛ هەرچەندە زیاتر نێوان-بوارین[١] و زۆر ناکەونە بوارێکی تایبەتەوە. هەروەها ئەم وتارانە ناکەونە چوارچێوەی بواری ناسراو بە "لێکۆڵینەوەی کوردی"[٢] بەڵکوو بەپێچەوانەوە، بە دژی عەقڵیەتی لێکۆڵینەوەی کوردین. ئەم کتێبە سەرچاوەی زانیارییەکان نییە بەڵکوو هەوڵ بۆ وروژاندنی پرسیارەکان و ڕەخنەکان لە ڕوانگەیەکی ڕزگاریخوازانەوەیە. خوێنەران بۆ تێگەیشتن لە لۆژیکی ئەم کتێبە پێویستە بەشی *دۆزینەوەی ڕەخنەیی وەک تیۆری و مێتۆد* لەم پێشەکییەدا بە وردی بخوێننەوە.

لە ڕاستیدا، ئەم وتارانە وەک بەشێک لە پرۆژەیەکی هزری بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی کوردستان و هەوڵ بۆ گۆڕینی ئاراستەی ئیدیۆلۆژیک و ستراتێژیکی زاڵ بەسەر بزووتنەوەی کوردستاندا نووسراون. بۆیە چەشنێک پەیوەندیی دەروونییان پێکەوە هەیە و تەوەری *ئیدیۆلۆژی* لێکیان گرێ دەدا؛ ئەگەرچی دەکرێ هەر یەکەیان وەک وتارێکی سەربەخۆ بخوێندرێتەوە. مەبەستم لە بڵاوکردنەوەی ئەو

---

[1] interdisciplinary

[2] Kurdish studies

وتارانە لە یەک بەرگدا ئەوەیە کە خوێنەرانی جیددی بتوانن ئەم پرۆژەیە کە لایەنی نۆرماتیڤیشی هەیە، بە هاسانی هەڵسەنگێنن. بەڵام بۆ ئەوەی کە بابەتەکان دووپات نەبنەوە، دەست لە هەندێک لە وتارەکان وەردراوە. هەرچەندە ناکرێ هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان نێوەڕۆکی ئەو وتارانە بکێشرێ بەڵام پێنج وتاری یەکەم زیاتر فەلسەفی و تیۆریکن و پێنج وتاری دوایی زۆرتر پەیوەندییان بە کوردستانەوە هەیە. هەندێک لە وتارەکان پێشتر لە گۆڤارەکاندا بڵاو بوونەوە بەڵام چوار وتاری *"پێکهاتەی دەوڵەتی مۆدێرن"*، "*بەجیهانیبوون و نەتەوە بێدەوڵەتەکان*"، *"تیپۆلۆژیی ناسیۆنالیسم"* و "*یوتۆپیا و ستراتێژیی ڕزگاریخواز*" بە تایبەت بۆ تەواوکردنی ئەم کتێبە نووسراون.[١]

بابەتی سەرەکیی زۆربەی وتارەکان پەیوەندیی نێوان بندەست و سەردەست، بە تایبەت لە سۆنگەی ئیدیۆلۆژیی وەک ناسیۆنالیسم و سۆسیالیسمەوەیە. ناسیۆنالیسم لە کوردستان بابەتێکی هەستیارە چونکە جگە لە ناتەبایی ناسیۆنالیسمی کوردی لەگەڵ ناسیۆنالیسمی کۆلۆنیالیستەکان، لە نێوخۆی

---

[١] لە زۆربەی وتارەکاندا هەندێک چەمک بە کار هاتوون کە سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەباوەڕی و دەروونشیکاریی لاکانی؛ چەمکی وەک دال، مەدلوول، دالی گەورە، خاڵی دروونەوە، جومگەبەندی و ... لە وتارەکاندا هەوڵ دراوە بە زمانێکی ساکار ئەو چەمکانە ڕوون بکرێنەوە. بۆ بەرچاوروونیی زیاتر سەبارەت بە پێکهاتەباوەڕی و دەروونشیکاری دەتوانن وتاری کۆتایی کتێبی *فەلسەفەی ڕزگاری* بە ناوی "مرۆڤ وەک وشە: ڕەوتی دەروونشیکارانەی فەلسەفەی سیاسی" بخوێننەوە.

کوردستانیش بەپێی خوێندنەوەیەکی تایبەت بووەتە خاڵی ناکۆکی لە نێوان دوو ئیدیۆلۆژیی ڕکەبەری مۆدێرن، واتە ناسیۆنالیسم و سۆسیالیسم. لە کاتێکدا کە جۆرێک ناسیۆنالیسم لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە بوو بە ئیدیۆلۆژیی سەرەکیی بزووتنەوەی کوردستان، سۆسیالیسم لە کوردستان هەتا نیوەڕاستی سەدەی بیستەم ئیدیۆلۆژییەکی نامۆ بوو بەڵام لە دوای جەنگی جیهانیی دووهەم، لە لایەکەوە، لە لایەن سۆڤیەتەوە بەسەر بزووتنەوەی کوردستاندا سەپا و لە لایەکی دیکەوە، بۆ ڕووناکبیرانی کوردستان، وەک ڕووناکبیرانی زۆربەی وڵاتانی جیهان، سەرنجڕاکێش بوو و ژمارەیەکی زۆر ڕووناکبیری کورد بۆ لای ڕاکێشران. لە سەرانسەری جەنگی سارددا، چەشنێک سۆسیالیسم کە پێی دەڵێن "مارکسیسمی جیهانی سێهەم" بوو بە ئیدیۆلۆژیی زاڵ لە نێو زۆربەی ئێلیتە سیاسییەکانی کوردستان. تەنانەت هەندێک لەو کەسانەی کە ناسیۆنالیست بوون هەوڵیان دەدا خۆیان وەک سۆسیالیست بناسێنن یان سەنتێزێک لە نێوان ناسیۆنالیسم و سۆسیالیسم پێک بهێنن؛ هەرچەندە زۆربەی ئەو هەوڵانە بە بێ بنەمای فەلسەفی و تیۆریکی پێویست بوون و ڕەنگی حیزبی و پرۆپاگەندەیان پێوە دیار بوو، هەربۆیە دوای ماوەیەک لەنێو چوون.

قسە لەسەر ڕەهەندەکانی سۆسیالیسم لە کوردستان زۆرە بەڵام بابەتێک ڕوون و ئاشکرایە ئەویش ئەوەیە کە لە دوای تێکچوونی یەکێتیی سۆڤیەت و جووڵەی چین بۆ لای کاپیتالیسمی بازاڕ، سۆسیالیسمی کوردی کە هیچکات سەربەخۆ نەبوو و پاشکۆی سۆسیالیسمە دواکەوتووەکانی عەجەم و عەڕەب بوو کە ئەوانیش

خۆیان پاشکۆی سۆڤیەت و چین بوون، زۆر لاواز بوو. ئەوە لە لایەکەوە بووە هۆی پەراوێزخرانی سۆسیالیسم لە کوردستان و لە لایەکی دیکەوە بووە هۆی زەقبوونەوەی ناسیۆنالیسم. بەڵام سەرەڕای گەڕانەوەی کوردستان بۆ لای چەشنێک شێوەناسیۆنالیسم، ئەو شتەی ناو نراوە "ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی"، تەنیٚ هەڵگری دالەکانی ناسیۆنالیسم نییە بەڵکوو لە چەندین توێژی دیکە، لەوانە دالەکانی سۆسیالیسم، پێکهاتووە (وتاری حەوتەم). بە کورتی، کارلێکیی نێوان ناسیۆنالیسم و سۆسیالیسم لە کوردستان یەکێک لە تەوەرەکانی ئەم وتارانەیە.

سەبارەت بە ڕەهەندی مێژوویی، لە لایەکەوە، ئاشکرایە کە بەشی هەرە زۆری مێژووی کوردستان لە لایەن کۆلۆنیالیستەکانەوە نووسراوە و بەسەر کورددا سەپاوە. دیارە گێڕانەوەی کۆلۆنیالیستەکان زۆر جیاوازە لە گێڕانەوەی کورد. سڕینەوەی گێڕانەوەی کۆلۆنیالیستی لە مێژووی کوردستان ئەرکێکی یەکجار قورسە. هەرچەندە لێرەدا وەک مێژوونووس باسی مێژووی کوردستانم نەکردووە و لە چوارچێوەی فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵناسیی مێژووییدا ئاماژەم بە چەند ڕەهەندی مێژووی کوردستان کردووە بەڵام هەوڵم داوە بەشدارییەک لە گۆڕینی ڕوانگەی کورد بۆ مێژووی کوردستان بکەم. ئەم بەشدارییە بەتایبەت لە وتاری شەشەمدا دەبیندریٚ کە گوتوومە "مێژووی بەڵگەمەند"ی کوردستان لە نیزیکەی ساڵی هەزاری زایینییەوە دەست پێدەکا؛ واتە ئەو کاتەی کە میرنشینە کوردییەکان فۆرمیان گرتووە و مێژووی کوردستان دابەش کراوە بە سەردەمی میرنشینەکان، سەردەمی داگیرکاری و سەردەمی کۆلۆنیالیسم.

لە لایەکی دیکەوە، خوێندنەوەی من بۆ مێژوو و ئاراستەی داهاتوو لەسەر بنەمای تیۆرییەکی تایبەت دامەزراوە کە ئێستا شی دەکەمەوە بەڵام بەر لەوە، پێویستە ئاماژە بەو خاڵە گرینگە بکرێ کە هەموو هەڵوێستێکی تیۆریک و مێتۆدیک پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ئیدیۆلۆژییەوە هەیە و بێلایەن نییە. لە زانستی مرۆییدا، شتێک بە ناوی تیۆریی بێلایەن نییە و هەموو تیۆرییەک لایەنێکی نۆرماتیڤی هەیە؛ ئەگەرچی هەندێک کەس ئەو لایەنە نۆرماتیڤە لەژێر چارشێوی زمانێکی بێلایەن و بەڕواڵەت زانستیدا دەشارنەوە. دیارە پێویستە بۆ سەرکەوتن لە ئاستی جیهانیدا زمانێکی بێلایەن هەڵبژێردرێ بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە لە هەڵوێستی سیاسی پاشەکشە بکرێ.

**'دۆزینەوەی ڕەخنەیی' وەک تیۆری و مێتۆد**

لە سەردەمی مۆدێرندا، بابەتی تیۆری و مێتۆد، چ وەک شێوازی لێکدانەوە و چ وەک شێوازی بەرەوڕووبوونەوە، مشتومڕێکی لەمێژینەی لەسەرە. فەلسەفەی مۆدێرن لە دێکارتەوە سەرقاڵی مێتۆدە و لە زانستی مرۆییشدا لانیکەم لە سەردەمی مێتۆدێنشترایت[1] هەتا ئێستا بابەتی مێتۆد گرینگ بووە. شەڕی پۆزیتیڤیسم و دیالێکتیک لە سەرانسەری سەدەی بیستەمدا ئاشکرا بوو. هەرچەندە ئەوانەی دژ بە پۆزیتیڤیسمن، پەنایان بردووەتە بەر دیالێکتیک بەڵام دیالێکتیک زۆر لێڵە و دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی فەلسەفی و داهێنانی تاکەکەسی. هەربۆیە لێرەدا هەوڵم داوە لەسەر بنەمای تیۆریی ڕەخنەیی، بەتایبەت نەریتی ڕەخنەی

---

[1] Methodenstreit

ئیدیۆلۆژی[1]که له قوتابخانەی فرانکفۆرت و قوتابخانەی لیوبلیانادا تیۆریزه کراوه، تیۆرییەکی جیاواز هەڵێنجم که ڕووداوه مێژوویی و هزرییەکانی پێ بخوێندرێتەوه و هەتا ڕادەیەک ڕەهەندەکانی داهاتووی پێ بنەخشێندرێ. لەو تیۆرییەدا (که ناوم ناوه *'دۆزینەوەی ڕەخنەیی'*) پێویسته سووژەی ڕزگاریخواز وەڵامی چەند پرسیار بداتەوه. ئەو پرسیارانەم له چەند ڕستەی لۆژیکی هەڵێنجاوه:

**یەکەم:** "زمان سنوورەکانی ڕاستی دیاری دەکا." سووژه ناتوانێ 'بابەتی ڕاستەقینه'[2] داگیر بکا و بیدرکێنێ. سووژه تەنێ دەتوانێ 'بابەتی سەمبۆلیک'[3] بدرکێنێ و نەزمێکی سەمبۆلیک بئافرێنێ. بەڵام ئەو نەزمه سەمبۆلیکەی که ئافراندوویەتی، کاتییه چونکه بابەتی ڕاستەقینه هەمیشه دەگەڕێتەوه و پەتیبوونی وێناکراوی نەزمی سەمبۆلیک دەشێوێنێ.

پرسیارەکانی دەستەی یەکەم: نەزمی سەمبۆلیکی ئێستا چییه که دۆخی باو لەسەر بنەمای ئەو دامەزراوه؟ سەردەستەکان چۆن چاو له جیهان دەکەن؟ بندەستەکان چۆن چاو له جیهان دەکەن؟ ئەو جیهانبینینه چۆن له زمانی ئەواندا ڕەنگ دەداتەوه؟

---

[1] Ideologiekritik

[2] the Real

[3] the Symbolic

**دووهەم:** "ئیدیۆلۆژی پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ ئەو شتەی کە پێی دەڵێین 'ڕاستەقینە'[1] دیاری دەکا." ئیدیۆلۆژی پەیوەندیی سەمبۆلیکی سووژە لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینەی دەرەوەیە کە جیهان وەسف دەکا. شتەکان لە وەسفەکانیان دەچن. کە وا بوو ئیدیۆلۆژی ئاستەنگ نییە بەڵکوو بەرهەمهێنەرە؛ بەرهەمهێنەری ڕاستەقینە. ئیدیۆلۆژی جۆرە نەرمەئامێرێکی بەرهەمهێنانی ڕاستەقینەیە. بە بێ ئیدیۆلۆژی ڕاستەقینە بوونی نییە. ئەگەر ئیدیۆلۆژی لە دەروونی سووژەکاندا لە ئاستی جەمعیدا بڕووخێ، ڕاستەقینەش دەڕووخێ. هەربۆیە گرینگی و پەیوەندیداربوونی ڕەخنەی ئیدیۆلۆژی بەردەوامە.

پرسیارەکانی دەستەی دووهەم: پێکهاتەی ئیدیۆلۆژیی سەردەستەکان چییە؟ پێکهاتەی ئیدیۆلۆژیی بندەستەکان چییە؟[2] ئیدیۆلۆژیی سەردەستەکان چ پەیوەندییەکی بە ڕاستەقینەی زاڵبوونی ئەوانەوە هەیە؟ ئیدیۆلۆژیی بندەستەکان چ پەیوەندییەکی بە ڕاستەقینەی بندەستبوونی ئەوانەوە هەیە؟

**سێهەم:** "تیۆری هەمیشە بۆ کەسێک و بۆ مەبەستێکە" (رابرت کاکس). تیۆریی بێلایەن بوونی نییە. تیۆری خزمەتی "بەرژەوەندییە وێناکراوەکان"ی گرووپێکی تایبەت لە مرۆڤەکان دەکا؛ چ مرۆڤی سەردەست و چ مرۆڤی بندەست.

پرسیارەکانی دەستەی سێهەم: تیۆریی پشت ڕستە لۆژیکییەکانی سەردەستەکان چییە؟ ئەو تیۆرییە خزمەتی چ بەرژەوەندییەکی وێناکراوی سەردەستەکان دەکا؟

---

[1] reality

[2] بۆ نموونە، بڕواننە وتاری "پێکهاتەی ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی" لەم کتێبەدا.

تیۆریی پشت ڕستە لۆژیکییەکانی بندەستەکان چییە؟ ئەو تیۆرییە چۆن دۆخی بندەستیی ئەوان بەرهەم دەهێنێتەوە؟

تیۆریی *دۆزینەوەی ڕەخنەیی* بریتییە لەوەی کە بە لەبەرچاوگرتنی سنورداربوونی زمان و زاڵبوونی تاقمێک لە سووژەکان بەسەر تاقمێکی دیکەدا، وەڵامی پرسیارەکانی سەرەوە لە بەستێنێکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و بەتایبەت دەروونیدا بدرێتەوە. ئاشکرایە کە سنووری نێوان بوارەکانی زانستی مرۆیی دەستکردە و تیۆریی دۆزینەوەی ڕەخنەیی نێوان-بوارییە.

لێرەدا ڕوونکردنەوەی چەند پێش-گریمانەی فەلسەفیی ڕستە لۆژیکییەکانی سەرەوە پێویستە.

یەکەم) شتێک بە ناوی ڕاستیی دەرەوەی زەینی مرۆڤ بوونی نییە. ڕاستی ئۆبژێکتیڤ نییە بەڵکوو لە پێرسپێکتیڤی مرۆڤ گرێ دراوە. ڕاستی بەرهەمی کارلێکیی نێوان سووژە و ئۆبژەیە.

دووهەم) بەرژەوەندیی مرۆیی ئۆبژێکتیڤ نییە بەڵکوو ئەو شتەی مرۆڤ وەک بەرژەوەندی بۆ خۆی وێنای دەکا دەبێتە بەرژەوەندیی ئەو. هەربۆیە چەمکی "بەرژەوەندیی وێناکراو"م داهێناوە. هیچ بەرژەوەندییەک لە دەرەوەی پێناسەی مرۆڤ بۆ خۆی، بوونی نییە. هەربۆیە کاتێک لەو تیۆرییەدا دەڵێین پەیوەندیی نێوان تیۆری و بەرژەوەندی چییە، لە ڕاستیدا پەیوەندیی نێوان تیۆری و بەرژەوەندیی وێناکراو مەبەستە، نەک بەرژەوەندیی ئۆبژێکتیڤ کە بوونی نییە.

سێهەم) ئاوەڵناوی "ڕەخنەیی" بە واتای هەوڵ بۆ دۆزینەوەی مێکانیسمەکانی زاڵێتییە. واتە دەبێ بەدواداچوون بۆ ئەوە بکرێ کە چ مێکانیسمگەلێک بوونە هۆی زاڵبوونی تاقمێک سووژە بەسەر سووژەکانی دیکەدا. دیارە ئەم بابەتە لەسەر بنەمای ئەوە دامەزراوە کە کۆمەڵگە کۆیەکی یەکپارچە نییە بەڵکوو لە کۆمەڵێک ناتەبایی و کەلێن پێک هاتووە.

بە گشتی، لە تیۆریی دۆزینەوەی ڕەخنەییدا، سووژەی ڕزگاریخواز کە دەیەوێ کۆتایی بە دۆخی بندەستی بهێنێ، پێویستە بەپێی بنەماکانی سەرەوە، وەڵامی پرسیارە پەیوەندیدارەکان لە بەستێنێکی مێژوویی و هەنووکەییدا بداتەوە و هەوڵ بدا بە یارمەتیی یوتۆپیایەکی ڕزگاریخواز ستراتێژی بۆ کۆتاییهێنان بە دۆخی بندەستی دابڕێژێ. دیارە گرووپە بندەستەکان جۆراوجۆرن: نەتەوە بێدەوڵەتەکان، چینە چەوساوەکان، ژنان و ... بەڵام هەموویان لە یەک هەستدا هاوبەشن ئەویش هەستی بندەستی و پێویستبوونی گۆڕانی ڕادیکالە.

*ئەییووب کەریمی*

هاوینی ٢٠٢٤

# ١

# دەروونشیکاریی سووژەی بندەست

لە ڕوانگەی دەروونشیکاریی ڕەخنەییەوە، دەتوانین بڵێین سووژە بەرهەمی بەریەککەوتنی ئیدیۆلۆژییەکان لە دەرووندایە؛ واتە کۆی هەموو ئەو ئیدیۆلۆژییانەی لە دەروون تێپەڕ دەبن ناسنامەی سووژە بە شێوازی وشیار و ناوشیار واتە لە ئاستی هەست و نەستدا دەخوڵقێنن. ئیدیۆلۆژی تەنیا ئیدیۆلۆژیی سیاسی وەک ناسیۆنالیسم نییە بەڵکوو هەموو ئەو سیستمە واتاییانەی پەیوەندییان بە خولقاندنی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و لە ئاستێکی جەمعیدا کردەوەکانی سووژە بەرەو مەبەستی دیاریکراوی خۆیان دەبەن، ئیدیۆلۆژین؛ بۆ نموونە، ئیدیۆلۆژیی تەندروستی (ئەمە بخۆ و ئەوە بکە بۆ ئەوەی تەندروست بی و هتد)، ئیدیۆلۆژیی کات (کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە و لە بچووکترین ساتەکان کەڵک وەرگرە و هتد)، ئیدیۆلۆژیی چێژ (ژیان بۆ چێژوەرگرتنە و لە هەموو ساتەکانی ژیانت چێژ ببینە و هتد) و هەزاران ئیدیۆلۆژیی دیکە کە ناسنامەی سووژە و کردەوەکانی پێک دەهێنن. سووژە وادەزانێ هەموو هزرەکان، هەستەکان و مەیلەکانی هی خۆیەتی بەڵام لە ڕاستیدا هەموو ئەوانە

سازکراون؛ سازکراوی ئیدیۆلۆژییە جۆراوجۆرەکان.[١]

ئیدیۆلۆژی تەنێ لە زمان پێک نەهاتووە بەڵکوو خاوەنی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی-سیاسییە. ئەو دامەزراوانەن کە ئیدیۆلۆژی بەرهەم دەهێنن و بەرهەم دەهێننەوە و خاوەنی چەشنێک دەسەڵاتن و لە چوارچێوەی دەسەڵاتدا سووژە دەخوڵقێنن. واتە پەیوەندییەک لە نێوان دامەزراوەکانی بەرهەمهێنانی ئیدیۆلۆژی لە لایەک و چوارچێوەکانی دەسەڵات لە لایەکی دیکەوە هەیە چونکە ئیدیۆلۆژی بە مەبەستی دەسەڵات دەخوڵقێ. ئەو سیستمە واتاییەی کە بە مەبەستی دەسەڵات بەرهەم نەهاتبێ و دامەزراوەی نەبێ، ناکەوێتە چوارچێوەی ئیدیۆلۆژی و دەبێتە قسەی ئاسایی. ئیدیۆلۆژی بانگەشەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات دەکا.

---

[١] ڕەنگە ئەو پرسیارە بۆ خوێنەران بێتە گۆڕێ کە بۆ چی لە چەمکی *ئیدیۆلۆژی* کەڵک وەردەگرین لە کاتیکدا چەمکی نوێتری وەک *گوتار* یان دیسکۆرس هەیە؟ مەگەر فوکۆ لە مارکس نوێتر نییە؟! لە ڕاستیدا لێرەدا مارکس و فوکۆ هەردووک دەچنە ژێر پرسیار چونکە مارکس ئیدیۆلۆژی بە واتای بەربەستی ڕزگاری بە کار دەهێنێ و ڕەخنەی لێدەگرێ لە کاتێکدا کە ئیدیۆلۆژی دەتوانێ ڕزگاریخواز بێ و ڕزگاری بێ ئیدیۆلۆژییەکی ڕزگاریخواز دەستەبەر نابێ. هەروەها چەمکی گوتاری فوکۆ ئەوەندە بەربڵاوە کە هەموو شتێک لە خۆ دەگرێ و ئەنجامێکی ئەوتۆی لێناکەوێتەوە؛ هەروەک چۆن تێگەیشتنی فوکۆ لە چەمکی *دەسەڵات* هەر وا بەربلاوە. هەرچەندە فوکۆ بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمهاتنی سووژە لە چوارچێوەی دەسەڵاتدا یارمەتیدەرە بەڵام لێرەشدا قەرزداری نیچەیە و ئەگەر بڕیار بێ خوێندنەوەیەکی ڕزگاریخواز لە هزری مۆدێرن بکرێ، فەلسەفەی نیچە بەهێزترە لە تیۆریی فوکۆ؛ بەتایبەت لەو شوێنانەی نیچە باسی ئاکاری کۆیلە و ئاکاری سەروەر دەکا. بەڵام ئاشکرایە کە نیچە لایەنگری سەردەستەکانە و ئەگەر سووژەی بندەست بیەوێ لە هزری نیچە کەڵک وەرگرێ، پێویستە خوێندنەوەی خۆی هەبێ یان هەروەک پێشتر ئاماژەیەکی کورتم پێکردووە، نیچە *بەراوەژوو* بکاتەوە.

هەروەها بەزاندنی سنوورەکانی نێوان چەمکی تاک و چەمکی کۆمەڵگە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی بندەستی-سەردەستی زۆر گرینگە لەبەر ئەوەی کە ویستەکان و فانتێزییەکانی کۆمەڵگە شۆڕ دەبنەوە بۆ تاک، بەتایبەت بۆ ئەو بەشە لە تاک کە پێی دەڵێین نەست یان بەشی ناوشیاری دەروون. واتە تاک و کۆمەڵگە تێکەڵاو دەبن و دەبنە بوونێکی هاوشێوە کە سنوورەکانیان زۆر دیار نییە. هەربۆیە لێرەدا زۆر باسی سووژەی فەلسەفی ناکەین بەڵکوو زیاتر سووژەی دەروونشیکاری مەبەستە بەڵام ئەو دەروونشیکارییە لە ئاستی تاکدا نامێنێتەوە و لە ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەربڵاو دەبێتەوە.

مەبەست لە سووژەی بندەست سووژەیەکە کە لە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا کەوتووەتە خوارەوە. پەیوەندیی دەسەڵات بەپێی سروشتی خۆی نایەکسانە. سووژەی بندەست دەکرێ نەتەوەی بەکۆلۆنیکراو، چینی هەژار، ژن یان هەر بوونێکی کۆمەڵایەتیی دیکە بێ کە هەست بە نائازادی و چەوسانەوە لە لایەن سەردەستەکانەوە دەکا و ناتوانێ خۆی ڕزگار بکا. پەیوەندیی دەسەڵات دەبێتە هۆی خۆبەزلزانی و بێشەرمی لە سووژەی سەردەستدا. بەپێچەوانەوە، پەیوەندیی دەسەڵات دەبێتە هۆی پێکهێنانی هەستی خۆبەکەمزانین و شەرم لە سووژەی بندەستدا. سووژەی بندەست خۆبەکەمزان و شەرمێونە. ئەم هەستە لە لایەن سەردەستەوە لە دەروونی بندەستدا بەدامەزراوەیی کراوە. کۆمەڵگەی بندەست سووژەی بەکۆی بندەستە. هەستی خۆبەکەمزانین و شەرم لە کۆمەڵگەی بندەستەوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ تاکی بندەست و لەوێشەوە بۆ نەستی تاک کە زۆر

گرینگترە لە هەستی. نەستی بندەست خۆی لە زۆر شتدا دەردەخا، لە خەونەکان و هەڵخلیسکانی زمان لە کاتی قسەکردنی ئاساییەوە بگرە هەتا هونەر و کولتوور و سیاسەت.

ئێستا ئەگەر سووژەی بندەست شیکاری بکەین دەبێ لە کوێوە دەست پێبکەین؟ ئایا بۆ ناسینی وەها سووژەیەک دەبێ لە ئاستی وردەوە بچین بەرەو ئاستی گەورە؟ یان بەپێچەوانەوە؟ ئەوە پرسیاری سەرەتایی ئەو وتارەیە.

دۆزینەوەی پێکهاتەکانی بندەستی لە ئاستی ورد یان تاکەکەسیدا ستراتێژیی لێکدانەوەی بەرتەسکخوازانەیە لەبەر ئەوەی کە تاک و شێوازی بیرکردنەوەی ئەو بە بەرپرسیاری دۆخی بندەستی دەزانێ و پێی وایە ئەگەر شێوازی بیرکردنەوە و ڕوانینی تاک بگۆڕدرێ، ئەوە داوای مافی خۆی دەکا و لە دۆخی بندەستی ڕزگار دەبێ. وەها ستراتێژییەک دەتوانین لە هەموو دیاردە هاوچەرخەکاندا ببینین؛ لە بەرهەمەکانی هالیوودەوە هەتا لێکدانەوە خشکەییەکانی قوربانیانی بندەستی کە خۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاویان دەکەنەوە. لیبرالیسم وەک گرینگترین داکۆکیکاری ڕوانینی تاکەکەسی بووەتە ئیدیۆلۆژیی ئەو شێوازە لێکدانەوە و کردەوانە.

بەڵام دۆزینەوەی پێکهاتەکانی بندەستی لە ئاستی گەورە (ماکرۆ)دا ستراتێژییەکی لێکدانەوەی لەبنەڕەتدا سیاسییە لەبەر ئەوەی کە پەیوەندییە سەقامگیرکراوەکان و بەدامەزراوەییکراوەکان وەک بەرپرسیاری بندەستی دەناسێنێ. لێرەشدا کێشەیەک ڕوو دەدا ئەویش ئەوەیە کە ستراتێژیی

لێکدانەوەی ئاستی گەورە، بکەری لە بندەستەکان دەستێنێ و ناتوانێ پەیوەندیی دوولایەنەی نێوان سەردەست و بندەست شی بکاتەوە. ئاشکرایە کە دۆخی بندەستی دوو لایەنی هەیە و ناکرێ تەنێ لەسەر بنەمای یەکێک لە لایەنەکان شی بکرێتەوە. هەربۆیە لێرەدا بەپێی ستراتێژییەکی لێکدانەوە لەسەر بنەمای مانەوەی فەزایەک کە ڕزگاریخوازبوون خۆی لەوێدا دەردەخا، باسی سووژەی بندەست دەکەین. بەڵام مەبەست لەوە چییە؟

## سووژەی دەروونشیکاری

بەپێی دەقە کلاسیکەکانی دەروونشیکاری (فرۆید و لاکان) سووژە بەشێک لە دەروونە بەڵام هەموو دەروون نییە. پێشتر زۆر باسی ئەوە کراوە کە فرۆید لە هەندێک لە نووسینەکانیدا دەروون وەک بوونێکی پێکهاتوو لە دوو بەشی هەست و نەست لێکدەداتەوە و لە هەندێکی دیکەدا وەک پێکهاتوو لە سێ بەشی ئید، ئێگۆ و سوپرئێگۆ.[١] هەروەها لاکان سووژە لە چوارڕێیانی زمان و سێکسوالیتەدا پێناسە دەکا؛ سێکسوالیتەیەک کە وەک ترۆما تەجروبە دەکرێ. دیارە شرۆڤەکارانی لاکان سەبارەت بە سروشتی سووژە شرۆڤەی زۆر جیاوازیان هەیە.[١] بەڵام دەروونشیکاریی فرۆید و لاکان بە شێوازێکی سیاسی باسی پەیوەندییەکانی دەسەڵات ناکا و لە ئاستی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیدا سووژە وەک بەرهەمی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت خێزان، لێک دەداتەوە. شرۆڤەکارانی سیاسیتری لاکانیش، بەتایبەت جودیت باتلر و سلاڤۆی ژیژێک، لە چوارچێوەی کەلێنی ڕەگەزایەتی و چێنایەتی و ڕەخنە لە پیاوسالاری و

کاپیتالیسمدا تیۆریی لاکان بە کار دەهێنن بەڵام ئەوانیش بە شێوەی ڕاستەوخۆ باسی پەیوەندییەکانی دەسەڵات ناکەن؛ وەک ئەوەی کە چەمکی پەیوەندییەکانی دەسەڵات چەمکێکی ئاشکرا بێ کە پێویست ناکا تیۆریزە بکرێ. بەڵام کێشەی سەرەکی بۆ بندەست ئەوەیە کە بە شێوازی تیۆریک لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات ناگا.

هەربۆیە لێرەدا دەبێ بچینە سەر ئەو تیۆریانەی کە پەیوەندییەک لە نێوان پێکهاتە گەورەکان و سووژە ساز دەکەن؛ بەتایبەت پەیوەندیی نێوان کۆلۆنیالیسم و سووژەی نەتەوەیی بندەست، کاپیتالیسم و سووژەی چەوساوەی بندەست، و پیاوسالاری و سووژەی ڕەگەزیی بندەست. لە ڕاستیدا سێ کەلێنی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا (واتە کەلێنی نەتەوەیی، چینایەتی و ڕەگەزایەتی) بەتەنیا لەسەر بنەمای هێزە کۆمەڵایەتییەکان دانەمەزراون بەڵکوو لە سووژەدا سەقامگیر کراون و بوونەتە هۆی شێوازی ڕوانین، لێکدانەوە و کردەوەی بندەستانە. واتە بندەستی تەنیا بابەتێکی زەینی نییە بەڵکوو ماددیەتی هەیە و خۆی لە کردەوەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەخا. هەربۆیە بۆ ناسینی پێکهاتەی سووژەی بندەست دەبێ لە کردەوە کۆمەڵایەتییەکان وەک شوێنی دەرکەوتنی پێکهاتەکانی ئیدیۆلۆژیی بندەستەکان بکۆڵینەوە.

کردەوە کۆمەڵایەتییەکان، لە چاکەخۆشییەکی ئاساییەوە هەتا دانوستانی سیاسی، دەرخەری پێکهاتەکانی بندەستی و سەردەستییە. سووژەی بندەست خۆی پێ کەمە و لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سەردەستدا ئەو خۆبەکەمزانینە

دەردەکەوێ؛ لە سوورهەڵگەڕانی کوڵمەوە هەتا قسەکردن بە زمانی سەردەست (لێرەدا زمانی سەردەست تەنێ بە واتای زمانی نەتەوەی سەردەست نییە بەڵکوو لە چوارچێوەی یەک زمانیشدا شێوەزاری کۆمەڵایەتیی چینایەتی و ڕەگەزایەتی وەک زمانی سەردەست خۆی دەنوێنێ. بۆ نموونە، هەژارێک کە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەمەندەکاندا هەوڵ دەدا وشەکانی ئەوان بە کار بهێنێ یان ژنێک کە "پیاوانە" قسە دەکا). ئەوە جگە لە هەموو ئەو خوڕافە و کلیشانەی کە بندەستەکان سەبارەت بە خۆیان هەیانە کە خۆی لە زماندا دەردەخا.[١] زمان چ بۆ نەتەوەی بندەست و چ بۆ نەتەوەی سەردەست تەنێ ئامێری پەیوەندی نییە بەڵکوو هەڵگری کولتوور و ئیدیۆلۆژییەکی تایبەتە. کاتێک بندەستێک بە زمانی سەردەست قسە دەکا، بە شێوازی ناڕاستەوخۆ دان بە گەورەتربوونی سەردەست دادەنێ. پێچەوانەکەشی ڕاستە: کاتێک بندەستێک نکۆڵی لە گرینگیی زمانی سەردەست دەکا و بە زمانی خۆی قسە دەکا، گەورەترین زەبر لە گەورەیی سەردەست دەوەشێنێ. ئەو بابەتە بەتایبەت لە کاتی پەروەردەکردنی منداڵدا ڕەنگ دەداتەوە.

پێکهاتەکانی بندەستی لە منداڵییەوە بەرهەم دێن و لە نەستی سووژەی بندەستدا ڕۆ دەچن و دواتر بە شێوازی جۆراوجۆر بەرهەم دێنەوە و لە سووژەدا سەقامگیر دەکرێن و لە کۆمەڵگەی بندەستدا بەدامەزراوەیی دەکرێن. تاکێک کە لە

---

[١] مەسەلی وەک گوێلکی خۆماڵی بە گا ناشێ، ژنیان ژن گوتووە و پیاویان پیاو، خودا هەتا شاخ نەبینێ بەفری ناوێتێ و هتد.

منداڵییەوە پێی دەڵێن کورد وەک عەجەم زانا نییە، ژن وەک پیاوی پێ ناکرێ و هەژار وەک دەوڵەمەند گرینگ نییە کاتێک کە گەورە دەبێ دەبێتە سووژەی بکەری ئەو ئیدیۆلۆژییە. دالەکانی نێو ئیدیۆلۆژی کە لە لایەن کۆمەڵگەوە بەسەریدا سەپاون، نەستی ئەو پێک دەهێنن و کردەوەکانی دیاری دەکەن. بەڵام هەروەک باس کرا ئیدیۆلۆژی تەنیا لە زمان پێک نایە بەڵکوو دامەزراوەی کۆمەڵایەتی هەیە؛ ئەو دامەزراوانەی کە سووژە لە دەفری دەسەڵاتدا بەرهەم دەهێنن و ئیدیۆلۆژییەکە بەرهەم دەهێننەوە. لە کۆمەڵگەی بندەستدا هەموو دامەزراوە فەرمییەکان لە سازکردنی سووژەی بندەستدا بەشدارن لەبەر ئەوەی کە ئەم دامەزراوانە لە لایەن سەردەستەکانەوە ڕێکخراون و پیویستە بەرژەوەندییەکانی ئەوان بپارێزن.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە ئاسۆی ڕزگاری داخراو نییە و بندەست بۆ هەمیشە لە دۆخی بندەستیدا نامێنێتەوە لەبەر ئەوەی کە سوبژێکتیڤیتە دیاردەیەکی هاڵۆزترە لەوەی کە سەردەستەکان بیری لێ دەکەنەوە. مێکانیسمەکانی سوبژێکتیڤیتە گەورەترین بەربەستن بۆ پرۆژەکانی درێژەدان بە سەردەستی. یەکێک لەو مێکانیسمانە شتێکە کە دەتوانین پیی بڵێین ساتی سپارتاکووسی.

**ساتی سپارتاکووسی: لە سووژەی بندەستەوە بەرەو سووژەی سەروەر**

هەروەک باس کرا، دامەزراوە فەرمییەکانی کۆمەڵگەی بندەست خەریکی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی سووژەی بندەستن. بەڵام هەستی بندەستی و ئارەزووی ڕزگاری بەردەوام دەبێ و سووژەی بندەست لە خاڵێکی تایبەتدا بە دژی

سەردەست ڕادەپەڕێ؛ ساتی سپارتاکووسی. ئەو مێکانیسمە چۆنە؟ ئەگەر دامەزراوەکانی بەرهەمهێنەری بندەستی ئەرکی خۆیان بە جوانی ئەنجام دەدەن، چۆن سووژەی بندەست دەگاتە ئەو خاڵە کە ڕاپەڕین بکا؟ خودی ئەم بابەتە سروشتی هاڵۆزی سووژە دەردەخا. ئەوە پێمان دەسەلمێنێ کە سووژەی ڕزگاریخواز تەنیا بەرهەمی ئیدیۆلۆژی نییە بەڵکوو ئەو فەزا دەروونییە زیادییەی دەمێنێتەوە و لە دەرەوەی ئیدیۆلۆژیی باودا بیر دەکاتەوە، دەتوانێ ببێتە سووژەی ڕزگاریخواز.

سووژەی بندەست بە هۆی گەڕانەوەی جاروباری بابەتی ڕاستەقینە[١] (بە واتای لاکانی) کە دەبێتە هۆی تێکدانی نەزمی سەمبۆلیکی سازکراوی سەردەست، لە ساتێکدا تێدەگا کە ئەو دەسەڵاتەی سەردەست هەیەتی، هی خۆی نییە بەڵکوو هی بندەستەکانە کە بە سەردەستیان بەخشیوە! لەویش گرینگتر ئەوەیە کە سووژەی بندەست تێدەگا کە ئەویش دەتوانێ ببێتە خاوەنی سەروەری. سەروەری[٢] دۆخێکە کە دەسەڵاتی ڕەهای نێو ماڵی خۆت هەیە (واتە هیچ دەسەڵاتێک لە سەرەوەی دەسەڵاتی خۆت نییە) و وەک ئەوانی دیکە دەتوانی بڕیار بۆ خۆت بدەی، بەتایبەت لە قەیرانەکان و ساتە هەستیارەکاندا؛ واتە نە بندەستی و نە سەردەست. ئەو تێگەیشتنە ساتی لەدایکبوونی سووژەی ڕزگاریخوازە. بەڵام ئەو تێگەیشتنە سووبژێکتیڤە بۆ ڕاپەڕین بەس نییە. پێویستە سووژەی بندەست بگاتە ئەو ئاکامە کە ئیدی ناتوانێ درێژە بە مانەوە لە دۆخی بندەستیدا بدا. سووژەی

---

1 the Real

2 sovereignty

بەکۆ لە ساتێکدا کە زۆر ماددی و ئۆبژێکتیڤە و تێکەڵاوی بێهیواییە، بەو ئاکامە دەگا کە ئیدی ناتوانێ درێژە بە ژیانی بندەستی بدا تەنانەت ئەگەر هەموو ئەو شتانەی کە پێشتر خۆی وەک دەستکەوت پێناسەی بۆ دەکرد، لە دەستی بدا. بندەست تێدەگا کە ئەو شتانەی وەک دەستکەوت بۆ خۆی پێناسەی کردووە، لە زنجیر زیاتر نین و زنجیر شیاوی ئەوە نییە ژیانی خۆی لە چوارچێوەی ئەودا تێپەڕ بکا. ئەوە ساتی ڕاپەڕینە. ئەو ساتەیە کە داگیرکەر لە پەیوەندیی کۆلۆنیالیستیدا و پیاوسالار لە پەیوەندیی جێندریدا لێی دەترسێ. ئەو ساتە لە زۆربەی کاتەکاندا لەگەڵ توندوتیژی تێکەڵاو دەبێ. وەک فانۆن دەڵێ "یەکەم گولله". فانۆن دەڵێ کاتێک بەکۆلۆنیکراو یەکەم گولله بتەقێنێ پەیوەندیی ترس لە نێوان کۆلۆنیالیست و بەکۆلۆنیکراو پێچەوانە دەبێتەوە واتە ئەو جارە سەردەستە کە لە بندەست دەترسێ. فانۆن دەڵێ یەکەم گولله نەک هەر کۆلۆنیالیست دەترسێنێ بەڵکوو کەسایەتیی بەکۆلۆنیکراو و ترساو دەکووژێ و دەبێتە هۆی لەدایکبوونی سووژەیەکی ئازاد. ئەو بابەتەی فانۆن سەبارەت بە کۆلۆنیالیسم ئاماژەی پێ دەکا، دەکرێ بەرفراوانتر بکرێ و هەموو جۆرەکانی بندەستی بگرێتەوە.

سووژەی بندەست لە کاتی بەکارهێنانی توندوتیژیدا هەست بە چێژی دەسەڵات دەکا؛ ئەو دەسەڵاتەی کە بە ساڵان لێی بێبەش کراوە و سەردەست بۆ خۆی پاوانی کردووە. بندەست تێدەگا کە سەردەست لەبەر ئەوە چەند ساڵان توندوتیژی لێ بڤە کردووە کە توندوتیژی دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی دەسەڵات بۆ گۆڕینی جیهان و جێبەجێکردنی ئەجێندای خۆی. هەربۆیە بندەست سەرەڕای هەموو

کێشەکانی بەکارهێنانی توندوتیژی دەست لە زەبروزەنگ هەڵناگرێ و هەتا کۆتایی دۆخی بندەستی درێژە بە توندوتیژی دەدا چونکە تاکە ڕێگای ڕزگاریی ئەوە. بەڵام ئاشکرایە کە توندوتیژیی ڕزگاریخواز تەنێ یەک فۆرمی نییە و ئەوە دەگەڕێتەوە سەر شێوازی داڕشتنی ستراتێژیی ڕزگاریخواز. ئەو توندوتیژییە جیاوازە لە *شەڕی خۆبەزێن* کە زۆربەی کاتەکان بندەستەکان بە هەڵە تێیدەکەون. شەڕی خۆبەزێن نابێتە هۆی ڕزگاری و تەنانەت نەسلەکانی داهاتووی بندەستەکان لە بەکارهێنانی توندوتیژی دەترسێنێ و دەیانکاتە ریفۆرمیست کە فۆرمێکی دیکەی بەرهەمهێنانەوەی بندەستییە.

## سادیسمی ڕزگاریخوازان

بەکارهێنانی توندوتیژی ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە. چێژوەرگرتن لە بەکارهێنانی توندوتیژی دەتوانێ سنوورەکانی ڕزگاریخوازی ببەزێنێ و ببێتە نەخۆشییەکی دەروونی و تایبەتمەندییەکی بەردەوامی سیستمی تازەدامەزراو لەدوای ڕزگاری، واتە سادیسمی ڕزگاریخوازان. ئەو مێکانیسمە دواتر دەتوانێ نەک هەر بە دژی سەردەست بەڵکوو بە دژی بندەستیش بە کار بێ و دیالێکتیکی بێبڕانەوەی توندوتیژی ببێتە هۆی کارەسات. دیکتاتۆرییەکانی دوای ڕزگاریی نەتەوەیی و چینایەتی کە بە بیانووی پاراستنی دەستکەوتەکانی خەبات بەسەر وڵاتێکدا دەسەپێن، بەرهەمی بەکارهێنانی توندوتیژی لە قۆناغی خەباتدان. چێژوەرگرتن لە توندوتیژی، تەنانەت لە خەباتی ڕەگەزایەتیشدا بەرچاوە. ئەو ژنانەی هەست بە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر پیاواندا دەکەن، ڕادەی توندوتیژییان چی وا لە پیاوان

کەمتر نییە؛ هەرچەندە لەوانەیە توندوتیژی ژنان لەگەڵ پیاوان جەستەیی نەبێ و زمانی یان سەمبۆلیک بێ. بەرهەمهاتنەوەی توندوتیژی (و تەنانەت زیاتربوونی توندوتیژی) لەدوای سەرکەوتن بووەتە هۆی چوونە ژێر پرسیاری شۆڕشەکان. ستالینیسم لە یەکێتیی سۆڤیەت و مائۆئیسم لە جیهانی سێهەم، دیکتاتۆرییەکانی دوای دەرکردنی کۆلۆنیالیستەکان و بەپیاوبوونی ژنانی فێمینیستی رادیکال نموونەکانی شکستی شۆڕشی چینایەتی، نەتەوایەتی و ڕەگەزایەتین.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو کێشانە، بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ گەیشتن بە ڕزگاری لە زۆربەی کاتەکاندا وەک پێداویستییەکی مێژوویی دەردەکەوێ لەبەر ئەوەی کە ئاشکرایە سەردەست بە هاسانی دەست لە بەرژەوەندییە وێناکراوەکانی خۆی لە درێژەدان بە ڕاگرتنی بندەستەکان لە دۆخی بندەستیدا هەڵناگرێ. کێشەی بندەست لەوەدا نییە کە توندوتیژی بە کار بهێنێ یان نا بەڵکوو لە *شێوازی* بەکارهێنانی توندوتیژیدایە. ئەگەر شێوازی بەکارهێنانی توندوتیژی گونجاو نەبێ و بندەست تووشی شەڕی خۆبەزێن بێ یان توندوتیژی بەدژی هاوچەشنەکانی خۆی بە کار بهێنێ یان لەدوای سەرکەوتن درێژە بە توندوتیژی بدا، قووڵایی بندەستیی خۆی زیاتر دەکا. لێرەدایە کە ستراتێژیی بەکارهێنانی توندوتیژی زۆر گرینگتر لە هەڵبژاردنی توندوتیژی وەک ڕێگای ڕزگاری دەردەکەوێ.

## ٢
## فەلسەفەی سیاسیی ناسنامە

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەوە، سیاسەتی چینایەتی هەتا ڕادەیەکی زۆر پەراوێز خراوە. ئێستا کێشەکانی پێوەندیدار بە ناتەبایی چینایەتی کەمتر دەبنە هۆی شەڕ و شۆڕشی کۆمەڵایەتی و کەمتر سەرنجی جەماوەر و میدیای جەماوەری بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. بەڵام سیاسەت لەسەر بنەمای ئێتنیسیتە و جێندر و داشکانەوەی مەیلی سێکسی زەقتر بووە. تیۆریستەکان هەموو ئەو بزووتنەوە و ئیدیۆلۆژییانەیان لە ژێر چەتری چەمکی "ناسنامە"دا تیۆریزە کردووە و بەم جۆرە سیاسەتەشیان گوتووە "سیاسەتی ناسنامە".

بەڵام ناسنامە چەمکێکی زۆر لێڵە و زۆر بابەت لە خۆی دەگرێ. دیارە ناسنامە شتێکی پێشتر دیاریکراو نییە بەڵکوو سازکراو (constructed)ە و دەبێ بەردەوام بەرهەم بێ و بەرهەم بێتەوە. ئەگەر جۆرەکانی ناسنامە دابەش بکەین، دەکرێ بڵێین ناسنامە دەتوانێ بە دوو شێواز بەرهەم بێ: ئەگەر کەسێک یان گرووپێک بیەوێ خۆی جیاواز دەرخا، نکۆڵی لەو بەها و نۆرمانە دەکا کە بەسەریدا سەپاوە. دەتوانین بە وەها ناسنامەیەک بڵێین "ناسنامەی نەرێنی" (نێگاتیڤ). لە ڕاستیدا سووژە لە وەها دۆخێکدا بەردەوام دەڵێ کە چ نییە یان چی ناوێ. بەڵام ئەگەر

بیەوێ بۆ پێناسەکردنی ناسنامەی خۆی بڵێ کە چییە و چی دەوێ، ئەوە دەبێتە ناسنامەی ئەرێنی (پۆزیتیڤ).[١]

ناسنامەی نەرێنی لە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا بۆ گرووپێکی مرۆیی دەستەبەر دەبێ. لێرەدا ناسنامەی ئەو گرووپە دەبێتە ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە بەراورد لەگەڵ "ئەویدی"یەوە بە دەستی هێناوە (وەک ئەوەی کە کورد عەجەم یان عەرەب نییە). بەڵام ناسنامەی ئەرێنی دەبێتە ئەو تایبەتمەندییانەی کە گرووپێکی مرۆیی دەیەوێ هەیبێ یان بە دەستی بهێنێ (وەک هەوڵی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئەو تایبەتمەندییانەی کە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت پێویستن). دیارە تایبەتمەندی وەک زمان، نەژاد، ئایین و هتد دەتوانن ئەو جیاوازیانە ساز بکەن. گرووپێکی تایبەت تەنیا کاتێک دەتوانێ بگاتە ئاستی دەرخستنی تواناکانی خۆی کە لە قۆناغی داکۆکیکردن لە ناسنامەی خۆی بە شێوەی نەرێنی بێتە دەر و بەردەوام نەڵێ کە چی نییە و چی ناوێ بەڵکوو بڵێ کە چییە و چی دەوێ. بەڵام تێگەیشتن لەو بابەتە کە مرۆڤ چی دەوێ، کارێکی هاسان نییە و دەتوانین بڵێین کە مرۆڤ زۆربەی کات نازانێ چی دەوێ. ئاشکرایە کە ئەمە باسێکی لاکانییە و بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە پێویستە بچینە نێو دەروونشیکاریی لاکانی.[٢]

لە کاتی خەباتی سیاسیدا ئەم بابەتە کە گرووپێکی دیاریکراو چی دەوێ، کێشە لە نێوان بەشداراندا ساز دەکا چونکە بەدەستهێنانی کۆدەنگی سەبارەت بە ناسنامەی نەرێنی زۆر هاسانترە لە بەدەستهێنانی کۆدەنگی سەبارەت بە ناسنامەی ئەرێنی. هەر ئەوەشە کە دارِشتنی ستراتێژیی ڕزگاریخواز بۆ بندەستەکان دژوار

دەکا. تەنانەت کەسێکی وەک گایاتری سپیڤاک دەڵێ بندەست ناتوانێ قسە بکا! دیارە سپیڤاک جیاوازی دادەنێ لە نێوان نوێنەرایەتی (vertreten) و نواندنەوە (darstellen) و دوای مشتومڕێکی دوورودرێژ سەبارەت بە بندەستی، دەگاتە ئەو ئەنجامە کە بندەست ناتوانێ قسە بکا و ڕووناکبیری ئۆرگانیک دەبێ بە جێگەی ئەو و بە نوێنەرایەتی ئەو قسە بکا.[٣] واتە بە پێچەوانەی تێزەکەی میشێل فوکۆ (ڕووناکبیری تایبەت) کە دەیگوت ڕووناکبیر نابێ خۆی پێ خاوەنی حەقیقەت بێ و لەجیاتی گرووپەکانی مەبەستی خۆی قسە بکا بەڵکوو دەبێ دەرفەتێک بڕەخسێنێ کە هەر کەس بە جێگەی خۆی قسە بکا، تێزی سپیڤاک بە جۆرێک گەڕانەوەیە بۆ تێزەکەی ژان پۆل سارتر سەبارەت بە ڕووناکبیری یونیڤێرسال. دیارە سارتر باوەڕی وا بوو کە ئەرکی ڕووناکبیر ئەوەیە کە داکۆکی لە مافی بندەستەکان بکا و بە نوێنەرایەتیی ئەوان قسە بکا.

لێرەدایە کە ڕۆڵی ڕووناکبیر وەک ئێلیتی هزری دەردەکەوێ. بەتایبەت کاتێک کە بابەتێکی وەک ناسنامە دێتە گۆڕێ، سەرلێشێواویی خەڵکی ئاسایی بە ڕادەیەکە کە ڕووناکبیر ناچارە بۆ ڕێبەرایەتیی هزریی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز، خۆی ئەرکی دیاریکردنی ماکەکانی ناسنامە لە ئەستۆ بگرێ. ئەم ئەرکە قورسە زۆرتر بە ڕێگەی زیندووکردنەوەی زمان، وێژە، مێژوو و فۆلکلۆر دەکرێ بەڵام ئەگەر نەخرێتە چوارچێوەیەکی سیاسییەوە، تەنیا جۆرێک جیاوازیی کولتووری بەرهەم دەهێنێ کە لەڕووی ستراتێژیکەوە نەزۆکە. هەروەها پێویستە سەرنج بدەین بەم

خاڵە گرینگە کە پێشکەشکردنی پێناسە بۆ ناسنامە بە تاکەکەسێک ناکرێ و پێویستە چەشنێک کۆدەنگی لە نێوان ئێلیتی هزریی هەر نەتەوەیەکدا هەبێ.

**ئاستەکانی دیاریکردنی ناسنامە**

دیارە هەر مرۆڤێک لە چەندین ئاستدا خاوەنی ناسنامەیە بەڵام بەپێی ئیدیۆلۆژیی زاڵ بەسەر هەر بڕگەیەکی مێژووییدا، یەکێک لە ئاستەکان خۆی گرینگتر دەردەخا. ئەو ئاستانە بریتین لە: ئاستی تاکەکەسی، ئاستی خێزانی، ئاستی هۆز، ئاستی ناوچەیی، ئاستی نەتەوەیی، ئاستی ئەوبەری-نەتەوەیی، ئاستی کیشوەری و ئاستی جیهانی. لە زۆربەی ساتەکاندا، ئەو ئاستانە پێکەوە ناتەبا دەردەکەون و سووژە تووشی دیاردەیەک دەکەن کە پێی دەڵێن "قەیرانی ناسنامە". لە ڕاستیدا شەڕی ئیدیۆلۆژییەکان لەسەر سەقامگیرکردنی ناسنامەیەکی دیاریکراو بۆ سووژە و دەربازکردنی ئەو لە قەیرانی ناسنامەیە.

ئیدیۆلۆژیی کۆسمۆپۆلیتەن داوا لە سووژە دەکا کە خۆی تەنیا وەک مرۆڤ (یان وەک دیۆژێن دەیگوت "هاووڵاتیی جیهان") بناسێ و بناسێنێ بەڵام ئیدیۆلۆژیی تاکباوەڕی (ئەندیڤیدوٚئالیسم) داوای لێ دەکا کە تەنیا پێداگری لە سەر تاکێتیی خۆی بکا. بەڵام ئەم دوو ئیدیۆلۆژییە هەتا ئێستا نەیانتوانیوە لە بواری سیاسیدا خەڵک بجووڵێنن چونکە لەسەر بنەمای بیرۆکە (ئیدە)ی مرۆڤ دامەزراون، نەک لە سەر بنەمای ماتریال. دیارە مرۆڤ تەنیا لە چوارچێوەی گرووپی کۆمەڵایەتیدا خاوەن ناسنامەی سیاسی دەبێ و دەتوانێ خۆی ڕێکبخا چونکە سیاسەت لەسەر بنەمای ڕێکخستن دەکرێ و هەر ڕێکخستنێکیش پێویستیی بە چەند مرۆڤ

هەیە. پێش سەردەمی مۆدێرن ئاستی هۆز زۆر گرینگ بوو بەڵام دوای پەرەسەندنی کاپیتالیسم، هۆز وردەوردە کاڵ بووەوە و ئێستا تەنیا لە ناوچە دواکەوتووەکاندا ڕۆڵی سیاسی دەگێڕێ (هەرچەندە لەوانەیە ڕۆڵێکی پێشکەوتنخوازانە بگێڕێ چونکە هۆزەکان هەڵگری چەندین تایبەتمەندی کولتووری-سیاسین کە دەتوانن ناسنامەی نەتەوەیی بەرهەم بهێننەوە).

لە سەردەمی مۆدێرندا ناسیۆنالیسم گرینگترین ئیدیۆلۆژییە. ناسیۆنالیسم داوا لە سووژە دەکا کە خۆی وەک ئەندامێکی نەتەوەیەکی دیاریکراو بناسێ و بناسێنێ و ژیانی خۆی بەپێی ئیدیۆلۆژیی ناسیۆنالیستی تێپەڕ بکا. ئەگەر کوردێک بچێتە ئەمریکا لەوانەیە ناسنامەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی یان ناسنامەی ئاسیایی بۆ ئەو گرینگ بێ بەڵام هەتا ئێستا ئەو ئیدیۆلۆژییانەی داوا لە سووژە دەکەن کە خۆی وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی و ئاسیایی بناسێنێ، نەیانتوانیوە کەس بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و ڕاستەقینەیەک بەرهەم بهێنن چونکە جیهانی مۆدێرن پانتای بەربەرەکانی و ناتەبایی نەتەوەکانە، نەک کیشوەرەکان. تەنیا ئیدیۆلۆژیی ئەورووپا-باوەڕی، پێوەندییەکی دیالێکتیکی لەگەڵ ڕاستەقینەیەک بە ناوی "یەکێتیی ئەورووپا" هەیە کە ئەویش مشتومڕی زۆری لەسەرە و دیار نییە داهاتووی ئەو پێکهاتەیە چی لێدێتەوە. بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێ کە ئێستا ناسنامەیەکی ئەوبەری-نەتەوایەتی بە ناوی ئەورووپایی هەیە.

لێرەدا بابەتێکی دیکە بە ناوی ئایین دێتە گۆڕێ کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ناسنامەوە هەیە. ئایین هەوڵ دەدا وەک ئیدیۆلۆژییەک هەموو جیهان

بگرێتەوە و بانگەشەی یونیڤێرسالبوون دەکا چونکە بڕیار وایە ڕستەکانی ئایین لە هەموو کات-شوێنێکدا ڕاست دەربچن. بەڵام ئەو "جیهان"ەی ئایین پێی وایە لەوێدا ڕاستییەک دەردەخا، لە زۆربەی کات-شوێنەکاندا زۆر سنوورداره. ناسنامەی ئایینی ناتوانێ هەموو ناسنامە خێزانی-نەتەوەییەکان تێپەڕێنێ و سووژەیەکی وا بخولقێنێ کە ئەو ئاستانەی بە لاوە گرینگ نەبێ چونکە ئایین خۆی لە بەستێنێکی کات-شوێنمەنددا پەیدا بووە و بە ناچاری لەو ناسنامانە گرێ دراوە (بۆ وێنە، زمانی دەقە ئایینییەکان بە ناچار زمانی نەتەوەیەکی دیاریکراوە و هەر ئەوەش پێگەیەکی تایبەت بەو نەتەوەیە دەبەخشێ). پێش سەردەمی مۆدێرن، ئایین وەک ناسنامەی بەشێکی زۆر لە مرۆڤەکان دەیتوانی لە هەندێک کات-شوێندا بەسەر سووژەکاندا زاڵ بێ و ڕاستەقینەی وەک شەڕی خاچپەرستان و موسوڵمانان بخولقێنێ بەڵام تەنانەت ئەو کاتانەش زاڵبوونی نەتەوەیەکی تایبەت بەسەر ئایینەکاندا ئاشکرا بوو. دیارە لە سەردەمی مۆدێرندا، بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیسمی مۆدێرن، ئایین وەک ئیدیۆلۆژییەکی یونیڤێرسال پەراوێز خرا و تەنیا بوو بە ئامرازی دەستی کۆلۆنیالیستەکان بۆ پاساوهێنانەوە بۆ داگیرکاری (وەک کاری میسیۆنێرە مەسیحییەکان)، یان بوو بە ئامرازی دەستی کاپیتالیسم بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە (وەک کلیسای پرۆتستان)، یان بوو بە ئامرازی دەستی فۆرماسیۆنەکانی پێش کاپیتالیسم بۆ دەربازبوون لە بازنەی ناتەواوی دواکەوتوویی و هەنگاونان بەرەو کاپیتالیسم (وەک ئیسلامی سیاسی). بەڵام لێرەشدا نکۆڵی لەوە ناکرێ کە ئێستاش جەماوەرێکی زۆر لە وڵاتە

دواکەوتووەکان ناسنامەی خۆیان بە ئایین پێناسە دەکەن و دەیانەوێ لە ئاستێکی ئەوبەری-نەتەوایەتیدا ناسنامەیەکی ئایینی بخوڵقێنن. یەکێک لەو دیاردانەی ڕێگەی بۆ وەها ناسنامەیەک خۆش کرد، تێکچوونی بلۆکی بە ناو کۆمونیست بوو.

**بەسیاسیبوونی ناسنامە**

لە ساڵەکانی دوای تێکچوونی یەکێتیی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات، کاتێک کێشەی نەتەوەیی بە شێوەیەکی بێوێنە زەق بووەوە و هەژماری وڵاتە سەربەخۆکان لە ماوەیەکی کەمدا بەرز بووەوە، سیاسەتی نەتەوەیی بوو بە جۆرێکی بەرچاو. هەروەها کێشەی ژن بوو بە هۆی زەقبوونی سیاسەتی ژنانە. جگە لەوانە لە هەندێک شوێنی جیهان، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئایین وەک هێزێکی ناسنامەخواز هاتەوە نێو پانتای سیاسەت. هەموو ئەوانە لە پەنا کێشەی LGBT سیاسەتی ناسنامە پێکدەهێنن.[١]

بەڵام لەو نێوەدا کێشەی نەتەوایەتی لە هەموو کێشەکانی دیکە گرینگترە چونکە هەموو بوارەکانی سیاسەت، ئابووری، کولتوور و ژینگە دەگرێتەوە. ئەو نەتەوانەی کێشەی لەمێژینەیان لەگەڵ کۆلۆنیالیستەکان هەیە، ئێستاکە زۆر ڕادیکاڵتر بوون لە جاران. پێش تێکچوونی یەکێتیی سۆڤیەت، زۆربەی ئەو نەتەوانەی تووشی کۆلۆنیالیسم ببوون (کورد، کاتالان، باسک، تامیل، ئیرلەند و ...)، داوای ئۆتۆنۆمی یان فێدرالیسمیان دەکرد بەڵام ئێستا زۆربەیان داوای سەربەخۆیی دەکەن. دیارە ڕادیکالبوونی داواکارییەکان، ڕادیکالبوونی ستراتێژی لێدەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی زیادبوونی توندوتیژی.

بەڵام لەڕووی فەلسەفییەوە، ناسنامە چۆن گەیشتە ئەو پێگەیە کە هەموو لایەنەکانی دیکەی سیاسەت پەراوێز بخا و خۆی ببێتە ناوەندی کێشەکان؟ یان ناسنامە چۆن بەسیاسی بوو؟ وەڵامی ئەو پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکاریی برگەیی لە سیستمی جیهانیدا کە بووەتە هۆی بێبایەخبوونی ڕستە ئیدیۆلۆژیکەکانی یەکرێزیی مرۆڤەکان. ئیدیۆلۆژیی وەک ئۆمانیسم و ئەنترناسیۆنالیسم سەدان ساڵە بە خەڵکی دەڵێن: "ئێمە هەمووومان مرۆڤین. خوشک و برای یەکدین و دەبێ پێکەوە باش بین. بە هاوکاریی یەکدی دەتوانین جیهانێکی باشتر بخوڵقێین و ..." بەڵام ئەو ڕستانە، هەوڵدان بۆ خوڵقاندنی جۆرێک جیهانی سەمبۆلیک و خەیاڵییە. جیهانی سەمبۆلیک هەتا شوێنێک دەتوانێ سووژەکان ڕەگەڵ خۆی بخا کە لە لایەکەوە کردەوەکانی سووژە بانگەشەکەرەکان لەگەڵ بنەما ئیدیۆلۆژیکەکان یەک بگرنەوە و لە لایەکی دیکەوە، سیستمی جیهانی پێویستی پێی هەبێ. دیارە لەو ڕوانگەیەوە، ئیدیۆلۆژی وەک داپۆشێنەرێک وایە کە ناکۆکییەکانی نێو کۆمەڵگەی مرۆیی دەشارێتەوە و خودی وەهمی "کۆمەڵگەی مرۆیی"ش ساز دەکا. بەڵام لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی مرۆیی بوونی نییە و هەرچی هەیە کۆیەک لە تاکەکان و گرووپەکانن کە زۆر پێکەوە ناتەبان. ئیدیۆلۆژی ئەم ناتەباییانە دەشارێتەوە.

بۆ وێنە، لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا کۆمونیستە ڕووسەکان لە ژێر ڕواڵەتی ئیدیۆلۆژیی ئەنترناسیۆنالیستیدا خەڵکانێکی زۆریان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا و گوتیان یەکێتیی سۆڤیەت وڵاتی هەموو کۆمونیستەکانی جیهانە و

کۆمونیستەکانیش هەموو پێکەوە برادەرن. بەڵام ئەو شتەی دواتر دەرکەوت ئەوە بوو کە نەک هەر یەکێتیی سۆڤیەت برادەری کۆمونیستەکانی دیکە نەبوو بەڵکوو هێزێکی زاڵ و سەرکوتکەر بوو کە کۆمونیستەکانی هەموو جیهانی وەک کۆیلەی خۆی سەیر دەکرد. لە نێوخۆی یەکێتیی سۆڤیەتیشدا برایەتیی گەلان بە واتای ئەوە بوو کە هەموو نەتەوە نا-ڕووسەکان بندەستی ڕووسەکان بن و بە قسەی براگەورەی خۆیان بکەن. وەک جۆرج ئۆروێل گوتی: هەموو پێکەوە یەکسانن بەڵام هەندێک یەکسانترن!

بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ئەو وەهمانە بە هۆی گۆڕانی بڕگەیی سیستمی جیهانی و شۆڕشی پەیوەندییەکان لاواز بوون و ناتوانن سووژەکان هەڵخەڵەتێنن و "ڕاستەقینە" ناتوانێ بەرهەم بێتەوە. ئەو شتەی کە ئێمە پێی دەڵێین ڕاستەقینە، بێ ئیدیۆلۆژی ناتوانێ بوونی هەبێ. بە سەرنجدان بە پەیوەندیی نێوان ئیدیۆلۆژی و ڕاستەقینە، چوونە ژێر پرسیاری ئیدیۆلۆژیی زاڵ دەبێتە هۆی زەقبوونەوەی ئیدیۆلۆژییەکی دیکە چونکە مرۆڤ ناچارە ئیدیۆلۆژییەکی هەبێ؛ تەنانەت ئەگەر ئەو ئیدیۆلۆژییە تەنیا تاکباوەڕی و چێژخوازی بێ.

سەبارەت بە بەسیاسیبوونی ناسنامە، پێم وایە ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی بەسیاسیبوونی ناسنامە، باوەڕ بە دژایەتیی ئاشتی-هەڵنەگرە. کاتێک گرووپێک بگاتە ئەو ئاستە لە تێگەیشتن کە بوون و بەرژەوەندی و مەیلەکانی ئەو لەگەڵ بوون و بەرژەوەندی و مەیلەکانی گرووپێکی دیکە لە پەیوەندییەکی ئانتاگۆنیستیدایە، تەنیا یەک ڕێگەی بۆ دەمێنێتەوە کە خۆی بپارێزێ و گەشە بکا

ئەویش "دەوڵەت"ە. دەوڵەت ئەوپەڕی دەسەڵات و ناسنامەی سیاسییە و هەتا کاتێک کە ناسنامەخوازان نەگەنە ئەو باوەڕە کە پێویستە دەوڵەتی خۆیان هەبێ یان دەوڵەتێکی دیکە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان، ناسنامەکەیان سیاسی نییە چونکە سیاسەت واتە دەوڵەت. دوژمنانی ناسنامەخوازانیش ئەوە دەزانن هەر بۆیە هەوڵ دەدەن کە ویستەکانی ناسنامەخوازان لە ئاستێکی نزمی کولتووریدا بهێڵنەوە و نەهێڵن بگاتە ئاستێکی سیاسی و بەرەو بەدەوڵەتبوون یان کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتی ئێستا هەنگاو بنێن.

تێکنیکێکی بەرهەمهێنانەوەی زاڵێتی[1] کە ئێستا بە کار دێ، ئەوەیە کە داوا لە ناسنامەخوازان دەکرێ بە شێوازی پچڕپچڕ داوای مافەکانیان بکەن. بۆ وێنە، داوا لە نەتەوە بندەستەکان دەکرێ کە داوای زمان، موزیک، هەڵپەڕکێ، جلوبەرگی ڕەسەن، بیناسازی و ئەو جۆرە تایبەتمەندییە کولتووریانە و هەروەها گەشەی ئابووری بکەن بەڵام هەموو ئەو داواکارییانە نەکەنە بوغچەیەک (پەکەیجێك) و نەیخەنە بەردەم دەوڵەتەکانەوە. مەبەستی دەسەڵاتی زاڵ ئەوەیە کە کێشەی ناسنامە بەسیاسی نەکرێ چونکە کاتێک ببێتە سیاسی، دەسەڵات بۆ بندەستەکان بەرهەم دەهێنێ و کێشە بۆ سەردەستەکان ساز دەکا.

[1] dominance

# ٣
# پێکهاتەی دەوڵەتی مۆدێرن

دەوڵەت، وەک سەرەکیترین پێکهاتەی دەسەڵاتی سەردەمی مۆدێرن، وەک دابڕانێک لە مێژووی پێش-مۆدێرن دەردەکەوێ. ئەگەر لە سەردەمی پێش-مۆدێرندا دەوڵەت پێکهاتەیەکی دەسەڵاتی پیرۆز و دوورەدەست بوو کە تەنێ فەرمانڕەوا دەیتوانی بیر لە ئاراستەی جووڵەی ئەو بکاتەوە، لە سەردەمی مۆدێرندا بوو بە پانتای ململانێی دەسەڵاتی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو خەونانەی بە دەسەڵاتی سیاسی جێبەجێ دەکرێن، بەتایبەت بۆ نەتەوەکان، چینەکان و ڕەگەزەکان. ئەم بابەتە، واتە تێگەیشتن لە دەوڵەت وەک *پەیوەندی* (نەک وەک *دارایی*)، زۆر گرینگە چونکە دامەزراوەکانی دەوڵەتیش بەرهەمی هاوسەنگیی دەسەڵات و ململانێی نێوان هێزەکانی کۆمەڵگەن کە لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا ڕوو دەدەن. ئاشکرایە کە دامەزراوەکانی دەوڵەت لە سەردەمی پێش-مۆدێرندا زۆر ساکارتر و سنووردارتر بوون. سوپا، بورۆکراسی، پەروەردە، پیشەسازی، بازاڕ و کولتوور لە سەردەمی پێش-مۆدێرندا لە بەراورد لەگەڵ ئەو دامەزراوانە لە سەردەمی مۆدێرندا ئەوەندە دواکەوتوو بوون کە دابڕانێکی بنەڕەتی تێیاندا هەست

پێ دەکرێ و تەنێ چەمکی پرۆسەی بەعەقڵانیبوونی[1] ڤیبەر دەتوانێ ئەم دابڕانە لێکبداتەوە و بەرچاوڕوونیمان پێ بدا. هەربۆیە پێویستە بە وردی بیر لە پێکهاتەی دەوڵەت، وەک ئاواتی لەمێژینەی نەتەوە بێدەوڵەتەکان، بکەینەوە.

## پێکهاتەی جۆری نموونەیی دەوڵەت

ئەگەر بمانەوێ ڕواڵەت یان فۆرمی دەوڵەتی مۆدێرن بخەینە بەر باس، یەکەم تایبەتمەندیی ڕواڵەتیی دەوڵەتی مۆدێرن، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی حکوومەت و سەربەخۆیی سوپا، پۆلیس و سیستمی زانیاری وەک دابینکەری هێمنی و سەربەخۆیی بانکی ناوەندی وەک ڕێکخەری ئابوورییە. بەپێی تیۆریی مۆنتسکیو، پێویستە دەسەڵاتەکانی حکوومەت (یاسادانەر، جێبەجێکار و داد) چاوەدێری بەسەر یەکدیدا بکەن بۆ ئەوەی هاوسەنگیی دەسەڵات هەبێ، دەسەڵات پاوان نەکرێ و مافی هاووڵاتیان پێشێل نەکرێ(1) بەڵام جگە لەم بابەتە، ئەو چاوەدێرییە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی دەوڵەتی مۆدێرن پێویستە. تایبەتمەندیی دووهەمی ڕواڵەتیی دەوڵەتی مۆدێرن ئەوەیە کە هەوڵ دەدا خۆی وەک داکۆکیکاری "بەرژەوەندیی گشتی"[2] بناسێنێ. بەرژەوەندیی گشتی لە سەردەمی کۆنەوە پێوەری هەڵسەنگاندنی دەوڵەت بووە (بۆ نموونە، لە فۆرمەکانی دەوڵەتی ئەریستۆدا) بەڵام لە سەردەمی مۆدێرندا زۆر گرینگتر بووە.

---

[1] rationalization

[2] common good

بەگشتی، ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەک بۆ دەوڵەتی مۆدێرن پێشکەش بکەین دەتوانین بڵێین کە دەوڵەتی مۆدێرن بریتییە لە کۆی دامەزراوەکانی سیاسەت، ئابووری و کولتوور کە خاوەنی دەسەڵاتی پاوانکراوە و توانای دابینکردنی هێمنی و خۆشبژێویی هاووڵاتیان لە چوارچێوەی سنوورەکانی خاکێکی دیاریکراویدا هەیە و دەتوانێ لە کاتی پێویستدا بڕیاری چارەنووسساز بدا و سەرچاوە مرۆیی و ماددییەکان بجووڵێنێ بۆ ئەوەی سەروەری و مانەوەی نەتەوەیەک مسۆگەر بکا و هەوڵی پێشکەوتنی بدا.

دەوڵەت، لە جۆرە نموونەییەکەیدا، بۆ بەجێهێنانی دوو ئەرکی سەرەکی و چەندین ئەرکی لاوەکی پێک دێ. دوو ئەرکی سەرەکیی دەوڵەت، دابینکردنی هێمنیی درێژخایەن[1] و دابینکردنی خۆشبژێویی دادپەروەرانەیە[2]. بەڵام ئەم دوو ئەرکە ئەوەندە قووڵ و بەربڵاون کە هەموو مێژووی مۆدێرنی کردووەتە پانتای ململانێی چەندین ئیدیۆلۆژیی مۆدێرن، بەتایبەت ناسیۆنالیسم و سۆسیالیسم. لەکاتێکدا کە ناسیۆنالیسم زیاتر گرینگی دەدا بە هێمنیی درێژخایەن و بەدامەزراوەییکراو کە بە ڕێگای سەروەری، سەربەخۆیی و بەهێزکردنی لایەنی ئەمنی-سەربازی بە دەست دێ، سۆسیالیسم زیاتر گرینگی دەدا بە خۆشبژێویی درێژخایەن و بەدامەزراوەییکراو کە بە ڕێگای بەهێزکردنی لایەنی کۆمەڵایەتیی

---

[1] long-term security

[2] just welfare

پەیوەندییە ئابوورییەکان دەستەبەر دەکرێ. دیارە جۆرێک هاوگری[1]و پەیوەندییی دوولایەنە لە نێوان هێمنی و خۆشبژێویدا هەیە بەڵام لێرەدا شەڕ لەسەر گرینگتربوونی یەکێک لەو دوو ئەرکانەیە. ئەگەر لە وشەکانی ڕەخنەی ئیدیۆلۆژی کەڵک وەرگرین، دالی گەورەی ناسیۆنالیسم *نەتەوە*یە و لە توێژی یەکەمی ئیدیۆلۆژیی ناسیۆنالیسمدا هێمنی دەکەوێتە سەرەوەی هەموو دالەکان بەڵام دالی گەورەی سۆسیالیسم چینی *زحمەتکێشە* و خۆشبژێویی ئەو چینە دەکەوێتە سەرەوەی هەموو دالەکانی توێژی یەکەم. لە هەندێک لە ئیدیۆلۆژییەکان (بۆ نموونە لە سۆسیال-ناسیۆنالیسم و ناسیۆنال-سۆسیالیسم)دا ئەم دوو ئیدیۆلۆژییە پێکەوە جومگەبەندی کراون و هەوڵ دراوە هاوسەنگییەک لە نێوانیاندا ساز بکرێ بەڵام ڕادەی سەرکەوتوویی ئەو جومگەبەندییە مشتومڕی زۆری لەسەرە.

ئەرکە لاوەکییەکانی دەوڵەتیش زۆر گرینگن و لاوەکیبوونی ئەوان بە واتای گرینگنەبوونیان نییە بەڵکوو بە واتای ئەوەیە کە لە سەردەمی مۆدێرندا بە هاوبەشی لەگەڵ خێزان، دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تەنانەت ئایین جێبەجێ دەکرێن. ئەو ئەرکانە بریتین لە پاراستنی ژینگە، ئەخلاق، یەکڕیزیی کۆمەلایەتی، کولتووری نەتەوەیی، دابینکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ گەشەی بەهرەکان، شێوازی ژیان، چێژوەرگرتن لە ژیان و دابینکردنی مافی یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتیان. ئاشکرایە کە هەموو ئیدیۆلۆژییە مۆدێرنەکان خۆیان وەک لایەنگری یەکسانی دەناسێنن بەڵام *مەدلوولی* یەکسانی لە هەریەک لە

---

[1] overlap

ئیدیۆلۆژییەکاندا جیاوازە. دەزانین کە کاتێک سۆسیالیستەکان باسی یەکسانی دەکەن، مەبەستیان یەکسانی لە سامان و دەرفەتەکانی گەشەی تاکەکان و گرووپەکاندایە لەکاتێکدا کاتێک لیبرالەکان باسی یەکسانی دەکەن، مەبەستیان "یەکسانی لەهەمبەر یاسا"دایە و ئەرکی دەوڵەت دابینکردنی *دەرفەتی یەکسان* بۆ هەموو هاووڵاتیانە، نەک دابینکردنی *سامانی یەکسان* چونکە ئەم جۆرە یەکسانییە لە ڕوانگەی لیبرالیسمەوە، نادادپەروەرانەیە.

**دەوڵەتی مۆدێرن بە کردەوە**

ئەو پێناسە و تایبەتمەندییانەی لە بەشی سەرەوەدا باس کران، هی جۆری نموونەیی دەوڵەت بوون. بەڵام بە کردەوە، دەوڵەتە مۆدێرنەکان زۆر جیاوازن. هەندێکیان لە جۆری نموونەیی نیزیکن (وەک دەوڵەتەکانی سکاندیناڤیا) و هەندێک زۆر دوورن (وەک ئەفغانستان و عێراق). ئەو دەوڵەتانەی کە زۆر دوورن لە جۆری نموونەیی لە ڕاستیدا دەوڵەتی بەزیون. ئەگەر دەوڵەت نەتوانێ دوو ئەرکی سەرەکیی خۆی (واتە هێمنی و خۆشبژێوی) ڕاپەڕێنێ، دەبێتە دەوڵەتی بەزیو[1] لە وەها دۆخێکدا دەوڵەت سەروەریی خۆی لە دەست دەدا واتە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی یەکە ژوور-دەوڵەتییەکانی[2] وەک ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکە ژێر-دەوڵەتییەکانی[3] وەک گرووپە چەکدارەکان. لە وەها

---

[1] failed state

[2] supra-state units

[3] sub-state units

دۆخێکدا دەولەت ناتوانێ بە شێوەی سەربەخۆ بڕیار بدا یان بڕیارەکانی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەڕووی مێژووییەوە، دەوڵەتی مۆدێرن هەر لە سەرەتاوە بەرەوڕووی کێشە بووەتەوە چونکە دەوڵەتی مۆدێرن چەندین پرۆژەی هەبووە کە لەگەڵ "بەرژەوەندییە وێناکراوەکانی" گرووپە کۆمەڵایەتییە زاڵەکان ناتەبا بووە. یەکەم ناتەبایی لە نێوان دەوڵەتی مۆدێرن و کەسانی ئایینی دەرکەوتووە چونکە دەوڵەتی مۆدێرن دەیەویست یاسا بەپێی عەقڵی بەکۆ و دابڕاو لە ئایین دابڕێژێ بەڵام کەسە ئایینییەکان دەیانەویست ئایین سەرچاوەی یاسادانان بێ. هەروەها دەوڵەتی مۆدێرن دەیەویست سیستمی پەروەردەی مۆدێرن و دەزگای دادوەریی مۆدێرن دابمەزرێنێ بەڵام ئایینییەکان ڕێگر بوون. ئەو بەربەرەکانییە لە ئاکامدا بە سێکولاریسم و لائیسیتە کۆتایی پێهات. دووهەم ناتەبایی لە نێوان دەوڵەتی مۆدێرن (کە کەوتبووە بن دەستی بورژوازی و وردەبورژوازی) و چینی دەرەبەگ پێک هات. ئاشکرایە کە بەرژەوەندییەکانی ئەو دوو چینە لە زۆربەی وڵاتەکان ناتەبا بووە؛ هەرچەند لە هەندێک لە وڵاتەکان جۆرێک هەڤالبەندی لە نێوانیان دروست بوو (بڕوانە وتاری نۆهەم) بەڵام لەو وڵاتانەی کە بورژواکان نەیانتوانی لەگەڵ دەربەگەکان پێک بێن، کێشەی قووڵ دەرکەوت کە وەک شۆڕشێکی بورژوایی خۆی دەرخست؛ وەک شۆڕشی فەرانسە. بەگشتی، دەوڵەتی مۆدێرن ناچار بوو هەموو دژبەرەکانی خۆی لەنێو بەرێ یان لەگەڵ پرۆژەکانی مۆدێرنیزاسیۆن هاوتەرییان بکا.

## پەیوەندییەکانی دەوڵەتی مۆدێرن و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان

دەستوەردانی دەوڵەت (کە لە ژێر کۆنترۆلی چەند هێزی سیاسیی بەهێزدایە) لە کۆمەڵگەدا لە لایەک و دەستوەردانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەتدا لە لایەکی دیکەوە بووەتە هۆی هاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە لە سەردەمی مۆدێرندا. دەوڵەتی مۆدێرن کە گرووپە بەهێزەکان هەوڵ دەدەن بیکەنە نوێنەری خۆیان، هەوڵ دەدا هەموو هاووڵاتیان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە بخاتە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆلی خۆی بۆ ئەوەی بتوانێ 'پرۆژەکان'ی خۆی جێبەجێ بکا بەڵام هاووڵاتیان لەهەمبەر ئەو هەوڵانەی دەوڵەت دەستەوەستان نین و ئەوانیش هەوڵ دەدەن لە دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ ئامانجەکان و بەرژەوەندییە وێناکراوەکانی خۆیان کەڵک وەرگرن. ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت ببێتە پانتای ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکان؛ ئەگەرچی لەو ململانێیەدا هێز و نفووزی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان یەکسان نییە و گرووپە بەهێزەکان هەوڵ دەدەن هێژمۆنیی خۆیان بسەپێنن بەڵام وەک گرامشی دەڵێ دژەهێژمۆنیش بەرهەم دێ و وا نییە کە کایەکە داخراو بێ و هەموو شتێک بۆ هەمیشە لە بەرژەوەندیی گرووپی بەهێزدا کۆتایی بێ. بەڵام ئەگەر کایەی سیاسی داخراو بێ و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان هەست بکەن کە ناتوانن هیچ دەستکەوتێکیان هەبێ، کایەی سیاسی واتای نامێنێ و توندوتیژی دەست پێدەکا و گرووپە بێ-دەستکەوتەکان هەوڵ دەدەن دەسەڵاتی دەوڵەت بە دەستەوە بگرن یان جەنگ ڕوو دەدا.

وەک کلاوسویتس دەڵێ "جەنگ درێژەی سیاسەتە بە ئامرازەکانی دیکە."[٢١] کاتێک کایەی سیاسی کۆتایی پێ بێ، جەنگ دەست پێدەکا. دیارە پێچەوانەکەشی ڕاستە: واتە سیاسەتی بەڕواڵەت ئاشتیخوازانەش جۆرێک جەنگە چونکە هێزەکان بەرژەوەندیی وێناکراوی جیاوازیان هەیە و لە ململانێدان. بەڵام پرسیارێک کە لێرەدا زەق دەبێتەوە ئەوەیە کە ئەو هێزە سیاسیانەی کە لە پانتای دەوڵەتدا لە ململانێ لەگەڵ دژبەرەکانیاندان، چۆن فۆرم دەگرن. ئەوە بەسەرهاتی بوونی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بە هێزە سیاسییەکانە.

## چۆن گرووپێکی کۆمەڵایەتی دەبێتە هێزێکی سیاسی؟

هێزە سیاسییەکان بەرهەمی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانن بەڵام هەموو گرووپێکی کۆمەڵایەتی ناتوانێ ببێتە هێزی سیاسی. گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن ئەوەندە زۆر بن کە هەژمار ناکرێن بەڵام هێزە سیاسییەکان هەژماریان زۆر کەمترە. بەپێی سیستمی پۆلێنبەندی، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان جۆراوجۆر و لە-ژمارە-بەدەرن. پرسیار ئەوەیە کە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان چۆن دەبنە هێزی سیاسی؟

ئەگەر پرۆسەی بەسیاسیبوونی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو بگرین، بە کورتی دەتوانین چەندین هەنگاو دەستنیشان بکەین. ئەو هەنگاوانە بریتین لە: پێکهاتنی ئیدیۆلۆژیی بزوێنەر، پەیوەندی، ڕێکخستن، سەرۆکایەتیی لێهاتوو، جووڵاندنی سەرچاوەکان، کردەوەی سیاسی، و بەردەوامی. مەبەست لە

[1] Der Krieg ist eine bloße Fortsetzung der Politik mit anderen Mitteln.

ئیدیۆلۆژی ئەوەیە کە هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی کە بیەوێ ببێتە هێزی سیاسی، پێویستە خاوەنی ئیدیۆلۆژییەکی بزوێنەر بێ؛ ئیدیۆلۆژیی وەک ناسیۆنالیسم، سۆسیالیسم، فێمینیسم، ژینگەپارێزی و هتد. بێ ئیدیۆلۆژی هیچ ڕاستەقینەیەک ناخولقێ چونکە پەیوەندییەکی دوو-لایەنە لە نێوان ئیدیۆلۆژی و ڕاستەقینەدا هەیە بەڵام تەنیا ئەو ئیدیۆلۆژیانە دەتوانن گرووپێکی کۆمەڵایەتی بکەنە هێزی سیاسی کە ئاسۆیەکی دیکەی جگە لە دۆخی باو[1] بخولقێنن. بۆ نموونە، هیوا ببەخشن بە خەڵک و ئەندامانی گرووپی خۆیان کە دۆخێکی دڵخواز مومکینە (وەک ئیدیۆلۆژیی ناسیۆنالیستی و سۆسیالیستی) یان خەڵک لە گۆڕانێکی رادیکال بترسێنن (وەک ئیدیۆلۆژیی دژەکۆچبەری و نەژادپەرەستی). مەبەست لە *پەیوەندی*، دامەزراندنی پەیوەندیی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ، بەتایبەت پەیوەندیی نیزیک و ڕووبەڕوو، لە نێو ئەندامانی گرووپدایە. مەبەست لە *ڕێکخستن* ئەوە نییە کە ڕێکخراو دابمەزرێنن، بەڵکوو ئەوەیە کە دابەشکردنی کار لە گرووپدا هەبێ و گرووپ وەک سیستم بجووڵێتەوە. مەبەست لە *سەرۆکایەتیی لێهاتوو* ئەو کەسە یان لێژنەیەیە کە بتوانێ ستراتێژیی سیاسیی عەقڵانی و ورد دابڕێژێ، ورە بە ئەندامان ببەخشێ و هاندەرێکی بەهێز بۆ ئەرکەکانیان بدۆزێتەوە. مەبەست لە *جووڵاندنی سەرچاوەکان* توانای کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئەو سەرچاوانەیە کە لەبەر دەستی گرووپدایە. *کردەوەی سیاسی* دوای هەموو ئەوانە دێ بەڵام هەتا بە شێوازی بەردەوام بەرهەم نەیەتەوە، نابێتە هێزی سیاسی. *بەردەوامی* لە کردەوە

---

[1] status quo

سیاسییەکان و بەرهەمهێنانەوەی پەیتاپەیتای کردەوەیەکی سیاسی دەبێتە هۆی فۆرمگرتنی هێزی سیاسی.

بەگشتی، ڕادەی دەسەڵاتی هێزە سیاسییەکان لە بابەتەکانی سەرەوە گرێ دراوە. لەم نێوەدا فۆرمی دەوڵەت رۆڵێکی بەرچاوی هەیە. ئەو دەوڵەتانەی کراوەن (دێموکراسی و ...) دەتوانن هێزە سیاسییەکان بهێننە سەر ئەو باوەڕە کە دەکرێ لە چوارچێوەی دۆخی باودا بە بەشێک لە ئامانجەکانیان بگەن. بەڵام ئەو دەوڵەتانەی کە داخراون، بەتایبەت دوو فۆرمی دیکتاتۆری و تۆتالیتێر، هێزە سیاسییەکان پەراوێز دەخەن و بەستێن بۆ ڕووخانی خۆیان تەیار دەکەن. لێرەدا پێویستە ئاماژەیەک بە جیاوازیی نێوان دیکتاتۆری و تۆتالیتێریسم بکرێ لەبەر ئەوەی خراپ-تێگەیشتن لەو دوو جۆرە نموونەییانە دەبێتە هۆی داڕشتنی ستراتێژیی هەڵە، نەک هەر بۆ ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی ئەو دەوڵەتانە بەڵکوو بۆ ناوچە بەکۆلۆنیکراوەکانی ئەوانیش. هەرچەندە پێشتر هانا ئارێنت ئاماژەی بە جیاوازیی نێوان ئەو دوو فۆرمە کردووە[٣] بەڵام ئاماژەکەی هەندێک کێشەی هەیە لەبەر ئەوەی جیاوازیی نێوان ئازادیی سیاسی و ئازادیی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی لەبەرچاو نەگرتووە. هەروەها هیچ ئاماژەیەکی بە ناوچە داگیرکراوەکان و بەکۆلۆنیکراوەکانی ئەو دەوڵەتانە نەکردووە.

گرینگترین جیاوازی لە نێوان دەوڵەتی دیکتاتۆری و تۆتالیتێر لە پاوانکردنی پانتای حکوومەت و پانتای کۆمەڵایەتیدایە. لە حکوومەتی دیکتاتۆریدا پانتای حکوومەت بۆ گرووپێکی دیاریکراو پاوان دەکرێ و ئەم گرووپە ناهێڵێ کەسی

دیکە لە بڕیاری سیاسیدا بەشدار بێ بەڵام پانتای کۆمەڵایەتی (پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، شێوازی ژیان و ...) هەتا ڕادەیەکی زۆر ئازادە. واتە لە دیکتاتۆریدا ئازادیی سیاسی نییە بەڵام ئازادیی کۆمەڵایەتی هەیە. بەڵام لە دەوڵەتی تۆتالیتێردا جگە لە پانتای حکوومەت کە بۆ حیزبێکی خاوەن ئیدیۆلۆژییەکی تایبەت پاوان کراوە، پانتای کۆمەڵایەتی و تەنانەت پانتای تاکەکەسیش دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسی. واتە ئیدیۆلۆژیی گرووپی دەسەڵاتدار هەموو شتێک بۆ خەڵکی دیاری دەکا: دەوڵەتی تۆتالیتێر هەوڵ دەدا شێوازی ژیان (خواردن، جلوبەرگ، سێکس و ...)، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، هەڵسوکەوتی تاکەکەسی و تەنانەت بیرکردنەوە لە تەنیاییدا کۆنترۆڵ بکا. بەگشتی، ئاشکرایە کە دەوڵەتی تۆتالیتێر زۆر پڕمەترسیترە لە دەوڵەتی دیکتاتۆری. نموونەکانی دەوڵەتی دیکتاتۆری، میسر لەسەردەمی حوسنی موبارەک و ئێران لە سەردەمی شایە. نموونەکانی دەوڵەتی تۆتالیتێر، ئەڵمانیا لە سەردەمی هیتلێر، سۆڤیەت لە سەردەمی ستالین، چین لە سەردەمی مائۆ و کۆریای باکوور لە سەرەتاوە هەتا ئێستایە. دیارە هەندێک دەوڵەتیش دەکەونە نێوان ئەو دوو کاتێگۆرییە وەک عێراق لە سەردەمی سەدام و کۆمارەکانی عەجەمان. جۆری کۆتایی ئەو دەوڵەتانە لە خۆ دەگرێ کە ئێلیتەکانی نەتەوەی ناوەندی هەوڵ دەدەن تۆتالیتێر بن بەڵام نە ئیدیۆلۆژییەکی ئەوەندە بەهێزیان هەیە کە نەتەوەکانی دیکە قبووڵی بکەن و نە لەڕووی تێکنۆلۆژییەوە ئەوەندە پێشکەوتوون کە بتوانن کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر جەماوەردا بسەپێنن.

باسی جیاوازیی نێوان دیکتاتۆری و تۆتالیتێریسم جگە لە لایەنی ستراتێژیی بەربەرەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی ئەوان، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدیرنی نەتەوە ڕزگاربووەکان لە سەرەتاکانیدا هەیە. پرسیارێکی گرینگ ئەوەیە کە بۆ چی دیکتاتۆری وەک پێداویستییەکی دەوڵەتی مۆدێرن لە سەرەتای فۆرمگرتنیدا دەردەکەوێ؟ لەڕاستیدا دیکتاتۆریی دەوڵەتی مۆدێرن لە سەرەتای فۆرمگرتنیدا بۆ سەرکوتکردنی دژبەرانی مۆدێرنیتە و خوڵقاندنی کولتووری نەتەوەییە (باش یان خراپبوونی ئەو ستراتێژییە جێی مشتومڕە). واتە زۆربەی دەوڵەتە مۆدێرنەکان ناچار بوونە لە سەرەتادا بۆ ماوەیەکی کورت (کەمتر لە نیو سەدە) دیکتاتۆر بن. بەڵام وەها دیکتاتۆرییەک ئەگەر گەندەڵ بێ، هەموو ڕیسەکان دەکاتەوە خوری. لێرەدایە کە لایەنگرانی دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن بۆ نەتەوە ڕزگاربووەکان ناچارن داوای "دیکتاتۆریی پاک" بکەن؛ دیکتاتۆرییەک کە لە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتیدا بێ و بنەماکانی دەوڵەت لە هەردووک لایەنی هێمنی و خۆشبژێویدا دابمەزرێنێ. پاشان لەسەر بنەمای ئەوانە دەوڵەت دەتوانێ بەرەو دێموکراسی هەنگاو بنێ.

لایەنێکی دیکەی دەوڵەتی مۆدێرن لە سەرەتاکانیدا "بەرهەمهێنانی نیشتمانی"یە کە فەلسەفەیەکی ناسیۆنالیستیی ڕزگاریخوازانەی لە پشتە. مەبەست لە بەرهەمهێنانی نیشتمانی سیستمێکی ئابوورییە کە لەوێدا بەرهەمهێنانی پێداویستییە سەرەکییەکانی نیشتمان لە هەموو شتێک گرینگتر بێ. بەسەرنجدان بەوەی کە هەر وڵاتێکی تازە سەربەخۆ لە لایەن دوژمنانەوە

گەمارۆ دەدرێ، دەوڵەتی تازەدامەزراوی مۆدێرن هەوڵ دەدا بە یارمەتیی کەرتی تایبەت و کەرتی هەرەوەزی (تەعاونی) گرینگی زیاتر بدا بە بەرهەمهێنانی ئەو شمەک و خزمەتگوزارییانە کە بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان پێویستن. لە زۆربەی بوارەکاندا دەوڵەت ناچارە خۆی دەست بداتە بەرهەمهێنان؛ بەتایبەت بۆ پیشەسازیی قورس. ئەگەر دەوڵەتی تازە دامەزراو نەتوانێ سیستمێکی وا دابڕێژێ، هەر لە سەرەتاوە تووشی کێشەی قووڵ دەبێ و ناچار دەبێ پشت بە دەوڵەتەکانی دیکە ببەستێ. لە وەها دۆخێکدا سەروەریی دەوڵەتی تازەدامەزراو پێشێل دەکرێ و دۆخی بندەستی بە شێوازێکی نوێ بەرهەم دێتەوە.

# ٤

# بەجیهانیبوون و نەتەوە بێدەوڵەتەکان

ئەگەر لە پێناسەیەکی سادەوە دەست پێبکەین باشترین پێناسە بۆ بەجیهانیبوون ئەوەیە: پرۆسەیەک کە لە ئاکامی ئەودا کارلێکیی نێوان مرۆڤەکان لە فەزایەکی هەتا ڕادەیەک بێسنووردا ڕوو دەدا.[1] لێرەدا هەڵبەت چەندین ئاستەنگ بۆ "بێسنووری" ساز دەبن کە گرینگترینیان جیاوازیی زمانەکان و کولتوورەکان، ویستی دەوڵەتەکان و داواکاریی هاووڵاتیانی دەوڵەتەکان بۆ سازکردنی ئاستەنگ بۆ دەوڵەتەکان و هاووڵاتیانی دەوڵەتەکانی دیکەن (واتە هەندێک لە هاووڵاتیان دەیانەوێ دەوڵەت گەڕی سەرمایە، کۆچبەر، کولتوور و ... سنووردار بکا). واتە هاوکات مەیل بۆ بێسنووری و مەیل بۆ ناسیۆنالیسم دەبیندرێ. هەربۆیە بەجیهانیبوون خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی پارادۆکسیکالە.

هەڵوێستە تیۆریکەکان سەبارەت بە *دەوڵەت* لە سەردەمی بەجیهانبووندا زۆر دژبەیەکن: لیبرالەکان دەڵێن بەجیهانیبوون دیاردەیەکی نوێیە و دەرفەتی نوێ بۆ ژیانی مرۆڤ دەرەخسێنێ. ئەوان دەڵێن لە "پرۆسەی" بەجیهانیبووندا دەوڵەتەکان لاواز دەبن و دەرفەت بۆ تاکەکان و کەرتی تایبەت دەڕەخسێ بۆ ئەوەی ئامانجەکانی خۆیان بپێکن. ریالیستەکان کە باوەڕیان بە گرینگیی دەوڵەت و

سیستمی نێودەوڵەتییە پێیان وایە بەجیهانیبوون بە واتای لاوازبوونی دەوڵەتەکان وەهمێکە چونکە هێشتاش زۆربەی بوارەکان لە کۆنترۆڵی دەوڵەتەکاندایە. ئەوان زیاتر لە چەمکی بەنێونەتەوەییبوون[1] کەڵک وەردەگرن. واتە ئێستاکە کارلێکیی نێوان نەتەوەکان زیاتر بووە. مارکسیستەکان دەڵێن بەجیهانیبوون دیاردەیەکی نوێ نییە. کاپیتالیسم هەر لە سەرەتاوە جیهانی بووە و ناتوانێ جیهانی نەبێ. تاکە شتێک کە ئێستا هەستی پێدەکرێ، ئاگامەندی سەبارەت بە سروشتی جیهانیی کاپیتالیسمە. هەروەها کاپیتالیسم پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە دەوڵەتەوە هەیە و ئێستا تەنیا فۆنکسیۆنەکانی دەوڵەت گۆڕاوە، نەک ئەوەی دەوڵەت لاواز بێ.

دیارە بابەتی *دەوڵەت* لە هەموو تیۆرییەکاندا گرینگە. شک لەوەدا نییە کە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت کەم بوونەوە بەڵام هەندێکیشیان زیاد بوونە. بۆ نموونە، ئێستا دەوڵەتەکان ناتوانن وەک جاران کارلێکیی کۆمەڵایەتی-سیاسیی هاووڵاتیانی خۆیان کۆنترۆل بکەن بەڵام لایەنی ئەمنی، ئابووری و یاسایی هاووڵاتیان هەروا لە کۆنترۆڵیاندا ماوە. کەمبوونەوەی هەندێک لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لە لایەکەوە، دەرفەتێک بۆ نەتەوە بێدەوڵەتەکان دەخوڵقێنێ کە ناسنامەی خۆیان بدۆزنەوە و کولتووری نەتەوەیی خۆیان زیاتر پەرە پێبدەن بەڵام لە لایەکی دیکەوە، لە ئاکامی بەریەککەوتنی کولتوورەکاندا ئەو کولتوورانەی کە دەوڵەتیان لە پشتە، بەهێزتر دەردەکەون. دیارە سەرنجڕاکێشبوونی کولتووریش گرێدراوی دەسەڵاتی سیاسی لە ئاستی جیهانیدایە.

---

[1] internationalization

بەڵام بابەتی گرینگتر کە پێویستە شی بکرێتەوە ئەوەیە کە هاوکات کە زۆربەی دەوڵەتەکان لە دەسەڵاتەکانیان کەم دەبێتەوە، بزووتنەوەی نەتەوە بێدەوڵەتەکان بۆ بەدەوڵەتبوون بەهێزتر دەبێ. واتە بەجیهانیبوون بووەتە هۆی لاوازبوونی ناسیۆنالیسمی باو و بەهێزبوونی ناسیۆنالیسمی نەتەوە بێدەوڵەتەکان. ئەگەر ڕەوتە مێژووییەکەی لەبەرچاو بگرین دەبینین کە بەردەوام دەوڵەتەکانی ئێستا پارچەپارچە دەبن و دەوڵەتی نوێ لە دایک دەبن.[١] ئەوە چۆن ڕووی داوە؟ بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە گەورەیە و بۆ تێگەیشتنی وردتر لە بەجیهانیبوون، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە سێ دیاردە بکەم کە بە شێوەی هاوکات ڕوویانداوە (هەڵبەت ئەوانە هۆکار نین چونکە لە زانستی مرۆییدا ناتوانین بە هاسانی پەیوەندیی هۆکار-بەرهۆ دروست بکەین). ئەم سێ دیاردەیە خۆیان لە سێ پانتادا (پانتای سیاسەت، پانتای ئابووری و پانتای کولتوور) دەردەخەن. لە پانتای سیاسیدا، ئەو شتەی لەدوای تێکچوونی یەکێتیی سۆڤیەت ڕوویداوە، گۆڕانی پێکهاتەی سیستمی نێونەتەوەیی لە دوو-جەمسەرییەوە بۆ تاک-چەندجەمسەرییە. لە پانتای ئابووریدا، ئەو شتەی بە ڕوونی دەبیندرێ گۆڕانی کاپیتالیسمی وڵاتانی ناوەند لە کاپیتالیسمی ڕێکخراو بۆ کاپیتالیسمی ناڕێکخراوە کە کاریگەریی

[١] ئەگەر ڕەوتی سەربەخۆبوونی نەتەوەکان لەبەرچاو بگرین دەبینین کە لە ساڵی ١٩٩٠، ١٦٠ وڵاتی سەربەخۆ هەبوون. ئێستا ١٩٥ وڵاتی سەربەخۆ و چەندین هەرێمی نیوە-سەربەخۆ وەک کوردستان، فەلەستین، دۆنباس، ئابخازیا و ئۆسێتیای باشوور.

ڕاستەوخۆی لەسەر هەموو ئابووریی جیهانی هەیە. لە پانتای کولتووردا شۆڕشی پەیوەندییەکان زۆر گرینگە. لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە هەر یەک لەوانە دەکەم.

**گۆڕانی سیستمی نێونەتەوەیی**

دەزانین کە لە سەردەمی شەڕی ساردا سیستمی نەتەوەیی دوو-جەمسەری بوو؛ لە لایەک ئەمریکا وەک سەرۆکی کاپیتالیسمی بازاڕ و لە لایەکی دیکەوە، یەکێتیی سۆڤیەت وەک سەرۆکی کاپیتالیسمی دەوڵەتی کە ناویان نابوو سۆسیالیسم. ئەوە بە واتای ئەوە بوو کە هەر گۆڕانێک لە سنوورەکانی وڵاتانی جیهاندا بە جۆرێک دەبوو لە لایەن یەکێک لە دوو جەمسەرەکەوە پەسەند کرابا و پشتگری لێ کرابا. بۆ نموونە، یەکێتیی سۆڤیەت لایەنگری لە سەربەخۆیی وڵاتانی بەکۆلۆنیکراو لە لایەن دەوڵەتەکانی ڕۆژئاواوە دەکرد. واتە سۆڤیەت لایەنگری ناسیۆنالیسمی دژەکۆلۆنیالیستی بوو بەڵام لایەنگری ئێتنۆناسیۆنالیسمی دژەکۆلۆنیالیستی نەبوو چونکە خۆشی دەگرتەوە! ئەوەش خۆی پارادۆکسێکی سەرنجڕاکێشە کە لێرە ناتوانین بە وردی بچینە سەری.

بەڵام ئێستا لە سیستمی تاک-چەندجەمسەریدا (سیستمێکی نێونەتەوەیی کە ئەمریکا تێیدا زلهێزە بەڵام هێژمۆنی بەرەو لاوازی دەڕوا و ڕووسیا و چین و یەکێتیی ئەورووپاش دەسەڵاتی جیهانییان هەیە) دەرفەتێک بۆ نەتەوە بێدەوڵەتەکان خولقاوە کە بۆ لای سەربەخۆیی هەنگاو بنێن. بەڵام ئەوەش گرێدراوی ئەوەیە کە ئەو ناوچانە لە کوێ هەڵکەوتوون و خاوەنی چ ئیدیۆلۆژییەکن. بۆ نموونە، تیمۆری ڕۆژهەڵات زۆر هاسانتر لە شوێنەکانی

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ لای سەربەخۆیی ڕۆیشت چونکە لە شوێنێک بوو کە خاوەنی نەوت بوو کە بۆ کۆمپانییە ڕۆژئاواییەکان سەرنجڕاکێش بوو. هەروەها تیمۆرییەکان هەمیشە ئیدیۆلۆژیی سەروەری و دەوڵەتسازییان هەبووە. دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە.

گۆڕانی سیستمی دوو-جەمسەری بۆ تاک-چەند-جەمسەری دەرفەتێکی بۆ نەتەوە بێدەوڵەتەکان ڕەخساندووە کە ئەجێندای خۆیان بەسەر سیستمی جیهانیدا بسەپێنن لەبەر ئەوەی کە سەربەخۆیی ئەو نەتەوانە وەک سەردەمی جەنگی سارد بقە نییە. ئێستا زۆربەی ئەو نەتەوانە داوای بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم وەک ڕێگەچارەیەکی دێموکراتیک بۆ خۆیان دەکەن. بەڵام کێشە تەنێ ویستی سەربەخۆیی نییە بەڵکوو توانای سەربەخۆییە.

خاڵێکی گرینگ سەبارەت بە سیستمی نێونەتەوەیی ئەوەیە کە ئەو دەرفەتەی بەجیهانیبوون خوڵقاندوویەتی بۆ هەمیشە نییە. ئەگەر هێژمۆنیی ئەمریکا کۆتایی پێ بێ و چین جێگای بگرێتەوە، لەوانەیە چین سیستمێکی ئابووریی سیاسی پەرە پێبدا کە زیاتر لە کۆیلەدارییەکی مۆدێرن بچێ. بەڵام ئەگەر ئەمریکای باکوور و ئەورووپا ڕۆژئاوا بتوانن هاوپەیمانییەک پێکبهێنن، زیاتر ئەو ئیمپراتۆرییەی کە ئانتۆنیۆ نێگری و مایکل هارت باسی دەکەن فۆرم دەگرێ. لە هەردووک حالەتدا سیستمی جیهانی چەقبەستووتر دەبێ و دەرفەتی ڕزگاری کەمتر. بۆیە دەرفەتی بەجیهانیبوون بۆ ڕزگاربوونی نەتەوە بندەستەکان بۆ هەمیشە نییە.

## گۆڕانی کاپیتالیسمی ڕێکخراو بۆ کاپیتالیسمی ناڕێکخراو

مێژووی سیستمی جیهانیی مۆدێرن دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی شازدەهەم. ئیمانوئێل والرشتاین لە چوار بەرگ کتێبی سەرنجڕاکێش بە ناوی *سیستمی جیهانیی مۆدێرن*[٢] و هەروەها لە چەند کتێب و وتاری دیکەدا ئەو مێژوویە بە وردی شی دەکاتەوە و دەڵێ سیستمی جیهانیی مۆدێرن کە هەمان سیستمی جیهانیی کاپیتالیستییە هەتا ئێستا چەندین قۆناغی بڕیوە بەڵام ئێمە ئێستاش هەر لەو سیستمەدا دەژین و هیچ وڵاتێک لە دەرەوەی سیستم نییە. تایبەتمەندییەکانی سیستمی جیهانیی کاپیتالیستی بریتین لە: کەڵەکەکردنی بێبڕانەوەی سەرمایە، سیستمی نێودەوڵەتی لەژێر هێژمۆنیی دەوڵەتێکی گەورە کە هەوراز و نشێوی هەیە (بۆ وێنە بریتانیا لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەسەڵاتی هێژمۆنیک بوو بەڵام لەدوای جەنگی جیهانیی دووهەمەوە ئەمریکا بووە هێژمۆنی؛ هەرچەندە ئێستا هێژمۆنیی ئەمریکا لە حاڵی دابەزیندایە)، کێشە ئابوورییەکانی وڵاتان هی مێکانیسمی ئابووریی نێوخۆیی نییە بەڵکوو هی پێگەی ئەوان لە ئابووریی جیهانیی کاپیتالیستیدایە، و هتد.

تیۆریی سیستمی جیهانی یارمەتیمان دەدا تووشی وەهمی شۆڕشی سۆسیالیستی لە یەک وڵاتدا (تێزەکەی ستالین) نەبین. هەموو وڵاتەکان لە سیستمی جیهانیی کاپیتالیستیدا دەژین. تەنانەت یەکێتیی سۆڤیەت کە گەورەترین دەوڵەتی بەناو سۆسیالیست بوو هەر جۆرێک کاپیتالیسم بوو (وەک ئێما گۆلدمەن دەیگوت

[1] inter-state system

*کاپیتالیسمی دەوڵەتی*[٣] بوو). چەمکی کاپیتالیسمی دەوڵەتی بۆ تێگەیشتن لە ئابووریی سیاسیی هاوچەرخ دەتوانێ زۆر یارمەتیدەر بێ. لە ڕاستیدا هەردووک سیستمی بەناو لیبرال و سۆسیالیستی هەر جۆرێک کاپیتالیسمن. لە سیستمی جیهانیی کاپیتالیستیدا هەموو دەوڵەتەکان تەنێ دەتوانن ڤێرژنی جۆراوجۆری کاپیتالیسم بخولقێنن؛ ڤێرژنی وەک کاپیتالیسمی بازاڕی ئازاد، کاپیتالیسمی کۆنترۆلکراو، سۆسیال-دێموکراسی و ... لە لایەکی دیکەوە، تیۆریی سیستمی جیهانی پێمان دەڵێ کە هێژمۆنییەکان بۆ هەمیشە بەردەوام نین بەڵکوو سەرهەڵدان و داکشان بە خۆیانەوە دەبینن. سەردەمێک بریتانیا خاوەنی هێژمۆنی بوو. ئێستا ئەمریکا خاوەنی هێژمۆنییە بەڵام هێژمۆنیی ئەمریکا لە داکشاندایە و لە داهاتوویەکی نیزیکدا چین یان یەکێتیی ئەورووپا جێگای ئەمریکا دەگرنەوە. ئەوە پێمان دەڵێ کە لەوانەیە ناوەندی دەسەڵاتی جیهانی بگوازرێتەوە بۆ وڵاتی چین.

هەروەها تیۆریی سیستمی جیهانی پێمان دەڵێ کە فۆرمگرتنی چینایەتی و پێکهاتەی چینایەتی لە وڵاتانی جۆراوجۆردا بابەتێکی خۆجێیی نییە بەڵکوو پەیوەندیی بە پێگەی ناوچەکان لە ئابووریی جیهانیدا هەیە. بۆ نموونە، پێگەی کوردستان بەرهەمهێنانی نەوتە و پێگەی کووبا بەرهەمهێنانی شەکر. ئەم وڵاتانە لە ئابووری جیهانیدا پەراوێزن. لەو وڵاتانەدا چینە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێنە دوو کەرت: کەرتی نەتەوەیی و کەرتی کۆمپرادۆر (بڕوانە وتاری نۆهەم). زۆربەی کاتەکان کۆمپرادۆرەکان لە نەتەوەییەکان بەهێزترن چونکە لە لایەن دەوڵەتەکان و سەرمایەدارانی ناوەندی سیستمی جیهانییەوە پشتیوانی دەکرێن. ململانێی

نێوان کەرتی نەتەوەیی و کەرتی کۆمپرادۆر چارەنووسی ئەو وڵاتانە دیاری دەکا. ئەگەر کەرتی نەتەوەیی سەرکەوێ، وڵات بەرەو پێشکەوتن دەڕوا چونکە کەرتی نەتەوەیی لایەنگری بەرهەمی نێوخۆیی و بەهێزکردنی ئابووریی پیشەسازییە و دەتوانێ وڵاتێک لە دۆخی پەراوێز بگەیەنێتە دۆخی نیوە-پەراوێز (وەک وڵاتانی ئاسیای ڕۆژهەڵات) یان تەنانەت بیانگەیەنێتە دۆخی ناوەندی (وەک چین). بەڵام ئەگەر کەرتی کۆمپرادۆر سەرکەوێ، وڵات لە دۆخی بەستراوەییدا دەهێڵێتەوە و دۆخی پەراوێز بەرهەم دێتەوە؛ وەک زۆربەی وڵاتانی خاوەنی نەوت. تێگەیشتن لەو بابەتە، واتە پەیوەندیی نێوان چینی کۆمەڵایەتی لە نێوخۆی وڵات لەگەڵ پێکهاتە گەورەکانی سیستمی جیهانی بۆ شیکردنەوەی بابەتەکانی ئابووری-سیاسی زۆر گرینگە و پەیوەندیی بە کاپیتالیسمەوە هەیە.

بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە ئێستاش لە سیستمی جیهانیی کاپیتالیستیدا دەژین، کاپیتالیسم قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە هەتا گەیشتووەتە ئێرە. سکات لەش و جان یوری لە کتێبی *کۆتایی کاپیتالیسمی ڕێکخراو*دا باسی ئەوە دەکەن کە کاپیتالیسمی ئێستای وڵاتانی ناوەندی جیاوازە لە سەردەمی مارکس و تەنانەت لە کاپیتالیسمی دوایی کە نیومارکسیستەکان باسیان دەکرد. ئێستا بازاڕەکان هەوڵ دەدەن یاساوڕێساکانی کایەی ئابووری بسڕنەوە و کۆمپانییە نیشتمانییەکان توانای دانانی یاساوڕێسا بۆ چالاکیی ئابوورییان نەماوە (بەوە دەڵێن سڕینەوەی

کۆبوونەوەی سەرمایە[1]. بەربڵاوبوونەوەی چینی کرێکاری بەرۆک-سپی بووەتە هۆی کاڵبوونەوەی سیاسەتی چینایەتی. هەروەها کەمبوونەوەی گرینگی و ژمارەی چینی کرێکاری بەرۆک-شین لە ئابوورییەکدا کە بەرەو پاش-پیشەسازی دەچێ، سیاسەتی چینایەتی کاڵ دەکاتەوە. وەرچەرخان لە فۆرمی ڕێکخستنی کاری تەیلۆریستی بۆ فۆرمی چەمهەڵگرتر ڕووی داوە. مۆنۆپۆلییەکان لە کۆنترۆلی ڕاستەوخۆی دەوڵەت دەچنە دەرەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ناتەبایی نێوان دەوڵەت و سەرمایە زیاد بکا و دەوڵەتی خۆشبژێوی تووشی کێشە بکا. بەربڵاوبوونەوەی کاپیتالیسم بەرەو جیهانی سێهەم زیاتر دەبێ و ئابووریی جیهانی یەکەم دەبێتە خزمەتگوزاری. پیشەسازیی هەڵێنجان و سازکردن گرینگیان کەم دەبێتەوە و بەرەو کارگەی بچووکتر و چەمهەڵگرتر و بەژنانەکردنی کار هەنگاو هەڵدێنێ. حیزبە سیاسییەکان چی دیکە نوێنەری چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەت نین و هەوڵ دەدەن دەنگی هەمووان بە دەست بێنن (حیزبی بنکەفراوان)[2]. لەڕووی کولتوورییەوە، فرەڕەنگی و پلورالیسم زیاد دەکا و پۆست-مۆدێرنیسم لە کولتووردا زۆر بەرچاو دەبێ. هەڵبەت لەش و یوری دەڵێن کە لە سەردەمی کاپیتالیسمی ڕێکخراویشدا کاپیتالیسمی بریتانیا و ئەڵمانیا جیاواز بوو لە هی ئەمریکا و فەرانسە. لەش و یوری ئەوە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوە کە لە بریتانیا و ئەڵمانیا شۆڕشی بورژوایی ڕووی نەداوە. هەربۆیە زۆربەی لایەنەکانی کۆمەڵگەی

[1] deconcentration of capital

[2] catch-all parties

ئەوان (سینفەکان، حکوومەتە ناوچەییەکان، ئاریستۆکراسی، بازرگانەکان، کلیسا و زانکۆکان) وەک خۆی مایەوە.[٤]

بەگشتی، ئێستا ئێمە بەرەورووی کاپیتالیسمێکی نوێین. کاپیتالیسمی جاران کە لەوێدا کەرتی تایبەت و کرێکاران لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوەیی هاوئاهەنگ بوون گۆڕاوە بۆ کاپیتالیسمێک کە دەیەوێ خۆی لە کۆتوبەندی دەوڵەت ڕزگار بکا. بۆ نموونە، ئێستا کۆمپانییە نێونەتەوەییەکان دەچنە ئەو شوێنانەی کە لەوێ کرێکار هەرزان بێ و کۆتوبەندی ژینگەیی کەم بێ. دیارە زۆربەی ئەو ناوچانەی کە نەتەوە بێدەوڵەتەکان لەوێ دەژین، کرێکاری هەرزانیان هەیە و کۆتوبەندی ژینگەیی زۆر کەمە کە ئەوەش دەبێتە هۆی ڕاکێشانی کۆمپانییە نێودەوڵەتییەکان (هەڵبەت دیارە ئەوە بە مەرجێک ڕوو دەدا کە ئەو نەتەوانە ببنە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان چونکە ئەگەر لە دۆخی بندەستیدا بمێننەوە دەوڵەتی داگیرکەر دەرفەتی ئەوەیان پێ نادا). واتە دەرفەتێک بۆ نەتەوە بێدەوڵەتەکان دەڕەخسێ کە خۆیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئابووریی جیهانی پەیوەندی دروست بکەن. ئێستا ناسیۆنالیستە سکاتلەندییەکان دەڵێن کە ئێمە دەمانەوێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئابووریی جیهانی پەیوەندیمان هەبێ، نەک بە واستەی دەوڵەتی ناوەندیی بریتانیا. هەروەها دەڵێن ئەگەر بڕیار وایە کە نەوتی دەریای باکوور بفرۆشرێ با بۆخۆمان بیفرۆشین، بۆ چی دەوڵەتی بریتانیا بیفرۆشێ؟[٥] لە باشووری کوردستانیش هەمان کێشە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدادا هەیە. واتە

مێکانیسمە ئابوورییەکانی بەجیهانیبوون بەدژی ناسیۆنالیسمی باو و بە قازانجی ناسیۆنالیسمی نەتەوە بێدەوڵەتەکان دەجووڵێتەوە.

**شۆڕشی پەیوەندییەکان**

مەبەست لە شۆڕشی پەیوەندییەکان ئەو گۆڕانکارییەیە کە بەکارهێنانی تێکنۆلۆژیی نوێی وەک ئینترنێت و مۆبایل و مانگی دەستکرد لە پەیوەندییەکاندا بەدیهێناوە. ئێستا دەوڵەتەکان ناتوانن بە هاسانی جەماوەری بن دەستی خۆیان کۆنترۆل بکەن یان میدیاکانی خۆیان (ڕۆژنامەکان، گۆڤارەکان، بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی و رادیۆیی خۆیان) بەسەر جەماوەردا بسەپێنن. دیارە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتەوە بێدەوڵەتەکان ناسنامەی خۆیان دیسان پێناسە بکەنەوە چونکە دەرفەتێک بۆ ئێلیتەکانی نەتەوە بێدەوڵەتەکان ڕەخساوە کە ناسنامەی ڕاستەقینەی نەتەوەکان بۆ ئەوان بگەڕێننەوە. بۆ نموونە، ئەگەر پێشتر کەسێکی کاتالان خۆی وەک کەسێکی ئیسپانیایی پێناسە دەکرد، ئێستا خۆی وەک کاتالان پێناسە دەکا. هەندێک بەو دیاردەیە دەڵێن "قەیرانی ناسنامە" بەڵام قسەکردن لە قەیرانی ناسنامە بێبنەمایە. دەبێ بڵێین "دۆزینەوەی ناسنامەی ڕاستەقینە" چونکە ئەو نەتەوانە ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیان دەدۆزنەوە و لە ناسنامەی دەستکردی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان کە بەسەریاندا سەپابوو، دوور دەکەونەوە. شۆڕشی پەیوەندییەکان دەبێتە هۆی کاریگەریی زیاتری ئێلیتە نەتەوەییەکان. ئەوان دەتوانن ناسنامەی نەتەوەیی بەپێی ئێتنۆناسیۆنالیسم

دیسان پێناسە بکەنەوە و یارمەتیی کۆمەڵانی خەڵک بدەن کە ناسنامەی خۆیان بدۆزنەوە.

بەگشتی، گۆڕانی پانتاکانی سیاسەت، ئابووری و کولتوور دەرفەتێکی زێڕینی بۆ نەتەوە بێدەوڵەتەکان ڕەخساندووە کە بۆ لای دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان هەنگاو بنێن. ئێستا نیزیکەی ٢٧٠ بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ئاستی جیهانیدا هەیە کە لە دۆخی خۆیان ناڕازین و زۆربەیان داوای سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی تایبەتی خۆیان دەکەن. بەڵام هەموویان ناتوانن بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو بنێن. پرسیار ئەوەیە کە کامە نەتەوە دەتوانێ لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرێ کە بەجیهانیبوون ڕەخساندوویەتی؟

## نەتەوە بێدەوڵەتەکان و ئیدیۆلۆژیی سەروەریخوازی

بەسەرنجدان بە هەموو ئەو بابەتانەی سەرەوە دەگەینە بابەتێکی گرینگ، ئەویش پەیوەندیی نێوان ئیدیۆلۆژی و دەوڵەتە. پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئیدیۆلۆژیی سەروەریخوازی و دەوڵەت وەک ڕاستەقینەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە. بەڵام ئیدیۆلۆژی بە واتای بیروباوەڕ نییە بەڵکوو ئیدیۆلۆژی سیستمێکی واتاییە کە لە کۆمەڵێک دامەزراوەدا خۆی دەردەخا و داوای دەسەڵات دەکا. واتە ئیدیۆلۆژی سیستمێکی واتایی کۆمەڵایەتی-سیاسییە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕاستەقینەکان لە کۆمەڵگەیەکی تایبەتدا بەرهەم بێن. هیچ نەتەوەیەک ناتوانێ ببێتە خاوەنی دەوڵەت ئەگەر ئیدیۆلۆژییەکی وای نەبێ کە بتوانێ دامەزراوەکانی دەوڵەت بەرهەم بهێنێ. ئەو دامەزراوانە دەبێ لە هارمۆنییەکی ڕێژەییدا بن بۆ ئەوەی ڕوحی

نەتەوە خۆی لەوێدا دەربخا. ئەگەر نەتەوەیەک ئیدیۆلۆژیی سەروەریخوازی نەبێ، تەنانەت ئەگەر دەرفەتی دەوڵەتسازیشی بۆ بڕەخسێ، ناتوانێ دەوڵەت ساز بکا.

بەڵام ئەو دامەزراوانە کامانەن؟ ئاشکرایە کە گرینگترین دامەزراوە، دامەزراوەی سەربازی-ئەمنییە بەڵام لەسەر بنەمای نەتەوەیی، نەک سێکتاریستی. دووهەم دامەزراوە یاسای بنەڕەتییە. ئەگەرچی یاسای بنەڕەتی دەبێ بەرهەمی کۆدەنگیی هێزە سیاسییەکان بێ بەڵام پێویستی بە دێموکراسی و حیزبایەتی نییە و دەتوانێ لە بڕگەیەکی هەستیاری دامەزراندنی دەوڵەتدا کۆدەنگی بە دەست بهێنێ. سێهەم دامەزراوە هێزەی دادوەریی سەربەخۆیە. چوارەم دامەزراوە بانکی ناوەندی وەک ڕێکخەری ئابوورییە. هەموو ئەو دامەزراوانە دەبێ سەربەخۆ بن و تەنێ بەرژەوەندیی نیشتمانی لەبەر چاو بگرن؛ نەک بەرژەوەندیی بەرتەسکی حیزبی. دێموکراسی و حیزبایەتی دەبێ بەرهەمی ئەوانە بن، نەک پێش ئەوانە. حیزبایەتی بەر لە دامەزراندنی دەوڵەت کارەساتی لێدەکەوێتەوە. حیزبایەتی لە نەتەوەی بێدەوڵەتدا دەبێتە سێکتاریسم.

نموونەی هەرە زەقی ئەو کارەساتانەی سێکتاریسم دەیخوڵقێنێ، بارودۆخی باشووری کوردستانە. هەر لە سەرەتاوە، بێ ئەوەی هیچ دامەزراوەیەکی دەوڵەت بوونی هەبێ، دێموکراسییان بەسەر باشووری کوردستاندا سەپاند. لەکاتێکدا دێموکراسی فۆرمی دەوڵەتێکی سەقامگیرە کە بنەما ماددییەکانی دێموکراسی هەبێ. کاتێک کە دەوڵەتت نییە، دێموکراسی دەبێتە هۆی چەندبەرەکایەتی و

سەرلێشێواوی. لەو نێوەدا ڕۆلی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان زۆر گرینگە. ئاشکرایە کە جیهانی ڕۆژئاوا لە سەرەتادا نەیدەویست باشووری کوردستان ببێتە دەوڵەت. ڕۆژئاواییەکان لە چوارچێوەی چارسەرکردنی ململانێندا[1] چاویان لە پرسی کوردستان دەکرد، نەک لە چوارچێوەی دەوڵەتسازیدا. واتە ئەوان دەیانەویست دۆزی کورد بەرتەسک بکەنەوە لە کێشەی کەمایەتییەکاندا و مافی کەمایەتییەکان بۆ کورد مسۆگەر بکەن کە هەڵەیەکی گەورە بوو چونکە دۆزی کوردستان پرسی کەمایەتییەکان نییە، دۆزی وڵاتێکی بەکۆلۆنیکراوە. کاتێک کە ویستی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لە ساڵی ٢٠١٧دا دەرکەوت، ڕوانینیان بۆ کورد گۆڕا بەڵام کورد خۆی لە ویستی سەربەخۆیی پاشگەز بووەوە! ئاشکرایە کە داواکاریی ڕۆژئاوا، بەتایبەت ئەمریکا بۆ یەکخستنەوەی یەکەکانی هێزی چەکدار لە لایەک و سەردانی وەفدی سیاسیی باڵای وڵاتان بۆ هەولێر واتایەکی ناڕاستەوخۆی بۆ پشتیوانیی ئەوان لە دەوڵەتی کوردستان هەبوو بەڵام ئیدیۆلۆژیی بندەستیخوازیی کورد هەموو ڕیسەکانی کردەوە خوری.

هەربۆیە ئەگەر کورد لە دەرەوەی چوارچێوەی یاساوڕێساکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بیر لە پرسی کوردستان وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت بکاتەوە و لە هاوکێشە سیاسییەکان و ململانێکانی نێوان زلهێزەکان کەڵک وەرگرێ، دەتوانێ بەرەو بەدەستهێنانی سەروەری و ڕزگاریی هەمیشەیی هەنگاو هەڵێنێ بەڵام ئەوە بە سێکتاریسم جێبەجێ نابێ چونکە سێکتەکان بەپێی سروشتی خۆیان

[1] conflict resolution

ئۆپۆرتونیستن. هیچ نەتەوەیەکی بەکۆلۆنیکراو نەیتوانیوە لە چوارچێوەی چەندین سێکتی ڕەنگاوڕەنگدا بە ئامانجی دەوڵەتی مۆدێرن بگا. ئەگەر نەتەوەیەک بیەوێ بێتە خاوەنی دەوڵەت، پێویستە ئیدیۆلۆژیی سەروەریخوازی و دەوڵەتسازی هەبێ. قسەی من ئەوەیە کە بەبێ ئیدیۆلۆژیی دەوڵەتسازی هیچ دەوڵەتێک ساز ناکرێ. ئەو ئیدیۆلۆژییەی ئێستا کورد کاری پێدەکا، ئیدیۆلۆژیی دەوڵەتسازی نییە بەڵکوو شێوەناسیۆنالیسمێکی بندەستیخواز و سێکتاریستییە کە هەر دۆخی باو بەرهەم دەهێنێتەوە و ناتوانێ کورد بەرەو رزگاری هان بدا.

### ئەنجام

بەجیهانیبوون پرۆسەیەکی پارادۆکسیکالە. بەجیهانیبوون بووەتە هۆی لاوازبوونی ناسیۆنالیسمی باو و بەهێزبوونی ناسیۆنالیسمی نەتەوە بێدەوڵەتەکان. دەوڵەت لە سەردەمی بەجیهانیبوونیشدا هەر دەمێنێ و تەنانەت لە هەندێک بواردا بەهێزتریش دەبێ بەڵام فۆنکسیۆنەکانی دەوڵەت تووشی گۆڕان بووە. دەوڵەت هاووڵاتیانی خۆی لە لافاوی بەجیهانیبووندا دەپارێزێ. نەتەوە بێدەوڵەتەکان نەک باوەڕیان وا نییە کە دەبێ دەست لە ئامانجی دەوڵەت هەڵگرن بەڵکوو بزووتنەوەکانیان بۆ گەیشتن بە دەوڵەت بەگوڕتر بووە. ئەوە پێمان دەڵێ کە بەجیهانیبوون دەرفەتێکی بێوێنەی بۆ بەدەوڵەتبوونی نەتەوە بێدەوڵەتەکان ڕەخساندووە. بەڵام سێ خاڵی سەرەکیی وتاری من ئەوانەن: یەکەم، بەجیهانیبوون ناسیۆنالیسمی باو لاواز دەکا و ناسیۆنالیسمی نەتەوە بێدەوڵەتەکان بەهێز دەکا. دووهەم، دەرفەتی بەجیهانیبوون بۆ هەمیشە نییە. لەوانەیە لە داهاتوویەکی نیزیکدا بۆ نموونە چین

ببێتە دەوڵەتی هێژمۆنیک. ئەو کاتە ئەو دەرفەتە لە کیس بچێ. سێهەم، تەنێ ئەو نەتەوانە دەتوانن سەرکەون کە ئیدیۆلۆژیی سەروەریخوازی و دەوڵەتسازییان هەبێ واتە دالەکانی نێو ئیدیۆلۆژییەکەیان دالەکانی ناسیۆنالیسمی ڕزگاریخوازانە بێ، سووژەی ناسیۆنالیست بخوڵقێنن، ورەی سیاسییان بۆ دامەزراندنی دەوڵەت هەبێ و دامەزراوەکانی خۆیان بۆ بەدەوڵەتبوون ڕێکبخەن.

# ٥
# تیپۆلۆژیی ناسیۆنالیسم

*"هەر پارچە خاکێک هی دانیشتووانی مێژوویی ئەو خاکەیە. ئەگەر زۆربەی دانیشتووانی مێژوویی خاکێک نەیانەوێ لە بن دەستی دەوڵەتێکی تایبەتدا بژین، مافی ئەوەیان هەیە کە چی دیکە هاووڵاتیی ئەو دەوڵەتە نەبن و دەوڵەتی تایبەتی خۆیان دابمەزرێنن. واتە مافی بەجێهێشتنی هاووڵاتیبوونی دەوڵەتێکی تایبەت یان دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەت بۆ خۆیان، مافی سروشتیی دانیشتووانی هەر خاکێکە. پانتا یان ژمارەی دانیشتووانی ئەو خاکە هیچ پەیوەندییەکی بەو مافەوە نییە. هەروەها پێشینەی بوونی دەوڵەتێک بە ناوی ئەو خەڵکەوە لە ڕابردوودا هیچ پەیوەندییەکی بە مافی دامەزراندنی دەوڵەت بۆ ئەو خەڵکە لە ئێستادا نییە."*

ڕستەکانی سەرەوە کە لە ڕوانگەیەکی ناسیۆنالیستیی ڕزگاریخوازانەوە نووسراون، زۆر ڕوون و ئاشکرا دێنە بەرچاو بەڵام لەڕاستیدا زۆربەی دژبەرانی ناسیۆنالیسمی ڕزگاریخواز (لە ناسیۆنالیستە داگیرکەرەکانەوە بگرە هەتا لۆمپەن-مارکسیستەکان و ئانارشیستەکان و هەندێک لە لیبرالەکان) بەدژی ئەو ڕاستیانە هەڵوێست دەگرن.

پرسیار ئەوەیە کە نەتەوە و ناسیۆنالیسم چ پەیوەندییەکیان بە ڕووداوەکانی سەردەمی مۆدێرنەوە هەیە و ئایا هەڵوێستەکانی دژبەرانی دامەزراندنی دەوڵەت بۆ نەتەوە بێدەوڵەتەکان بنەمای مێژوویی، عەقڵانی و ئەخلاقی هەیە؟ بۆ مشتومڕی عەقڵانی سەبارەت بە ڕستەکانی سەرەوە، پێویستە لە سەرەتادا باسێکی چەمکی لەسەر نەتەوە و ناسیۆنالیسم بکەین. پاشان بزانین بە سەرنجدان بە مێژووی سەردەمی مۆدێرن، چەشنەکانی ناسیۆنالیسم چن و چ رۆڵێکی مێژووییان گێڕاوە.

## نەتەوە چییە؟

پرسیارێکی بنچینەیی کە دەبێتە هۆی دابەشبوونی ڕوانگە تیۆریکەکان سەبارەت بە نەتەوە ئەوەیە: ئایا نەتەوە بوونێکی کۆنە یان دیاردەیەکی مۆدێرنە؟ ئەو پرسیارە زۆر وەک پرسیارێکی لەمێژینەی فەلسەفی سەبارەت بە سروشتی جیهان دەچێ کە ببووە هۆی دابەشبوونی فەیلەسووفەکان بە دوو بەرەی خوداپەرەست و ماتریالیست. پرسیارەکە ئەوە بوو: ئایا جیهان کۆنە یان نوێیە و لە لایەن کەسێکەوە خوڵقێندراوە؟ ماتریالیستەکان دەیانگوت جیهان کۆنە و هەر لە ئەزەلەوە هەبووە و پێویست ناکا کەسێک بیخوڵقێنێ بەڵام خوداپەرەستەکان دەیانگوت جیهان نوێیە و خودا جیهانی خوڵقاندووە. سەبارەت بە نەتەوەش، ئەو پرسیارە زەق دەبێتەوە: ئایا گرووپێکی نەتەوەیی لەمێژینەیە و لە کۆنەوە هەر هەبووە یان لە سەردەمی مۆدێرندا لە چوارچێوەی گوتار یان ئیدیۆلۆژیی ناسیۆنالیسمدا خوڵقاوە؟ ئەوانەی کە لە تیۆرییەکانی ناسیۆنالیسم شارەزان دەزانن کە بەگشتی سێ هەڵوێستی تیۆریکی بەرچاو هەیە: کۆنینەباوەڕەکان (ئەوانەی

باوەڕیان وایە کە نەتەوە و ناسیۆنالیسم لە کۆنەوە هەر هەبوون؛ هەرچەند چەمکەکان مۆدێرنن)[1] ، مۆدێرنیستەکان (ئەوانەی باوەڕیان وایە کە نەتەوە و ناسیۆنالیسم سازکراوی مۆدێرنن)[2]و ڕوانگەی ئێتنۆ-سەمبۆلیسم (ئەوانەی دەڵێن نەتەوە یان کەرەسەکانی سازکردنی نەتەوە کۆنە بەڵام ناسیۆنالیسم مۆدێرنە).[3]

لێرەدا نامەوێ ڕوانگەیەکی تایبەت بەسەر خوێنەردا بسەپێنم بەڵکوو داوای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەکەم. گرووپێکی قەومی یان نەتەوەیی لەبەرچاو بگرین (لێرەدا ناچمە نێو باسی جیاوازیی نێوان قەوم و نەتەوە.[1] ئەوانەی جیاوازی لە نێوان قەوم و نەتەوە دادەنێن، دەڵێن قەوم گرووپێکی کولتووری-مێژووییە کە بەهۆی خاوەن-دەوڵەتبوون یان ئاواتی بەدەوڵەتبوون دەبێتە نەتەوە وەک پێکهاتەیەکی سیاسی. نەتەوە لەوانەیە خاوەنی یەک یان چەند دەوڵەت بێ یان ئاواتی بەدەوڵەتبوونی هەبێ[4]). ئایا ئەو ناوەی بۆ ئەو نەتەوەیە بە درێژایی مێژوو بە کار هاتووە، ناوێکی مۆدێرنە؟ ئاشکرایە کە زۆربەی ناوەکان (کورد، ئەرمەنی، گورجی و ...) زۆر لەمێژینەن و دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی پێش-مۆدێرن. ئایا زمانێک کە نەتەوەکان قسەی پێ دەکەن، مۆدێرنە؟ ئایا وشیاریی ئەندامانی نەتەوەکان سەبارەت بە ناسنامەی خۆیان دیاردەیەکی مۆدێرنە؟ بۆ نموونە، ئایا کوردەکان تازە وشیار بوونەوە کە ئەوان ئەندامانی گرووپێکن بە ناوی کورد؟ ئەگەر وایە بۆ چی ناوی کوردستان و ئەرمەنستان و گورجستان بە درێژایی مێژووی ناسراو بۆ ئەو پارچە خاکانە بە کار هاتووە کە ئەو نەتەوانە لێیان دەژین؟

---

[1] ethno (ethnic group) and nation

ئاشکرایە کە ناسنامەی نەتەوەیی پەیوەندی بە *جیاوازییەوە* هەیە و ئەو جیاوازییەش لەسەر بنەمای جیاوازیی زمان و کولتوور و مێژوو بەرهەم هاتووە. هەموو گرووپێک دەتوانێ جیاوازیی نێوان زمان و کولتووری خۆی لەگەڵ گرووپەکانی دیکە کە زمان و کولتووری جیاوازیان هەیە، هەست پێبکا بەڵام لەویش ڕوونتر ئەوەیە کە هاوشێوەبوونی زمان و کولتووری خۆی لەگەڵ گرووپەکانی دیکە هەست پێدەکا. هەرچەندە لە هەموو زمانەکاندا جیاوازی لە نێوان شێوەزارەکاندا هەیە بەڵام قسەکەرانی هەموو شێوەزارەکان دەتوانن هاوشێوەبوونی زمانی خۆیان لەگەڵ شێوەزارەکانی دیکە و جیاوازیی زمانی خۆیان لەگەڵ زمانەکانی دیکە هەست پێبکەن. جگە لە زمان وەک یەکێک لە کۆڵەکەکانی ناسنامەی نەتەوەیی، تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی دیکەش بە هەمان شێوەن. هەربۆیە لە کۆنەوە ناوی بەکۆی تایبەت بۆ نەتەوە جیاوازەکان بە کار هاتووە.

جگە لە لایەنی کولتووری، لەڕووی سیاسیشەوە، ئاشکرایە کە هەمیشە نەتەوەکان لە داگیرکرانی خاکەکەیان و کۆنترۆلکرانی خەڵکەکەیان لە لایەن نەتەوەکانی دیکەوە بێزار بوونە و ئەوە پەیوەندی بە سەردەمی مۆدێرنەوە نییە. ئەگەریش نەتەوەیەکی تایبەت لە بڕگەیەکی مێژووییدا قبووڵی کردووە کە لە بن دەستی نەتەوەیەکی دیکەدا بژی، یان بەهۆی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوە بووە واتە نەتەوەی داگیرکەر بە زۆرەملی نەتەوەی بندەستی ناچار کردووە ملکەچی بێ (بۆ نموونە، مەغۆلەکان وەک داگیرکەر)، یان ئیدیۆلۆژییەکی وەک ئایین (لە

ئیمپراتۆریی عوسمانی) یان کۆمونیسم (لە یەکێتیی سۆڤیەت) بووەتە هۆی قەبووڵکردنی زاڵبوونی نەتەوەیەک (تورک لە عوسمانی و ڕووس لە سۆڤیەت) بەسەر ئەوانی دیکەدا. هەربۆیە هەر کاتێک کە نەتەوەی بندەست بۆی ڕەخساوە خۆی لەژێر دەستی نەتەوەکانی دیکە ڕزگار کردووە. تەنانەت ئەگەر ئەو بندەستییە بە ئیدیۆلۆژیی وەک ئایین یان کۆمونیسم پاساوی بۆ بهێننەوە، دوای ماوەیەک ئیدیۆلۆژی فۆنکسیۆنی خۆی لە دەست دەدا. لە مێژووی زۆربەی نەتەوەکاندا دەتوانین سەدان نموونەی ئاوا ببینینەوە. بۆ نموونە، لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا، ئایینی ئیسلام ببووە هۆی قبووڵکردنی زاڵبوونی تورکەکان بەسەر نەتەوە جیاوازەکاندا بەڵام تەنانەت ئەو بندەستییەش هەتا ئەو شوێنە قبووڵ دەکرا کە بوون و دەسەڵاتی نەتەوەیەک نەچێتە ژێر پرسیارەوە. لە کوردستان، هەتا ئەو کاتە زاڵبوونی تورکان بەسەر عوسمانیدا قبووڵ کرا کە ئەوانیش میرنشینە کوردییەکانیان قبووڵ دەکرد. بەڵام کاتێک کە عوسمانی لە نیوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم میرنشینە کوردییەکانی داگیر کرد، ئیدی ئایینی ئیسلام نەیتوانی درێژە بە شەرعیەتی عوسمانی بدا و سەرهەڵدانەکانی کورد دەستیان پێکرد.

بەپێی ئەو بابەتانەی لەسەرەوە باس کران، دەکرێ بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی نەتەوە بڵێین: "نەتەوە گرووپێکی کولتووری-مێژووییە کە ناوێکی بەکۆی تایبەتی هەیە و ئەندامانی ئەو گرووپە خۆیان لەژێر ئەو ناوەدا دەناسێنن، خاکێکی دیاریکراویان هەیە کە خۆیان دەڵێن هی ئەوانە، مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە و گەلاڵەیەکی هاوبەشیان بۆ داهاتوو هەیە کە لەسەر بنەمای دەوڵەت یان ویستی

بەدەوڵەتبوون و بەدەستهێنانی سەروەرییە." ئێلیتەکانی نەتەوەیەک داوای دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەتی خۆیان یان بەهێزکردنی دەوڵەتی خۆیان دەکەن. ئەگەر نەتەوەیەک دەوڵەتی نەبێ یان ویستی بەدەوڵەتبوونی نەبێ، هەر لە ئاستی کولتووریدا دەمێنێتەوە کە گرینگیی سیاسی نییە. هەروەها لەوانەیە نەتەوەیەکی دیاریکراو زیاتر لە دەوڵەتێکی هەبێ. زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش، نەژادی هاوبەش، پێشینەی مێژوویی-سیاسیی هاوبەش و هەندێک تایبەتمەندیی کولتووریی هاوبەش (وەک سەمبۆلەکان، ئەفسانەکان، جلوبەرگ، مۆسیقا، خواردەمەنی و ...) دەتوانن ببنە هۆی بەهێزتربوونی ناسنامەی نەتەوەیی بەڵام نەتەوە لە دەرەوەی ئەوانەش دەتوانێ بوونی هەبێ. بۆ نموونە سکاتلەندییەکان زمانی هاوبەشی خۆیان کە کێلتی[1] بووە لە دەست داوە، جوولەکەکان (کە قەومیەت و ئایینیان یەک شتە) خاکی خۆیان لە دەست دابوو، ڕەنگی پێستی جۆراوجۆر لە نەتەوەیەکدا دەتوانێ بوونی هەبێ و هەروەها تایبەتمەندییە کولتوورییەکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکەی نەتەوەیەکی تایبەت لەوانەیە جیاواز بێ بەڵام ئەو شتەی دەبێتە هۆی گرێدانی ئەندامانی نەتەوە، هەستی هاوبەشی خۆ-بە-ئەندامی-نەتەوە-زانین و ئارەزووی پێکەوەبوونە.

شک لەوەدا نییە کە دەبێ هەندێک تایبەتمەندیی کولتووری و مێژوویی هاوبەش هەبێ بۆ ئەوەی کە ناسنامەی نەتەوەیی لەسەر بنەمای ئەو فۆرم بگرێ. ئێمە ناتوانین کۆمەڵێک خەڵک بە کولتووری جیاواز و مێژووی جیاوازەوە لە

---

[1] Celtic

یەکدی کۆ بکەینەوە و پێیان بڵێین: ئێوە هەمووتان ئەندامانی یەک نەتەوەن! ئەگەر وا با (کە مۆدێرنیستەکان باوەڕیان وایە) چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی بۆ داگیرکەران و کۆلۆنیالیستەکان زۆر هاسان دەبوو چونکە دەیانتوانی ناسنامەیەکی دەستکردی تایبەت بەسەر هەموو گرووپە بندەستەکانی خۆیاندا بسەپێنن. بەڵام ئێمە دەزانین کە ناسنامەی نەتەوەیی بە شێوازی دەستکرد ساز ناکرێ؛ مەگەر بە زۆرەملی، کۆمەڵکوژیی سوور (کوشتن) و کۆمەڵکوژیی سپی (تواندنەوە).

لەوانەیە هەموو ئەندامانی نەتەوەیەکی دیاریکراو پێشتر ویستی ئەوەیان نەبووبێ کە پێویستە هەموویان یەک بگرن و دەوڵەتێک پێک بهێنن بەڵام دواتر ئەو ویستە وەک پێداویستییەکی مێژوویی بۆ مانەوە و پێشکەوتنی ئەوان خۆی دەرخستبێ. بۆ نموونە، دەکرێ ئەوە لە مێشکی خۆماندا وێنا بکەین کە ناوچەکان و هۆزەکانی کوردستان پێش سەردەمی مۆدێرن خۆیان زیاتر وەک موکریانی، ئەردەلان، بابان، هەورامی، جاف، شکاک، زازا و ... پێناسە کردبێ و دواتر لە ئاکامی خوێندن و پەیوەندییەکاندا ئەو ئاگامەندییەیان بە دەست هێنابێ کە "بەسەرنجدان بەوەی کە ئێمە هەموومان کوردین و بەهۆی کوردبوون زوڵممان لێ دەکرێ، پێویستە دەوڵەتی کوردستان پێک بهێنین" بەڵام ناکرێ بڵێین ئەوانە لە کوردبوونی خۆیان و جیاوازیی نێوان ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی دەوروپشتیان ئاگادار نەبوون چونکە لانیکەم جیاوازیی نێوان زمان و تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەوانی دیکە هەست

پێکردووە و زانیویانە کە نەتەوەکانی دیکە پێیان دەڵێن: کورد. هەروەها ناکرێ بڵێین ئەو پێکهاتانەی کوردستان بەبێ هیچ تایبەتمەندییەکی هاوبەشی کولتووری و مێژوویی هەست بە یەکگرتوویی لەڕووی ناسنامەوە بکەن. واتە "ناسنامەی نەتەوەیی" شتێکی دەستکرد نییە بەڵکوو لەمێژینەیە. ئەگەر ئەو تیۆرییە یونیڤرسالیش نەبێ، لانیکەم لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئوراسیا نەتەوەکان زۆر لەمێژینەن. بۆ نموونە، میرنشینە کوردییەکان کە لە نیزیکەی هەزار ساڵ بەر لە ئێستا فۆرمیان گرتووە (شەدادی، عەنازی، بەنی حەسەنوەی و ...) هەموویان لە لایەن قەومەکانی دیکەی ناوچەکەوە وەک کورد ناسراون و پاشناوی کوردیان هەبووە (وەک بەنی حەسەنوەی کوردی) و ناوی کوردستانیش بۆ ئەو خاکە کە کورد لێی ژیاوە بە کار هاتووە.[5]

## ناسیۆنالیسم

بەڵام ئەگەر بێینە سەر ناسیۆنالیسم، کێشەکە جیاوازە. ناسیۆنالیسم ئەگەر بە واتای نیشتمانپەروەری[1] و خۆشویستنی خاک و نەتەوەی خۆت بێ (پاتریۆتیسم)، دیاردەیەکی لەمێژینەیە. ئاشکرایە کە مرۆڤ هەردەم لەگەڵ هاوزمانەکان و هاونیشتمانییەکانی خۆی هەست بە نیزیکایەتییەکی زیاتر دەکا لەوەی لەگەڵ ئەندامانی نەتەوەکانی دیکە. تەنێ ئیدیۆلۆژی (بۆ وێنە ئایین یان کۆمونیسم) دەتوانێ ببێتە هۆی هەست بە نیزیکایەتی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و قبووڵکردنی

---

[1] patriotism

زاڵبوونی ئەوان. بەڵام ناسیۆنالیسم بە واتای هەوڵ بۆ سازکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی و پترکردنی دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا دیاردەیەکی مۆدێرنە و دەگەڕێتەوە بۆ کاتی لەدایکبوونی پرۆتۆ-ناسیۆنالیسم لە سەردەمی ڕێنسانس و *دەوڵەتی نەتەوەیی* لەدوای پەیمانی ڤێستفالێن (١٦٤٨). لەو ڕوانگەیەوە، ناسیۆنالیسم نەک هەر لە کوردستان کە لە هەموو جیهان دیاردەیەکی مۆدێرنە.

ناسیۆنالیسم خۆی لە سێ بەش پێک دێ: ئیدیۆلۆژی، بزووتنەوە و دەوڵەت (یان ئاواتی دامەزراندنی دەوڵەت). ناسیۆنالیسم وەک ئیدیۆلۆژی لە کۆمەڵێک دال[1] پێک هاتووە کە هەموویان لە دەوری یەک دالی گەورە[2] کە نەتەوەیە کۆ بوونەوە. ناسیۆنالیسم وەک بزووتنەوە هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان لە خۆ دەگرێ و لە کۆنترۆلی هیچ چینێکی کۆمەڵایەتیدا نییە؛ هەرچەندە لەوانەیە لە بڕگەیەکی مێژوویی تایبەتدا چینێکی تایبەت ڕۆڵێکی زیاتر بگێڕێ و سەرۆکایەتیی ئەو بزووتنەوەیە بکا. ناسیۆنالیسم وەک دەوڵەت بەدامەزراوەییکردنی ئیدیۆلۆژی و بزووتنەوەی ناسیۆنالیستییە. هەموو ناسیۆنالیسمێک داوای دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی یان بەهێزکردنی دەوڵەتی خۆی دەکا. ناسیۆنالیسم لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت بێواتایە. هەربۆیە دەبێ بەو ئیدیۆلۆژیانەی کە دەیانەوێ کێشەی

---

[1] signifier

[2] master-signifier

نەتەوەیی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکاندا چارەسەر بکەن و داوای ئۆتۆنۆمی و فێدرالیسم دەکەن، بڵێین شێوە-ناسیۆنالیسم[١]

بەپێچەوانەی بۆچوونی باوی مۆدێرنیستی کە سەرەتای مێژووی نەتەوە و ناسیۆنالیسم دەگەڕێنێتەوە بۆ شۆڕشی فەرانسە، ناسیۆنالیسم بە شێوەی سەرەتایی لە سەدەی شازدەهەمەوە دەست پێدەکا؛ کاتێک کە هێنری هەشتەم کلیسەی ئینگەلندی[٢] لە کلیسەی کاتۆلیک سەربەخۆ کرد و خۆی وەک سەرۆکی کلیسە ڕاگەیاند.[(6)] ئەو ڕووداوە مێژووییە کە قسەوباسی زۆری لێکەوتەوە و بوو بە هۆی دەستلەکارکێشانەوە، دادگایی و سەربڕانی تامس مۆر (نووسەری کتێبی *یوتۆپیا*)، هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی پرۆتستانتیسم لە ناوچە ئەڵمانی زمانەکان. هەروەک دەزانین، مارتین لوتێر ئینجیلی وەرگێڕا سەر زمانی ئەڵمانی و زەبرێکی گەورەی لە زمانی پیرۆزی لاتین و کلێسای کاتۆلیک دا. هاوکات لە ئیتالیاش کە ئەو کاتە وڵاتێکی یەکگرتوو نەبوو، نیکۆلۆ ماکیاڤێلی بە توندی بە دژی کلێسا هەڵوێستی گرت و داوای دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی ئیتالیای کرد.[(7)] هەموو ئەو ڕووداوە هزری و ئایینی و سیاسییانە لە نیوەی یەکەمی سەدەی شازدەهەمدا ڕوویان دا. دواتر لە سەدەی حەڤدەهەمدا کە پێکدادانی کاتۆلیکەکان و پرۆتستانەکان گەیشتە ئەوپەڕی خۆی، هیچیان بە سەر ئەوی دیکەدا سەرنەکەوت و لە پەیمانی ڤێستفالێندا بڕیاریان دا کە هەر فەرمانڕەوایەک

---

[1] pseudo-nationalism

[2] Church of England

لە چوارچێوەی وڵاتی خۆیدا خاوەن سەروەری بێ. چەمکی سەروەری[1] (بە واتای ئەوەی کە هیچ دەسەڵاتێک لە سەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیی نەبێ و جگە لە دەوڵەتی نەتەوەیی هیچ دەسەڵاتێک مافی ئەوەی نەبێ یاسا بۆ نەتەوەیەکی دیاریکراو دابنێ) بۆ تێگەیشتن لە ناسیۆنالیسم و توانای ڕزگاریخوازیی ناسیۆنالیسم زۆر گرینگە. دیارە وەها سیستمیک کە پێیان گوت *سیستمی ڤێستفالێنی* لە پرۆسەیەکی چوارسەد ساڵەدا جیهانی دابەش کرد بە چەندین نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی و ئەو پرۆسەیە ئێستاش بەردەوامە.

بەگشتی، ناسیۆنالیسم وەک قوتابخانەیەکی سیاسی، مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ هەموو گرووپە مرۆییەکان بە ئاسایی دەزانێ. هەتا سەدەی بیستەم، ڕوانینێکی گەشبینانە سەبارەت بەو بابەتە هەبوو. گریمانەکە ئەوە بوو کە هەر نەتەوەیەک لە چوارچێوەی خاکی خۆیدا دەبێتە خاوەنی دەوڵەتی تایبەتی خۆی و هەموو لە تەنیشت یەکدی برایانە دەژین و پێش دەکەون. بۆ وێنە، لە ساڵی ١٨٤٨، فریدریک سورۆ،[2] نیگارکێشی فەرانسی، نیگارێکی کێشاوە بە ناوی "پەیمانی نێوان نەتەوەکان"[3] کە لەوێدا جیهانێکی خەیاڵی نەخشاند کە چەندین کۆماری دێموکراتیک تێیدا پێکەوە دەژین. لەو نیگارەدا، خەڵکانی هەموو ئەورووپا و ئەمریکا، ژن و پیاو، لە هەموو تەمەنەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکان بە

---

[1] sovereignty

[2] Frédéric Sorrieu

[3] Le pacte

ڕیز دەڕۆن و ڕێزی خۆیان بۆ پەیکەرەی ئازادی کە لە دەستێکیدا ئاگری ڕۆشنگەری پێیە و لە دەستەکەی دیکەیدا جاڕنامەی مافی مرۆڤی پێیە، نیشان دەدەن. لەم تابلۆیەدا، خەڵکانی وڵاتانی خاوەن شارستانیەت لە چەندین نەتەوەی جیاوازدا پۆلێنبەندی کراون و ئەندامانی هەر نەتەوەیەک ئاڵا و جلوبەرگی نەتەوەیی خۆی لەبەردایە. هاوکات، هەموو نەتەوەکان بە ڕۆحێکی برایانەوە پێکەوە دەژین. وشەی "برایەتی"[1] لەسەر تابلۆکە نووسراوە و کەسێکی پیرۆز کە فریشتەکان دەوریان داوە، بانگەوازی ئاشتی و برایەتی دەکا (وێنەی ڕووبەرگ).

بەڵام نیزیکەی شەش دەیە و نیو دوای ئەو نیگارە گەشبینانەیەی سورۆ، "براکان" لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا وا لێکیان دا کە گەورەترین کوشتنەکانی جیهان هەتا ئەو کاتەیان تۆمار کرد و لەویش خراپتر، "براکان" ئەو هەموو کوشتنەیان پێ کەم بوو و لە جەنگی جیهانی دووهەمدا کوشتنی زۆر تاوانبارانەتریان لە نیزیکەی نیوەی گۆی زەوی تۆمار کرد. دوای جەنگی جیهانیی دووهەم شەپۆلی سەربەخۆییخوازیی لە وڵاتانی بەکۆلۆنیکراو بوو بە هۆی چەندین جەنگی دیکە کە بە میلیۆنان مرۆڤی دیکەیان کردە قوربانی. دوای تێکچوونی یەکێتیی سۆڤیەت، شەپۆلێکی دیکەی سەربەخۆییخوازی دەستی پێکرد کە هەتا ئێستا گیانی سەدان هەزار کەسی ستاندووە.

بەڵام لەڕاستیدا هۆکاری تێکبەربوونی "براکان"ی سورۆ ئەوە نەبوو کە ئەوان خوازیاری خاک و ئاڵا و بە کورتی خوازیاری دەوڵەتی خۆیان بوون بەڵکوو ئەوە

---

[1] Fraternity

بوو کە شێوازی بەرهەمهێنانی کاپیتالیستی کە بنەمای ماددیی سیستمی جیهانی مۆدێرن بوو، کۆلۆنیالیسمی بەرهەم هێنا و هەندێک لە نەتەوەکان چاوی تەماحیان لە وڵاتانی دوورەدەست لە ئاسیا و ئافریقا بڕیبوو و هەندێکی دیکەش کە کۆلۆنیالیستێکی وا نەبوون، بەتایبەت ئەلمانیا،(8) تووشی ئیدیۆلۆژیی ناسیۆنالیسمی داگیرکەر بوون و ویستیان دەست بەسەر خاکی نەتەوەکانی دراوسێیاندا بگرن. ئەگەر هەر نەتەوەیەک لە چوارچێوەی خاکی خۆیدا ناسیۆنالیسمی ڕزگاریخوازانەی خۆی گەشە پێدابا، لەوانە بوو هیچ شەڕێک بە بیانووی نەتەوەیی نەقەومێ و بەرەوپێشچوون و هێژمۆنیی ئەورووپا لە ئاستی جیهانیدا بەردەوام بێ.

لەڕووی ئیدیۆلۆژیکەوە، ناسیۆنالیسمی داگیرکەر پەیوەندییەکی بەهێزی بە "وەهمی ئەلمانی"ەوە هەیە؛ ئەو وەهمەی کە سووژەکەی پێی وا بوو دەتوانێ دەست بەسەر خاکی وڵاتانی دراوسێدا بگرێ، "گۆڕەپانی ژیان"[1] بۆ نەژادی ژێرمەن دابین بکا، نەتەوەکانی دیکە لە خاکی خۆیان دەرپەڕێنێ یان ناسنامەی کولتووری-سیاسیی خۆی بەسەر هەموو نەتەوەکاندا بسەپێنێ و ئەوان بکاتە کۆیلەی خۆی. دیارە ئەو وەهمە پەیوەندییەکی بەهێزی بە فۆرماسیۆنی ئابوورییەوە هەیە و بەتایبەت بورژوازیی پیشەسازیی ئەلمانی لە هەردووک جەنگی جیهانیدا پشتیوانیی لە شەڕەکان کردووە(9) بەڵام ئەو وەهمە نەک هەر ئەلمانیای لە دوو جەنگی جیهانیدا کردە قوربانی بەڵکوو بە هۆی پەیوەندیی بەهێزی

[1] Lebensraum

ناسیۆنالیستەکانی ژاپۆن و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەت ناسیۆنالیستەکانی سێ نەتەوەی فارس و تورک و عەرەب، لەگەڵ ئیدیۆلۆژیی ناسیۆنالیسمی داگیرکەری ئەڵمانی، لەو وڵاتانەشدا وەهمی توانای داگیرکردنی وڵاتانی دراوسێی خوڵقاند و تاوانی وەک ژێنۆسایدی نەتەوەی یۆنانی، ئەرمەنی و کوردی لێکەوتەوە. پەیوەندیی نێوان ئیدیۆلۆژیی بناغەدانەرانی ئیدیۆلۆژیی بەعسیسم (زەکی ئەرسۆزی و میشێل عەفلەق) لەگەڵ نازیسمی ئەڵمانی و هەروەها پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی ناسیۆنالیستی ڕەزا پەهلەویی ئێران لەگەڵ نازییەکانی ئەڵمانیا سوور و ئاشکرایە.

هەروەها زمانەوانەکان و مێژوونووسانی ئەڵمانی (بەتایبەت فرانتس بۆپ[1] کە زۆر خۆی بە دۆزینەوەی هاوپەیوەندی لە نێوان زمانی ئەڵمانی و سانسکریت خەریک کرد) لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە هەوڵیان دا بڵێن کە زمان و نەژادی ئەورووپایی زۆر بەربڵاوترە لە کیشوەری ئەورووپا، و هەموو هیندستان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش دەگرێتەوە و نەژادی ژێرمەن لە هەموویان زیرەکترە و هتد.[(10)] لە سەردەمی نازیسمدا بە مەبەستی دۆزینەوەی هاوپەیمانێک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، تیۆریی بێبنەمای زمانە هیندوئەورووپاییەکان دیسان هاتەوە گۆڕێ و ویستیان بە زۆرەملی هیندستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکەنە خزمی نەژادی ژێرمەن کە لەڕووی زانستییەوە بۆیان جێبەجێ نەبوو بەڵام ئێستاش ئێرانیستەکان لە زانکۆکان و ناوەندە شێوە-زانستییەکانی ڕۆژهەڵاتی

---

[1] Frantz Bopp (1791-1867)

نێوەڕاست بەو تیۆرییە بێبنەمایە کار دەکەن بۆ ئەوەی ئەجێندای سیاسیی خۆیان بپێکن. بەڵام ئێرانیسم ئێستا فۆرمی نوێتری بە خۆیەوە گرتووە و لە بەرگی ئاییندا درێژە بە پێکانی ئامانجەکانی خۆی دەدا؛ شتێکی هاوشێوەی یەکێتیی سۆڤیەت کە ناسیۆنالیسمی داگیرکەری ڕووسی لە بەرگی کۆمونیسمدا بەرەو پێش دەچوو بەڵام لە کۆتاییدا خۆی بووە قوربانی.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر باسی تیپۆلۆژیی ناسیۆنالیسم، ئاشکرایە کە جەنگەکانی سەدەکانی ڕابردوو بەهۆی کۆلۆنیالیسم ڕوویان داوە و ناسیۆنالیسمی ڕزگاریخواز دژ بە کۆلۆنیالیسم بووە. ناسیۆنالیسمی ڕزگاریخواز داوای بندەستکردنی نەتەوەکانی دیکە و داگیرکردنی خاکی ئەوان ناکا بەڵکوو خوازیاری سەروەرییە. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ کردووە، سەروەری واتە نە بندەست بی و نە سەردەست بەڵکوو لە چوارچێوەی خاکی خۆتدا هیچ دەسەڵاتێک لە سەرەوەی دەسەڵاتی نەتەوە نەبێ، توانای بڕیاری سەربەخۆت هەبێ و بەتایبەت لە ساتە هەستیارەکاندا بڕیار بۆ چارەنووسی خۆت بدەی. بەڵام دژبەرانی ناسیۆنالیسم دەڵێن ناسیۆنالیسم بەگشتی بووەتە هۆی هەموو ئەو تاوان و کارەساتانە و دەبێ کۆتایی بە هەموو جۆرەکانی ناسیۆنالیسم بهێنین! بەڵام لێرەدا پرسیارێکی گرینگ زەق دەبێتەوە: ئەگەر ناسیۆنالیسم بووەتە هۆی هەموو جەنگەکانی جیهانی مۆدێرن، بۆ چی هیچ ئیدیۆلۆژییەکی دیکە ناتوانێ ڕکەبەریی ناسیۆنالیسم بکا و ناسیۆنالیسم هەموو جارێ بە هێزێکی زۆر زیاتر لە جاران دەگەڕێتەوە؟ بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە دەبێ بزانین ناسیۆنالیسم خاوەنی چ تایبەتمەندییەکە کە

دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی. لە ڕاستیدا، دژبەرانی ناسیۆنالیسم ناتوانن لە چەند خاڵ سەبارەت بە ناسیۆنالیسم بگەن کە سەرەڕای هەموو شەڕەکان دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی.

خاڵی یەکەم ئەوەیە کە ناسیۆنالیسم زۆر زیاتر لە ئیدیۆلۆژییەکانی دیکە دەبێتە هۆی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی. لە جیهانی مۆدێرندا کە مرۆڤەکان لە هەندێک پێکهاتەی تاکباوەڕانە و بەرژەوەندیخوازانەدا زیندانی کراون کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی هەستی نامۆبوونی مرۆڤ لە مرۆڤەکانی دیکە، هەستی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی زۆر گرینگە. ناسیۆنالیسم وەک ئیدیۆلۆژی، دەبێتە هۆی هەڵاتنی تاکەکان لەو زیندانانە و یەکگرتنەوە لەگەڵ هاونیشتمانیان لە ئاسۆیەکی بەرفراوانتردا. هیچ ئیدیۆلۆژی و فەلسەفەیەکی دیکە ناتوانێ وەک ناسیۆنالیسم لەو بوارەدا بجووڵێتەوە. سۆسیالیسم دەتوانێ لە نێوان ئەندامانی چینێکی کۆمەڵایەتیدا هەستی یەکگرتوویی ساز بکا. بەڵام ئەگەر لەگەڵ ناسیۆنالیسم جومگەبەندی[1] نەکرێ، لە ئاستی کۆمەڵگەیەکدا کەلێنی خراپ دروست دەکا. ئۆمانیسم، کۆسمۆپۆلیتەنیسم و ئەنترناسیۆنالیسم کە بانگەشەی پێکهێنانی یەکگرتوویی لە نێوان هەموو مرۆڤەکان و هەموو ئەندامانی چینێکی تایبەتدا دەکەن، بە هۆی کەلێن کولتووری و مێژووییەکان هەتا ئێستا نەیانتوانیوە ئەو یەکگرتووییە قووڵەی کە ناسیۆنالیسم دەتوانێ لە نێو ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی کولتووری و مێژووییدا پێکی دەهێنێ، ساز بکەن. ڕەمزی مانەوەی ناسیۆنالیسم

---

[1] articulation

لەو هەستی یەکگرتووییە لە نێوان ئەو مرۆڤانەدایە کە خۆیان بە هۆکاری ڕاست یان خەیاڵی لە یەک ئاخێزگە دەزانن.

خاڵی دووهەم ئەوەیە کە لە یەکە چەند-نەتەوەییەکاندا ناسیۆنالیسم هەڵبژاردنی نەتەوەیەکی تایبەت نییە بەڵکوو لە لایەن نەتەوەکانی دیکەوە بەسەر نەتەوەیەکدا دەسەپێ. لەو یەکانەدا کە لە چەند نەتەوە پێک هاتوون، لە زۆربەی کاتەکاندا یەکسانی بوونی نییە بەڵکوو پەیوەندییەکانی دەسەڵات زۆر زەقن و نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا زاڵ دەبێ و دەیانچەوسێنێتەوە. لە کۆتاییدا پێکهاتەکانی ناوەند-پەراوێز فۆرم دەگرن. لەو وڵاتانەدا، نەتەوەی دەسەڵاتدار و زاڵ هەمان پەیوەندیی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە هەیە کە کۆلۆنیالیستەکان لەگەڵ کۆلۆنییەکان هەیانە. ئەو کۆلۆنیالیسمە لە لایەن نەتەوە بەکۆلۆنیکراوەکانەوە بەربەرەکانی لەگەڵ دەکرێ و ڕێگا بۆ گەشەی ناسیۆنالیسم دەکرێتەوە. ناسیۆنالیسمی ڕزگاریخوازی نەتەوە بەکۆلۆنیکراوەکان بەرەوڕووی ناسیۆنالیسمی داگیرکەری نەتەوەی زاڵ دەبێتەوە. لەو وڵاتانەدا، نەتەوەی زاڵ هەوڵ دەدا بە کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتی دامەزراوە ئیدیۆلۆژیکەکانی دەوڵەت، بە نەتەوەکانی دیکە بقەبووڵێنێ کە لەو چوارچێوەیەدا بمێننەوە بەڵام "بابەتی سەمبۆلیک" ناتوانێ "بابەتی ڕاستەقینە" داگیر بکا و لە کۆتاییدا بابەتی ڕاستەقینە دەگەڕێتەوە سەر جێی خۆی و پەتیبوونی وێناکراوی بابەتی سەمبۆلیک دەشێوێنێ. دوای شێواندنی بابەتی سەمبۆلیک، ناسیۆنالیسمی داگیرکەر ناتوانێ بەردەوام بێ و دەڕووخێ.

هەروەها لە یەکە چەند-نەتەوەییەکاندا، نەتەوەی زاڵ بۆ سەلماندنی خۆی و سەپاندنی زمان و کولتووری خۆی بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا، ناچار دەبێ سیاسەتی یەکدەستکردن و تواندنەوە[1] بگرێتە بەر. لە یەکدەستکردندا نەتەوەکانی دیکەی نێو هەمان یەکە دەبنە *ئەویدیی* ناسنامەیی و زمان و کولتووری ئەوان وەک بەشێک لە زمانی بێگانەکان لە قەڵەم دەدرێ. هەربۆیە زمان و کولتووری نەتەوەکانی دیکە پەراوێز دەخرێ و ئەو تاکانەی کە هەڵگری زمان و کولتووری نەتەوە بەکۆلۆنیکراوەکان بن، دەکەونە بەر سووکایەتی و هەڵاواردن. بەڵام ئێلتیەکانی نەتەوە بەکۆلۆنیکراوەکان ئەوە هەڵناگرن و دەست دەکەن بە ڕێکخستنی بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخواز و دەکەونە شەڕی ناسیۆنالیسمی داگیرکەر.

**سەبارەت بە داگیرکاری و چەشنەکانی ناسیۆنالیسم**

ئەگەر دەسەڵاتێکی دەرەکی یان دەوڵەتێک دەست بە سەر خاکێکی دیاریکراودا بگرێ، بێ-ئەوەی دانیشتووانی ئەو خاکە داوایان لەو دەسەڵاتە کردبێ کە لەوێ بوونی هەبێ، ئەو دەوڵەتە داگیرکەرە. داگیرکاری لەوانەیە بە شێوەی کاتی ڕوو بدا (بۆ وێنە کاتێک دەوڵەتێک لە شەڕێکدا بەسەر وڵاتێکدا زاڵ دەبێ بەڵام دواتر ئەوێ بەجێ دەهێڵێ بۆ ئەوەی دانیشتووانی خاکەکە خۆیان کۆنترۆڵی خاکی خۆیان بکەن) یان بە شێوەی درێژخایەن (بۆ وێنە کاتێک دەوڵەتێک سەدان ساڵە وڵاتێکی داگیر کردووە و ئەو خاکە وەک بەشێک لە خاکی خۆی لە قەڵەم دەدا).

---

[1] Assimilation

لە هەردووک نموونەدا داگیرکەر هەر داگیرکەرە و ماوەی داگیرکرانی خاکێک هیچ مافێک بۆ داگیرکەر دروست ناکا.

داگیرکاریی درێژخایەن لە سەردەمی مۆدێرندا فۆرمی وەک کۆلۆنیالیسمی بە خۆیەوە گرتووە. لە کۆلۆنیالیسمیشدا دەوڵەتێکی بیانی دەست بەسەر خاکێکی دیاریکراودا دەگرێ و ئەوێ وەک بەشێک لە خاکی خۆی لە قەڵەم دەدا. بیانوویەکانی کۆلۆنیالیسم دەتوانێ جۆراوجۆر بێ؛ لە ئەرکێکی مێژوویی بۆ بڵاوکردنەوەی شارستانیەتەوە بگرە هەتا بانگەشە بۆ ئایینێکی تایبەت یان زۆرەملییەکی ڕووت و بێپاساو. لێرەدایە کە ناسیۆنالیسمی ڕزگاریخواز، وەک ئیدیۆلۆژی و بزووتنەوە، دەتوانێ بە دژی داگیرکاری رۆڵێکی پێشکەوتنخوازانە بگێڕێ. پێشکەوتنخوازبوونی ئەم جۆرە لە ناسیۆنالیسم کاتێک دەردەکەوێ کە لە نموونە مێژووییەکاندا دەبینین بەدژی داگیرکاری و کۆلۆنیالیسم هەڵوێست دەگرێ و دەبێتە هۆی ڕزگاربوونی نەتەوەیەکی بەکۆلۆنیکراو و گەڕاندنەوەی سەروەری و شکۆ بۆ ئەو. هەربۆیە دەتوانین بەم جۆرە ناسیۆنالیسمە بڵێین ناسیۆنالیسمی ڕزگاریخواز. *ناسیۆنالیسمی ڕزگاریخواز* بەدژی *ناسیۆنالیسمی داگیرکەر* هەڵوێست دەگرێ و جیاوازیدانان لە نێوان ئەو دووانە زۆر پێویستە.

وەک نموونەیەکی مێژوویی دەتوانین ئاماژە بە ناسیۆنالیسمی گورجی بکەین. گورجستان (جۆرجیا) لە سەدەی یازدەهەمەوە وەک پاشایەتییەکی یەکگرتوو لەسەر دەستی دەیڤیدی گەورە (١٠٨٩-١١٢٥) دامەزرا و دواتر لە لایەن شاژن تامار (١١٨٤-١٢١٣) درێژەی بە گەشەی بەرچاوی خۆی دا کە وەک رێنسانسی

گورجستان دەناسرێ بەڵام لە ئاکامی هێرشی خارەزمییەکان و مەغۆلەکاندا پارچەپارچە بوو و دواتر کەوتە ژێر دەستی عوسمانییەکان کە لە تۆرەمەی تورکەکانی ئاسیای نێوەڕاست بوون. پاشان کەوتنە ژێر دەستی عەجەمەکانی ئەو ناوچەیە کە دواتر ناویان نا ئێران. دواتر گورجستان لکا بە ڕووسیای تێزارییەوە. دوای شۆڕشی کۆمونیستیی ١٩١٧ گورجستان بوو بە کۆمارێکی خودموختار لە چوارچێوەی یەکێتیی سۆڤیەتدا. هەرچەندە ئێلیتە گورجییەکان دەورێکی بەرچاویان لە دەسەڵاتی سۆڤیەتدا هەبوو (ستالین و شواردزنادزە گورجی بوون) بەڵام بەردەوام هەستیان بە بندەستیی ڕووسەکان دەکرد و داوای سەربەخۆییان دەکرد.[11] دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، گورجستان بە ئاواتی لەمێژینەوەی خۆی گەیشت و ڕزگاریی نەتەوەیی دەستەبەر کرد.

ئەو بابەتەی لێرەدا گرینگە و پێویستە بیری لێ بکەینەوە، ئەو پرسیارەیە: ناسنامەی گورجییەکان چ بوو؟ ئایا ئەوان مەغۆل بوون چونکە کەوتبوونە بن دەستی مەغۆلەکان؟ ئایا ئەوان تورکی عوسمانی بوون چونکە عوسمانییەکان وڵاتی ئەوانیان داگیر کردبوو؟ ئایا ئەوان عەجەمی ئێرانی بوون؟ ئایا ڕووس بوون؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە ماوەی حەوتسەد ساڵدا گورجییەکان نە مەغۆل بوون، نە عەجەمی عوسمانی و ئێرانی، نە ڕووس. ئەوان هەر گورجی بوون و بە ئاواتی ڕزگاری دەژیان. ناسیۆنالیسمی گورجی ئەو ئیدیۆلۆژی و بزوتنەوەیە بوو کە داوای سەروەری بۆ گورجستان دەکرد و لە کۆتاییشدا پێی گەیشت.

ئەو بابەتەی سەبارەت بە گورجستان گوترا، سەبارەت بە کوردستانیش ڕاستە. هەرچەندە هەندێک جیاوازی هەیە (بۆ نموونە، کوردستان پاشایەتیی یەکگرتووی نەبووە بەڵکوو چەندین میرنشینی هەبووە). بەڵام پانتایی خاک، پێگەی جوگرافیایی، ڕادەی سەرچاوە سرووشتییەکان و جەماوەری کوردستان زۆر زیاترە لە گورجستان و ئەرمەنستان، هەربۆیە زۆر گرینگترە. دەسەڵاتی خۆجێیی میرنشینە کوردییەکان هەتا سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لە ئەوپەڕی خۆیدا بووە و تەنانەت کەسانی وەک میر محەممەد، میری سۆران، ویستوویانە بەرەو سەروەری هەنگاو بنێن بەڵام لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، میرنشینە کوردییەکان بەهۆی داگیرکاریی هاوکاتی عوسمانی و قاجار بەرەبەرە لە نێو چوون.

ئەو شتەی وەک بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان دەناسرێ، دەگەڕێتەوە بۆ کاتی لەنێوچوونی میرنشینە کوردییەکان. بزووتنەوەکانی دوای لەنێوچوونی میرنشینە کوردییەکان سەروەریخواز بوون و داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیان دەکرد. ئەو ڕەوتە هەتا کۆتاییهاتنی بزوتنەوەی دێرسیم لە ١٩٣٨ و تەنانەت لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەردەوام بوو. بەڵام بزوتنەوەکانی دوای دێرسیم و کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەلاڕێدا چوون و لەژێر کاریگەریی ئیدیۆلۆژیی چەپ بوون بە بندەستیخواز و بەرتەسکخواز (ڕێدوکسیونیست). ئەوان لەجیاتی سەروەری، داوای ئۆتۆنۆمی و فێدرالیسمیان کرد و نەتەوەی کوردیان وەک بەشێک لە وڵاتی کۆلۆنیالیست ناساند. هەروەها، لەڕووی ستراتیژییەوە، ستراتیژیی دامەزراندنی سێکتی پۆپولیست و شەڕی گەریلایی درێژخایەنیان گرتە

بەر کە ئاراستەی چەپڕەوانەی پێوە دیار بوو و کەلێنی چینایەتییان چالاک کرد کە بە قازانجی کۆلۆنیالیستەکان بوو.

ئەو ئیدیۆلۆژییە ناسیۆنالیسمی ڕزگاریخواز نییە بەڵکوو شێوە-ناسیۆنالیسمی بندەستیخوازە کە دۆخی باو بەرهەم دەهێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر دەرفەتی ڕزگاریی یەکجاری بۆ کورد بڕەخسێ، بەو جۆرە ئیدیۆلۆژییە ناتوانێ ڕزگار بێ. نموونەی هەرە زەقی ئەو بابەتە دەتوانین لە بارودۆخی باشووری کوردستان لە دوای ڕووخانی سەدامەوە ببینین. هەموو دەرفەتەکانی ساڵانی ٢٠٠٣، ٢٠١٤ و ٢٠١٧ بۆ بەدەستهێنانی سەروەری لە کیس چوو لەبەر ئەوەی کە ئیدیۆلۆژیی زاڵ بەسەر لایەنەکانی باشووری کوردستاندا شێوە-ناسیۆنالیسمی بندەستیخواز بوو. ئەو ئیدیۆلۆژییە بەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا زاڵە هەربۆیە جێی سەرسوڕمان نییە کە کوردستان دوای لانیکەم سەدوپەنجا ساڵ پێشینەی بزووتنەوەی نەتەوەیی هەر وا لە بندەستیدا ماوەتەوە و ناتوانێ لە دەرفەتەکانی بەدەستهێنانی سەروەری کەڵک وەگرێ. هەروەک لە بەشی مێتۆدی دۆزینەوەی ڕەخنەییدا باسم کرد، سووژەی بندەست خاوەنی ئیدیۆلۆژییەکە کە ڕاستەقینەی ئەو بەرهەم دەهێنێ. هەتا ئەم ئیدیۆلۆژییە نەگۆڕدرێ، ڕاستەقینەکە هەر دۆخی ئێستا دەبێ.

### ئەنجام

نەتەوە بوونێکی کۆنە بەڵام ناسیۆنالیسم ڕابردوویەکی پێنجسەد ساڵەی هەیە و فۆرمی جۆراوجۆری بە خۆیەوە گرتووە. گرینگترین فۆرمەکانی ناسیۆنالیسم بریتین

لە: یەکەم، ناسیۆنالیسمی داگیرکەر و کۆلۆنیالیستی کە دەکەوێتە خزمەت دەوڵەتە داگیرکەرەکان و کۆلۆنیالیستەکان. ناسیۆنالیسمی داگیرکەر داوای بەکۆیلەکردنی نەتەوەکانی دیکە و ڕێکخستنی ژیانی نەتەوەکان لەژێر ڕکێفی نەتەوەی خۆیدا دەکا. بۆ نموونە، تورکیسم و ئێرانیسم لە چەشنی ناسیۆنالیسمی داگیرکەرن. ئەوانە بە وەهمی زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆری دەژین. دووهەم، ناسیۆنالیسمی ڕزگاریخواز و دژەکۆلۆنیالیستی کە دەبێتە چەکی دەستی کەرتی نەتەوەیی لە وڵاتانی بەکۆلۆنیکراو (بڕوانە وتاری دەهەم). ناسیۆنالیسمی ڕزگاریخواز تەنێ داوای دامەزراندنی دەوڵەت یان سەروەریی سیاسی-ئابووری بۆ وڵاتی خۆی دەکا و چاوی تەماح لە خاکی نەتەوەکانی دیکە نابڕێ و نایەوێ خاکی نەتەوەکانی دیکە بخاتە ژێر کۆنترۆلی خۆی. ناسیۆنالیسمی داگیرکەر دەیەوێ ناسنامەی خۆی (زمان، مێژوو، کولتوور و ...) بەسەر وڵاتانی داگیرکراودا بسەپێنێ و بیانتوێنێتەوە. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ترسی داگیرکەران لە ناسنامەی جیاوازی داگیرکراوەکان. بەپێچەوانەوە، ناسیۆنالیسمی ڕزگاریخواز دەیەوێ ناسنامەی خۆی زیندوو بکاتەوە بۆ ئەوەی کە بەربەرەکانی لەگەڵ ناسیۆنالیسمی داگیرکەر بکا و پێشی تاڵان و لەنێوچوونی نەتەوەی خۆی بگرێ. ئاشکرایە کە ئەو دوو چەشنە ناسیۆنالیسمە تەواو دژ بەیەکن و ئێمە ناتوانین ئەوانە بخەینە یەک کاتیگۆرییەوە.

بەڵام خاڵی سەرەکیی ئەو وتارە وەک بەشدارییەک لە تیۆریی ناسیۆنالیسمدا ئەوەیە کە جۆرێکی دیکە لە ناسیۆنالیسم لە نێو نەتەوە بێدەوڵەتەکاندا هەیە کە

دەتوانین ناوی بنێین *شێوە-ناسیۆنالیسمی بندەستیخواز*. ئەو جۆرە ناسیۆنالیسمە هۆکاری سەرەکیی مانەوەی نەتەوە بندەستەکان لە دۆخی بندەستیدایە. شێوە-ناسیۆنالیسمی بندەستیخواز توانا و بوێریی ڕزگاریی نییە و بە خەیاڵی خۆی دەیەوێ کێشەی نەتەوەی بەکۆلۆنیکراو لە چوارچێوەی وڵاتی کۆلۆنیالیستدا چارەسەر بکا لە کاتێکدا دەوڵەتی کۆلۆنیالیست لەوە بەهێزترە کە ئیمتیازی وا بە نەتەوەی بەکۆلۆنیکراو بدا. هەربۆیە تەنانەت ئەگەر دەرفەتی ڕزگاریی یەکجاری بۆ نەتەوەی بەکۆلۆنیکراو بڕەخسێ، ئەگەر ئیدیۆلۆژییەکەی شێوە-ناسیۆنالیسمی بندەستیخواز بێ، ناتوانێ کەڵکی لێ وەرگرێ و هەر دۆخی بندەستی بەرهەم دەهێنێتەوە.

# ٦

# قۆناغبەندیی مێژووی سیاسیی کوردستان

قۆناغبەندی[1] بۆ تێگەیشتن لە مێژووی هەر نەتەوەیەک زۆر گرینگە چونکە وێنای گشتیی بەسەرهاتی نەتەوە لە سووژەکاندا جێگیر دەکا و دەبێتە هۆی ناسنامەی نەتەوەیی تایبەت. لە کوردستان، هیچ دەقێکی جیددی سەبارەت بە قۆناغبەندی نەنووسراوە یان مێژووی کوردستان بەپێی مێژووی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان قۆناغبەندی کراوە کە هەڵەیەکی تیۆریک و مێتۆدیکی گەورەیە چونکە کاتێک نەتەوەیەک مێژووی خۆی بەپێی مێژووی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان قۆناغبەندی دەکا، واتای ناڕاستەوخۆی ئەو قۆناغبەندییە ئەوەیە کە ناسنامەی ئەو نەتەوەیە بەشێکە لە دەوڵەتی کۆلۆنیالیست. دیارە وەها تێگەیشتنێک ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەرهەمهێنانەوەی دۆخی بندەستیدا هەیە. هەربۆیە لێرەدا بەکورتی ئاماژەیەک بەو بابەتە دەکەم.

لە سەرەتادا، پێویستە ئاماژە بەو خاڵە گرینگە بکەم کە مێژووی کەوناری کوردستان (وەک ئیلامییەکان، مادەکان و ساسانییەکان) وەک هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی لەگەڵ ئەفسانەکان تێکەڵاو بووە و "بەڵگەمەند" نییە.

[1] periodization

ئەوە ئەرکی شوێنەوارناسەکان، ئەفسانەنووسەکان و ئیدیۆلۆگەکانە کە باسی ئەو سەردەمە بکەن و ئەفسانەکان بنووسنەوە.[١] دیارە مێژووی کەونار و ئەفسانەکانیش ڕۆڵێکی گرینگیان لە هەستی نەتەوایەتیدا هەیە بەڵام بۆ نووسینەوەی ئەو مێژووە و هەڵاواردنی بەڵگە سەلمێندراوەکان پسپۆڕییەکی تایبەت پێویستە.

بەڵام "مێژووی بەڵگەمەند"ی کوردستان کاتێک دەست پێدەکا کە لە سەرچاوە نووسراوەکاندا وشەکانی کورد و کوردستان لە لایەن کورد و نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکەوە بۆ وەسفی ئەو نەتەوەیەی لە کوردستان ژیاوە، بە کار هاتووە؛ ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ دامەزرانی میرنشینە کوردییەکان لە دەوروپشتی ساڵی هەزاری زایینی. میرنشینەکان ڕۆڵێکی یەکجار گرینگیان لە ناسنامەی نەتەوەیی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی-سیاسیی کوردستاندا هەبوو و چەشنێک سەربەخۆییان بۆ کورد دەستەبەر کردبوو. تەنانەت ئێستاش ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە ناوی میرنشینەکانەوە دەناسرێنەوە.

زۆربەی ئەو مێژوونووسانە کە مێژووی کوردستان بەپێی مێژووی دەوڵەتە داگیرکەرەکان دەنووسنەوە، زۆر گرینگی دەدەن بە دامەزرانی حکوومەتەکانی سەفەوی و عوسمانی و شەڕەکانی نێوان ئەوان، بەتایبەت شەڕی چاڵدڕان لە ١٥١٤. ئەوان دەڵێن کە کوردستان لە شەڕی چاڵدڕانەوە دابەش بووە بە دوو پارچە و لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم بووەتە چوار پارچە. ئەم ڕوانگەیە کێشەی زۆرە. هەرچەندە ئەوە ڕاستە کە سەفەوی و عوسمانی کوردستانیان کردە

مەیدانی شەڕەکانی نێوان خۆیان و زۆربەی میرنشینەکانی کوردستان هاوپەیمانیی خۆیان بۆ یەکێک لەو دوو حکوومەتە دەربڕی بەڵام ئەو شێوازە حکوومەتدارییە زۆر جیاواز بوو لە حکوومەتداریی مۆدێرن چونکە ئەو کاتە دەوڵەتی مۆدێرن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەبوو. ڕوانگەی باوەڕمەند بە رۆلی سەفەوی و عوسمانی لە مێژوونووسیی کوردستاندا رۆل و ڕادەی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان لەبەرچاو ناگرێ، بکەری[1] لە کورد دەستێنێ و مێژووی ڕابردوو بە چاویلکەی ئێستا دەخوێنێتەوە. بەشێکی زۆر لەو هەڵە مێتۆدیکە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە هەندێک مێژوونووس وادەزانن دەسەڵاتی سیاسیی سەردەمی پێش-مۆدێرنیش وەک سەردەمی مۆدێرن بەپێی دامەزراوەکان و پەیوەندییەکانی ئێستا بووە کە هەوڵی کۆنترۆلکردنی هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ (پەروەردە، ئابووری، سەربازی و هتد) دەدا لە کاتێکدا لە سەردەمی پێش-مۆدێرندا ئەو پێکهاتانەی پێیان دەڵێن خەلافەت و ئیمپراتۆری زۆرتر سەمبۆلیک بوون و دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەستی پێکهاتەکانی دەسەڵاتی ناوچەییدا بووە. ئەو کاتە، میرەکان و بەگەکان دەسەڵاتی ڕاستەقینەیان هەبووە و ئەمەگداری ئەوان بۆ خەڵیفەیەک یان ئیمپراتۆرێک زیاتر سەمبۆلیک بووە، نەک ڕێکخراو و بەدامەزراوەییکراو. ئەوە جگە لەوەی کە لە هەندێک لە ڕووداوە مێژووییەکاندا هەندێک لە میرنشینە کوردییەکان هەڵوێستی سەربەخۆ لە سەفەوی و عوسمانییان هەبووە کە نیشاندەری سەربەخۆیی ڕێژەیی ئەو میرنشینانە بووە.[٢]

---

[1] agency

بەپێی ئەو پێشەکییە، دەتوانین مێژووی کوردستان دابەش بکەین بە سێ قۆناغ: سەردەمی میرنشینەکان (لە نیزیکەی ساڵی هەزاری زایینی هەتا نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم)، سەردەمی داگیرکاری (لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە هەتا نێوەڕاستی سەدەی بیستەم)، سەردەمی کۆلۆنیالیسم (لە نێوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە هەتا ئێستا). دیارە دەکرێ هەریەک لەو قۆناغانەش خۆیان دابەش بکرێن بە چەندین قۆناغی دیکە بەڵام لێرەدا تەنێ ئاماژە بە قۆناغە گشتییەکان دەکەین.

## سەردەمی میرنشینەکان

مێژووی میرنشینە کوردییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەیەمی زایینی. لە مەودای نێوان ساڵانی ٩٤٥ هەتا ١٠٥٥ واتە کاتێک کە خەلافەتی عەباسی بەرەو لاوازی ڕۆیشت، دەرفەتێک بۆ کورد ڕەخسا کە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی خۆی دابمەزرێنێ. گرینگترین میرنشینەکان بریتی بوون لە میرنشینی شەدادی (٩٥١-١١٩٨) لە ناوچەی ئاران کە دەبێتە کۆماری ئازەربایجانی ئێستا، میرنشینی ڕەوادی (٩٥٤-١٠٧٦) لە تەورێز، میرنشینی حەسەنوەی بەرزیکانی (٩٥٩-١٠١٥) لە دینەوەر و شارەزوور، میرنشینی عەننازی شازنجانی (٩٩١-١١١٧) لە شارەزوور و لوڕستانی بچووک، و میرنشینی هەزبانی (١٠٤٦-١١٣٩) لە هەولێر.[٣]

دیارە میرنشینە کوردییەکانیش وەک حکوومەتەکانی دیکە هەورازونشێوی زۆریان بڕیوە و لەدایکبوون و لەنێوچوونی زۆریان بە خۆیانەوە دیتووە. بەڵام لە ڕاستیدا هەتا کاتی لەنێوچوونی یەکجاریی میرنشینە کوردییەکان، واتە نێوەڕاستی

سەدەی نۆزدەهەم، دەسەڵاتی کوردستان لە دەستی میرنشینەکاندا بووە و حکوومەتەکانی عەجەمان (عوسمانی، سەفەوی و قاجار) وەک سەرچاوەی شەرعییەتی ئایینی و هاوپەیمانی کاتیی میرنشینە کوردییەکان بوونە، نەک وەک فەرمانڕەوای ئەوان. بەڵگەی ئەو قسەیەش ئەوەیە کە ئەو میرنشینانە هەر جارەی لەگەڵ یەکێک لەو حکوومەتانە هاوپەیمان بوونە کە ئەوە نیشانەی سەربەخۆیی ڕێژەیی ئەوان بووە. میرنشینی موکریان کە بەڕواڵەت بەشێک لەو ئیمپراتۆرییە بووە کە دواتر ناویان نا ئێران، زۆرتر لەگەڵ عوسمانی هاوپەیمان دەبوو. تەنانەت میرنشینی سۆران لە سەردەمی محەممەد پاشای گەورەدا لەگەڵ ئیبڕاهیم پاشا، خەدیوی میسر، بەدژی خەڵیفەی عوسمانی هاوپەیمان بووە.[٤] واتە لە کوردستان، بەهۆی بەربڵاوی و بارودۆخی جوگرافیایی کوردستان، لەجیاتی یەک پاشایەتیی یەکگرتوو، چەندین میرنشین هەبوون؛ هەرچەندە ڕادەی سەربەخۆیی ئەوان جیاواز بووە. بۆ وێنە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، میرنشینی موکریان زۆر سەربەخۆتر بووە لە میرنشینی ئەردەڵان کە میرەکانیان خزمایەتییان لەگەڵ بنەماڵە عەجەمەکان هەبووە.

بۆ تێگەیشتن لە گرینگیی میرنشینەکان پێویستە سەرنج بدەین بەو خاڵە گرینگە کە ئەو کاتە دامەزراوەکانی دەوڵەتی مۆدێرن بوونیان نەبووە؛ نەک هەر لە کوردستان کە لە هیچ شوێنێکی جیهان. لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسیی مێژووییەوە، سەردەمی میرنشینەکان سەردەمی فیودالیسم بووە. هەرچەندە پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە فیودالیسم لە کوردستان زۆر جیاواز بووە لە ئەورووپا بەڵام

بوونی چینێکی خاوەن زەوی کە پەیوەندییەکی فیودالی لەگەڵ چینی جووتیار هەبووە و بوونی پێکهاتەی هۆزی، شتێکی ئاشکرایە چونکە ئەو پێکهاتانە هەتا نیو سەدە لەوە پێش هەر مابوون و لە نووسینە هاوچەرخەکان و مێژووی زارەکیدا ڕەنگیان داوەتەوە.[٥] ئەو کاتەی میرنشینەکان لە کوردستان دەسەڵاتیان هەبوو، دەسەڵات لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان فیودالی و خۆجێیی بوو. دامەزراوەی وەک یاسای بنەڕەتی، سوپای مۆدێرن، سیستمی کارگێڕیی مۆدێرن، سیستمی پەروەردەی مۆدێرن و لە هەمووی گرینگتر کاپیتالیسم ئەو کاتە لە کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەبوون. هەربۆیە پێویستە هەموو ئەو ڕاستەقینانە لە مێشکی مێژوونووسدا وێنا بکرێ و وانەزانێ کە ئەو دامەزراوانەی ئێستا هەن، ئەو کاتیش هەبوون. دیارە ئەگەر ئەو دامەزراوانە نەبن، دەسەڵاتی دوورەدەست ناتوانێ وەرەی خۆی بەسەر خەڵکدا بسەپێنێ و دەسەڵاتی ڕاستەقینە دەکەوێتە دەستی دەسەڵاتدارە ناوچەییەکان.

نووسینەوەی مێژووی میرنشینەکان زۆر گرینگە و کارێکی وای لەسەر نەکراوە.[٦] ئەو سەرچاوانەش کە وەک سەرچاوەی ڕەسەن سەبارەت بە میرنشینەکان دەناسرێن کێشەیان هەیە. دوایین میرنشینەکان لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکان کەوتنە ململانێ و تەنانەت یەکیان (میرنشینی سۆران) تەمای گرت خۆی وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ ڕابگەیەنێ بەڵام لە کۆتاییدا بەهۆی تێکچوونی بالانسی سەربازی-سیاسی و کێشە نێوخۆییەکانی کوردستان بەزین و دوایین میرنشینەکان (بابان و ئەردەڵان) لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم

کۆتاییان پێ هات و کوردستان لە لایەن دوو شێوە-ئیمپراتۆریی قاجار و عوسمانییەوە داگیر کرا.

## سەردەمی داگیرکاری

کاتێک کۆتایی بە میرنشینە کوردییەکان هات، داگیرکاریی کوردستان دەستی پێکرد. عوسمانی و قاجار بە شێوازێکی هاوکات کۆتاییان بە میرنشینە کوردییەکان هێنا. هەرچەندە ئەو دوو دەوڵەتە زۆر دواکەوتوو بوون و نەیاندەتوانی دەسەڵاتی تەواویان بەسەر کوردستاندا هەبێ، دامەزراوە سەربازی و کارگێڕییەکان لە کوردستان جێگیر بکەن و کورد بتوێننەوە بەڵام هەوڵیان دا سەرهەڵدانەکانی کورد لەنێو بەرن. سەرهەڵدانەکانی کوردیش لەو کاتەوە دەست پێدەکا. ناسیۆنالیسمی کورد وەک ئیدیۆلۆژی و بزوتنەوەیەک بە مەبەستی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پێدەکا؛ ئەگەرچی بنەما هزرییەکانی ناسیۆنالیسمی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی پێشوو؛ بەتایبەت لە وێژەوانیدا. بەڵام ئیدیۆلۆژیی ناسیۆنالیسمی کورد بە واتای سیستمێکی واتایی کۆمەڵایەتی-سیاسی کە ڕاستەقینەیەک بە ناوی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی بخوڵقێنێ و دامەزراوە سیاسی-سەربازییەکان بەرهەم بهێنێ، لە نیوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پێدەکا.

گرینگترین سەرهەڵدانی نەتەوەیی لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، سەرهەڵدانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری لە ساڵی ١٨٨٠دا بوو کە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی گرتەوە و لە ناوچەی

موکریان، هەمزاغای مەنگوڕیش بەشدارییەکی چالاکانەی تێدا کرد. گرینگیی ئەو سەرهەڵدانە جگە لە فرەوانیی جوگرافیایی ئەوە بوو کە جۆرێک ئیدیۆلۆژیی ناسیۆنالیستی بەو شێوازەی ئێستا دەیناسین، تێیدا فۆرمی گرت. شێخ عوبەیدوڵڵا سنووره دەستکردەکانی نێوان عوسمانی و قاجاری بە فەرمی نەناسی و هەموو کوردستانی وەک وڵاتی خۆی لە قەڵەم دا. ئەوە لەو ڕوویەوە گرینگە کە بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا بە ڕوانگەیەکی نەتەوەییەوە هەنگاوی بۆ سەربەخۆیی کوردستان نا.

خاڵی سەرنجڕاکێش سەبارەت بە بزووتنەوەی کوردستان لە سەردەمی داگیرکاریدا ئەوەیە کە هەموو ئەو بزووتنەوانە سەربەخۆییخواز بوون. شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری، شێخ مەحموودی حەفید، سمکۆی شکاک، شێخ سەعید و سەید ڕەزا دێرسیمی سەربەخۆییخواز بوون و داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیان دەکرد، نەک ئۆتۆنۆمی و فێدرالیسم. داوای چارەسەرکردنی پرسی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆلۆنیالیسم؛ بەتایبەت لە دوای کۆماری کوردستان لە مەهاباد.

## سەردەمی کۆلۆنیالیسم

هەرچەندە کۆلۆنیالیسم فۆرمێکی تایبەتی داگیرکارییە بەڵام زۆر لە داگیرکاریی ساکار هاڵۆزترە. لە داگیرکاریدا دەوڵەتی داگیرکەر تەنێ دەسەڵاتی سەربازی و ئیداریی خۆی بەسەر وڵاتی داگیرکراودا دەسەپێنێ و پاش ماوەیەک ناچار دەبێ ئەوێ بەجێبهێڵێ چونکە دەوڵەتەکانی دیکە دەوڵەتی داگیرکەر وەک خاوەنی

وڵاتی داگیرکراو ناناسن. هەروەها ئەندامانی نەتەوەی داگیرکراو هیچکات شەرعیەت بە داگیرکەر نادەن کە بۆ هەمیشە لەوێ بمێنێتەوە. لە کاتێکدا کە لە کۆلۆنیالیسمدا سووژەیەکی بەکۆلۆنیکراو دەخولقێ کە پێی وایە ئەو بارودۆخە هەمیشەییە یان ڕزگاربوون زۆر دژوارە و ڕێی تێناچێ.

کۆلۆنیالیسم مۆدێرنە. ئەوە بە واتای ئەوەیە کە پەیوەندییەکی پتەوی بە مۆدێرنیتە، عەقڵی مۆدێرن و دەوڵەتی مۆدێرنەوە هەیە. لە سیستمی کۆلۆنیالیستیدا، وڵاتی بەکۆلۆنیکراو وەک وڵاتێکی داگیرکراو کە دەبێ داگیرکەر ڕۆژێک هەر بە جێیبهێڵێ، ناناسرێ بەڵکوو وەک بەشێک لە وڵاتی کۆلۆنیالیست دەناسرێ کە دەوڵەتی کۆلۆنیالیست و نەتەوەی کۆلۆنیالیست خاوەنیەتی و بۆ هەمیشە هەر خاوەنی دەبێ. دەوڵەتەکانی دیکەش هەتا ڕادەیەک ئەو خاوەندارییە بە فەرمی دەناسن. هەربۆیە دەوڵەتی کۆلۆنیالیست سیستمێک دادەڕێژێ بۆ لکاندنی قووڵی هەموو لایەنەکانی ژیانی وڵاتی بەکۆلۆنیکراو بە وڵاتی کۆلۆنیالیست؛ لە ئابوورییەوە بگرە هەتا سیستمی پەروەردە و سیستمی کارگێڕی و میدیا و بەتایبەت سووبژێکتیڤیتەی بەکۆلۆنیکراوەکان. هەموو ئەو سیستمەش بە مەبەستێکی ئابووری-ئەمنی، واتە بە مەبەستی تاڵانکردنی وڵاتی بەکۆلۆنیکراو و کەڵکوەرگرتن لە پێگەی ژێۆپۆلیتیکی وڵاتی بەکۆلۆنیکراو، دادەڕێژرێ.

سەردەمی کۆلۆنیالیسم لە کوردستان کاتێک دەستی پێکرد کە دەوڵەتی مۆدێرن لە وڵاتە داگیرکەرەکان فۆرمی گرت و سەقامگیر کرا. فۆرمگرتنی دەوڵەتی

مۆدێرنی تورکیا لە ١٩٢٤ و ئێران لە ١٩٢٦ گرینگترین رۆلیان لە دامەزراندنی سیستمی کۆلۆنیالیستی لە کوردستان گێڕاوە چونکە ئەو دوو دەوڵەتە پاشماوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی عوسمانی و قاجار بوون و گەورەترین بەشەکانی کوردستانیان خستبووە ژێر ڕکێفی خۆیان. فۆرمگرتنی دوو دەوڵەتی عێراق و سووریاش گرینگ بووە بەڵام بە سەرنجدان بە نەبوونی پێشینەیەکی مێژوویی، دەوڵەتەکانی عێراق و سووریا هەر لە سەرەتاوە هەتا ئێستا لاواز و لەرزۆک بوون و نەیانتوانی جەماوەر و جوگرافیای کوردستانی بن دەستی خۆیان وەک جەماوەر و جوگرافیای بن دەستی ئێران و تورکیا بتوێننەوە و زۆرتر خەریکی تەعریب و گۆڕینی دێموگرافیی کوردستان بوون (هەڵبەت لەو کارەیاندا زۆر سەرکەوتوو بوون!). هەربۆیەش لە دوای تێکچوونی سۆڤیەت و گۆڕانی ژیۆپۆلیتیکی جیهانی، کوردستانی بن دەستی ئەوان زووتر لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەرفەتی هەنگاونان بەرەو ڕزگاریی یەکجارییان بۆ ڕەخسا؛ ئەگەرچی ئەگەر ئێلیتەکانی ئەو دوو بەشەی کوردستان بە ئیدیۆلۆژیی ئێستایان کە ئیدیۆلۆژیی سەرووەریخوازی و دەوڵەتسازی نییە، درێژە بدەن، هەر دۆخی بندەستی بەرهەم دەهێننەوە و ناتوانن لە دەرفەتێک کە ڕووخانی عێراق و سووریا بۆ کورد ڕەخساندوویەتی کەڵک وەرگرن.

خاڵی سەرنجڕاکێش سەبارەت بە سەردەمی کۆلۆنیالیسم ئەوەیە کە هاوکات لەگەڵ فۆرمگرتنی دەوڵەتی مۆدێرن لە تورکیا و ئێران، شۆڕشی سۆسیالیستی لە یەکێتیی سۆڤیەت سەرکەوت و دوای جەنگی جیهانیی دووهەم توانی هێژمۆنیی

خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێ و ئێلیتی کورد بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. بەسەرنجدان بەو ڕاستییە کە لە لایەکەوە، ڕووسەکان توانیبوویان کێشەی نەتەوەیی لە چوارچێوەی یەکێتیی سۆڤیەتدا کۆنترۆل بکەن، فۆرمولی وەک ئۆتۆنۆمییان بۆ کوردستانیش پێ باش بوو و لە لایەکی دیکەوە، ڕووسەکان پێیان باش نەبوو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە پێوەرێکی نەتەوەیی پارچەپارچە بکرێن چونکە ئەو بابەتە بەهۆی زۆربوونی ژمارەی ئەو نەتەوانەی سۆڤیەتیان پێکهێنابوو، سۆڤیەتیشی تووشی کێشە دەکرد. تێکەڵاوبوونی ناسیۆنالیسمی کورد لەگەڵ سۆسیالیسم و قبووڵکردنی فۆرمولی ئۆتۆنۆمی بوو بە هۆی بەرتەسککردنەوەی ویستەکانی نەتەوەی کورد و بەلارێدابردنی بزووتنەوەی کوردستان هەتا کاتی ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت. بەڵام دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و گۆڕانی سیستمی دوو-جەمسەری بۆ سیستمی تاک-چەندجەمسەری (بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا و ڕۆڵ-گێڕانی ڕووسیا، چین و یەکێتیی ئەورووپا وەک هێزی هاوسەنگ) سۆسیالیسم پەراوێز خرا و هەموو نەتەوەکانی ناوچەکە بۆ لای ناسیۆنالیسم گەڕانەوە.[٧] کوردستانیش بەگشتی بۆ لای ناسیۆنالیسم گەڕاوە و جگە لە چەند ڕێکخراوی چەقبەستوو لە سەردەمی شەڕی سارددا هەر ئێستا زۆربەی ئێلیتە نەتەوەییەکانی کوردستان باوەڕیان بە گرینگتربوونی بابەتی نەتەوەیی لە بابەتی چینایەتی هێناوە؛ هەرچەندە ناسیۆنالیسمی ئێستای کوردستان ئیدیۆلۆژییەکی ناتەواو و شێوە-ناسیۆنالیسمێکی بندەستیخوازە و هێشتا نەیتوانیوە ببێتە ئیدیۆلۆژییەکی تەواو.

## ئەنجام

مێژووی بەڵگەمەندی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ نیزیکەی هەزار ساڵ لەوە پێش واتە ئەو کاتەی میرنشینە کوردییەکان فۆرمیان گرتووە. ناسیۆنالیسمی کورد دەگەڕێتەوە بۆ نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم و پەیوەندی بە داگیرکارییەوە هەیە. داگیرکاری لە نێوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە فۆرمی کۆلۆنیالیسمی بە خۆیەوە گرتووە کە زۆر هاڵۆزترە لە داگیرکاریی ساکار چونکە هەوڵی تاڵانکردنی سەرچاوە سروشتییەکان، بەکارهێنانی پێگەی ژیۆپۆلیتیکی کوردستان، گۆڕینی دێموگرافی و هەوڵی تواندنەوەی کورد لە کولتووری کۆلۆنیالیستیدا دەدا. هەموو ئەوانەش بە یارمەتیی ئیدیۆلۆژییەکانی ئێرانیسم، تورکیسم و عەرەبیسم دەبێتە ڕاستەقینە. ئەو ئیدیۆلۆژییەی کە بەسەر کوردستاندا زاڵە جۆرێک شێوە-ناسیۆنالیسمی بندەستیخوازە کە هەوڵ دەدا لە چوارچێوەی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکاندا دەسەڵاتێکی ناوچەیی بۆ خۆی دەستەبەر بکا. هەروەها ئەم ئیدیۆلۆژییە بەهۆی تێکەڵاوی لەگەڵ ئیدیۆلۆژییەکانی دیکە (سۆسیالیسم، فێمینیسم، ژینگەپارێزی و ئایین) بەلاڕێدا چووە (بڕوانە وتاری حەوتەم).

# ٧

# پێکهاتەی ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی

ئیدیۆلۆژی وەک سیستمێکی واتایی کۆمەڵایەتی-سیاسی لە هەندێک "دال" پێکهاتووە. ئەو دالانە تەنیا هەندێک دەنگ یان وشەی نووسراون هەتا ئەو کاتەی لەگەڵ "مەدلوول"ەکانی خۆیان یەک دەگرنەوە. پێش ئەوەی ژاک لاکان تیۆریی خۆی سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان دال و مەدلوول بخاتە ڕوو، تیۆریستە پێکهاتەباوەڕەکان (سۆسۆر و ...) پێیان وا بوو دال و مەدلوول پەیوەندییەکی نەپچڕاویان پێکەوە هەیە و ئەو دووانە وەک دوو ڕووی دراوێکن.[1] بەڵام لاکان دوو داهێنانی کرد: یەکەمیان ئەوە بوو کە دال لە مەدلوول گرینگترە و دووهەمیان ئەوە بوو کە دال و مەدلوول تەنیا لە "پوان دۆ کاپیتۆ"[١] (خاڵی درووونەوە)دا یەک دەگرنەوە؛ ئەویش بە شێوەیەکی کاتی. ئەو شتەی دەبێتە هۆی سەقامگیربوونی واتا، دالێکی دیکەیە کە لاکان پێی دەڵی "دالی گەورە"؟[٢] دالێک کە خۆی بێ-مەدلوولە بەڵام دەبێتە هۆی یەکگرتنەوەی دالەکانی دیکەی نێو سیستمی واتایی لەگەڵ مەدلوولەکانیان.

---

[1] point de capiton

[2] master-signifier

لاکان خۆی بە شێوەی ڕاستەوخۆ باسی ئیدیۆلۆژی ناکا بەڵام سلاڤۆی ژیژێک تیۆریی لاکانی بۆ ناسینی ئیدیۆلۆژییەکان بە کار هێناوە. ئەو پرسیارەی ژیژێک سەبارەت بە ئیدیۆلۆژی دەیخاتە ڕوو ئەوەیە: چ شتێک یەکڕیزی دەبەخشێتە هەرێمێکی واتایی ئیدیۆلۆژیک؟ لە ڕاستیدا ئەو پرسیارە گرێدراوی ئەو بابەتەیە کە دالەکان سەقامگیر نین و لە بەردەم خلیسکانی واتادان. کە وایە ئیدیۆلۆژییەک چۆن دەتوانێ یەکڕیزیی خۆی بپارێزێ؟ وەڵامی ژیژێک ئەوەیە کە هەر هەرێمێکی ئیدیۆلۆژیک لە ڕێگەی پوان دۆ کاپیتۆوە سەقامگیر دەبێ. واتە هەروەک چۆن لە مۆبڵ یان باڵنجی قومامەداردا، قومامە ناوئاخنە خۆنەگرەکە ڕادەگرێ و ناهێڵێ بۆ ئەم لا و ئەو لا بخزێ، لە ئیدیۆلۆژیشدا بە هەمان شێوە پوان دۆ کاپیتۆ دەبێتە مایەی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی هەرێمی ئیدیۆلۆژیک و لە هەمبەر ئیدیۆلۆژییەکانی دیکەدا پێناسەیەکی تایبەتی پێ دەبەخشێ.[2]

بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی لاکان و ژیژێک میناکێک پێویستە: بۆ وێنە، ئیدیۆلۆژیی ناسیۆنالیسم لەبەر چاو بگرین. ئەو ئیدیۆلۆژییە چەند دال لە خۆ دەگرێ: نیشتمان، یەکێتیی خاک، سروود، ئاڵا و ... هەموو ئەو دالانە لە دەوری یەک دالی گەورە کۆ دەبنەوە، ئەویش "نەتەوە"یە. واتە ئەگەر نەتەوە نەبێ ئەوانە واتایان نابێ. بەڵام دالی نەتەوە خۆی دالێکی بێ مەدلوولە. واتە خۆی وێنایەکی تایبەت لە مێشکدا ناخوڵقێنێ بەڵام دەبێتە هۆی خوڵقاندنی وێنای تایبەت بۆ دالەکانی دیکە.

دەتوانین دوو ڕەخنە لە تیۆریی لاکانی-ژیژێکی سەبارەت بە ئیدیۆلۆژی بگرین. ڕەخنەی یەکەم ئەوەیە کە ئەو تیۆرییە نامێژووییە. ڕەخنەی دووهەم ئەوەیە کە هەموو ئیدیۆلۆژییەکان چەند توێژیان هەیە و هەموو دالەکان گرینگیی وەک یەکیان نییە و بە پێی گرینگتربوونی دالەکان پێکهاتەی ئیدیۆلۆژی دەگۆڕدرێ. بۆ وێنە، ئەگەر ئیدیۆلۆژیی ئێرانسازی لەبەرچاو بگرین، لە ئیدیۆلۆژیی پەهلەویسمدا سێ توێژ بە دی دەکرێ: ناسیۆنالیسم، مۆدێرنیسم، ئایین. هەموو ئەوانە لە دەوری دالی گەورەی "نەتەوەی ئێران"دا کۆ ببوونەوە. بەڵام لە دوای شۆڕشی ئێران، ئیدیۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی هەر لەو سێ توێژە بەڵام بەم شێوەیە پێکهات: ئایین، مۆدێرنیسم، ناسیۆنالیسم. هەموو ئەوانە دیسان لە دەوری دالی گەورەی "نەتەوەی ئێران" وەک براگەورەی نەتەوە موسوڵمانەکان کۆ بوونەوە. واتە ئەو شتەی دەبێتە هۆی جیاوازیی نێوان ئەو دوو ئیدیۆلۆژییە ئۆلەویەتی دالەکانە کە دەتوانێ پێکهاتەی ئیدیۆلۆژی بگۆڕێ.

دالی گەورەی هەر ئیدیۆلۆژییەک کە لە پێگەیەک بە ناوی "ئەویدیی گەورە" دادەنیشێ، داوای قوربانی لە سووژەکان دەکا.[3] بۆ وێنە، لە ئیدیۆلۆژیی ناسیۆنالیسمدا "نەتەوە" داوا لە سووژەکان دەکا خۆیان بەخت بکەن بۆ ئەوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی، یەکێتیی خاک، سەربەرزی بۆ نیشتمان و بەها نەتەوەییەکان دەستەبەر بن. خاڵێک کە پێویستە لە ناسینی ئیدیۆلۆژیدا سەرنجی پێ بدەین ئەوەیە کە هەر ئیدیۆلۆژییەک سووژەی تایبەتی خۆی دەخوڵقێنێ. تاک لە سازبوونی ئیدیۆلۆژیدا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە. لە ڕاستیدا هەر تاکێک لە نێو

ئیدیۆلۆژییەکدا لە دایک دەبێ؛ ئیدیۆلۆژییەک کە پێش لەدایکبوونی ئەو تاکە هەبووە. هەربۆیە ناتوانین هیچ تاکێک یان گرووپێک وەک داهێنەری ئیدیۆلۆژی بناسێنین. ڕۆلی تاک تەنیا لە دارشتنی ستراتێژیدایە، نەک لە بەرهەمهێنانی ئیدیۆلۆژیدا. بۆ وێنە، ئەوە هیتلەر نەبوو کە ئیدیۆلۆژیی فاشیسمی داهێنا بەڵکوو ئەوە شەپۆلی فاشیسم بوو کە هیتلەری هێنا سەرێ و وەک سەرکردەیەک بەرزی کردەوە. بەڵام دەتوانین بڵێین ستراتێژییەکانی هیتلەر و پارتی نازی دەورێکی بەرچاویان لە شکستهێنانی ئەو ئیدیۆلۆژییە لە بواری سیاسی و سەربازیدا گێڕا.

**ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی**

*کوردیسم* یان *کوردایەتی* ئیدیۆلۆژییەکە کە دەتوانین ڕیشەکانی بگەڕێنینەوە بۆ سەردەمی ئەحمەد خانی. خانی وەک بناغەدانەری پرۆتۆ-ناسیۆنالیسمی کلاسیکی کوردی دەناسرێ.[4] لە سەدەی نۆزدەهەمدا حکوومەتی عوسمانی و قاجار بەرەو داگیرکردنی کوردستان چوون. ئەوە بووە هۆی ئەوەی میرنشینە کوردییەکان یەک لە دوای یەک تێکبچن: میرنشینی سۆران لە ١٨٣٦، میرنشینی موکریان لە ١٨٤٠، میرنشینی بۆتان لە ١٨٤٧، میرنشینی بابان لە ١٨٥١ و میرنشینی ئەردەلان لە ١٨٦٨ کە دوایین میرنشینی کوردی بوو. لە دوای لەنێوچوونی میرنشینەکان کە کوردستان داگیر کرا، سەرهەڵدانەکانی کوردستان دەستیان پێکرد. گرینگترین سەرهەڵدان، سەرهەڵدانی شێخ عوبەیدوڵلا نەهری لەساڵی ١٨٨٠ بوو کە سنووری وێناکراوی نێوان عوسمانی و قاجاری بەزاند و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتیشی گرتەوە. ئەوە جگە لە گرینگیی ستراتێژیک، لەڕووی ئیدیۆلۆژیکەوە زۆر گرینگ

بوو چونکە شێخ عوبەیدوڵڵا یەکەم سەرۆکی کورد بوو کە لە نامەیەکی خۆیدا وشەی "نەتەوەی کورد"ی بە کار هێنا. هەربۆیە سەرهەڵدانی شێخ عوبەیدوڵڵا وەک لە دایکبوونی ناسیۆناڵیسمی کوردی دەناسرێ.[5] بەڵام بە سەرنجدان بەو خاڵەی لە پاراگرافی سەرەوەدا باسم کرد دەبێ بە وشیارییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو جۆرە بابەتانە بکرێ. شێخ عوبەیدوڵڵا سووژەیەک بوو کە ئیدیۆلۆژیی ناسیۆنالیسمی کوردی لە زمانی ئەوەوە دەردەبڕدرا. هەر بۆیە دەبێ بڵێین شێخ عوبەیدوڵڵا ئەو ئیدیۆلۆژییەی دەربڕی کە ئەو سەردەمە وەک هەورێک فەزای ئێلیتی کۆمەڵگەی کوردی داگرتبوو و شێخی وەک سەرکردەیەک بەرز کردەوە.

ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم تەنیا ناسیۆنالیسمێکی ساکار بوو. ئەو جۆرەی لە نووسراوەکان و کردەوەکانی سووژەکانی ئەو ئیدیۆلۆژییە دەردەکەوێ، ئەوان تەنیا یەک داواکارییان هەبوو: دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان. لایەنی ناسیۆنالیستیی ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی لە سەرەتای دەستپێکردنی بزووتنەوەی کوردایەتییەوە زۆر بەرچاو بووە و ئێستاش دوای تێپەڕبوونی سەدە و نیوێک لە یەکەم بزوتنەوەکان هەروا بەردەوامە. دەتوانین بڵێین ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی بە بێ ناسیۆنالیسم واتای نامینێ؛ هەرچەندە ئەو ناسیۆنالیسمە هەمیشە هەر نیوەچڵ و بەرگریکار بووە و هیچکات نەیتوانیوە ببێتە ناسیۆناڵیسمێکی تەواو. تەنانەت لە سەردەمی جەنگی sarددا بووە جۆرێک شێوە-ناسیۆنالیسم کە داوای جێبەجێکردنی ویستە نەتەوەییەکانی کوردستانی لە چوارچێوەی وڵاتە کۆلۆنیالیستەکاندا دەکرد.

بـەڵام دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی سۆسیالیسـتی لـە یـەکێتیی سـۆڤیەت، ئـەم ئیدیۆلۆژییە لەگەڵ سۆسیالیسمیش تێکەڵاو بوو، هەرچەند ئەم تێکەڵاوبوونە هەتا دوای جەنگی دووهەمی جیهانی خۆی دەرنەخست. لـە دوای جەنگـی دووهـەمی جیهانییـەوە، ئـەم تێکەڵاوییـەی نێـوان ناسیۆنالیسـم و سۆسیالیسـم خـۆی لـە هەڵوێستەکان و مەرامنامەکانی زۆربەی ڕێکخراوە کوردییەکاندا دەردەخا.[6] ئەوان سۆسیالیسـمیان وەک یـەکێک لـە بناغـەکانی ئیـدیۆلۆژی خۆیـان چەسـپاند. دەمەقاڵـەی زۆر لـەبارەی بەسـوودبوون یـان نـەبوونی بیـری سۆسیالیسـتی لـە بزووتنـەوەی کوردسـتاندا هەیـە بـەڵام بێگومـان ئەگـەر سوسیالیسـم نەبوایـە ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی ڕواڵەتی ئێستای نەدەبوو. بۆ وێنـە لەوانـە بـوو بزووتنـەوەی کوردسـتان لـەجیاتی سـێکولار بـێ، بـە ڕێبـازێکی ئایینیـدا بـڕوا؛ هـەروەک لـە نەتەوەکانی دەوروپشتی کوردستان وەها ڕەوتێکی پێوا.

دوای تێکچـوونی کۆمونیسـم لـە یـەکێتیی سـۆڤیەت و ئـەوروپای ڕۆژهـەڵات، بیرۆکەیەکی دیکە بە ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی زیاد بـوو، ئـەویش فێمینیسـم بـوو.[7] هەرچەندە لە ئیدیۆلۆژیی سۆسیالیسمیشدا باسی ژنان و مافی ژنـان بـۆ بەشـداریی سیاسی و کۆمەڵایەتی کرابوو بەڵام فێمینیسم جگە لە بەشداریی ژنان داوایـەکی زۆر رادیکـالتری هـەبوو، ئـەویش ڕوانینێکـی تـەواو ژنانـە بـۆ هـەموو بابەتـەکان بەتاییـەتی بـۆ ناسیۆنالیسـم بـوو. ئاشـکرایە کە کۆمـەڵگەی کوردسـتان وەک کۆمەڵگەیـەکی ڕۆژهـەڵاتی نیوەڕاسـت بـە دەسـت هـەموو ئـەو نەهامەتییانـەوە دەناڵێنێ کە کۆمەڵگەکانی دیکەی ئەو ناوچەیـە گیرۆدەیـانن بـەڵام لە کوردسـتان

کێشەیەکی دیکەش هەیە ئەویش کێشەی نەتەوەییە کە باڵی کشاندووە بە سەر هەموو کێشەکانی دیکەدا. هەر بۆیە فێمینیسم لە کوردستان ناچار بوو خەباتی خۆی لە خەباتی نەتەوەیی و هەتا ڕادەیەک لە خەباتی چینایەتی گرێ بدا.

یەکی دیکە لەو بیرۆکە گرینگانەی کە بەتایبەت لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەوە زۆر بەرچاو بووە، بیرۆکەی ژینگەپارێزییە. کوردستان کە لە جیهاندا بۆ جوانی سروشت و سەرچاوە سروشتییەکانی خۆی بەناوبانگە، بە هۆی شەڕ و پێکدادانی بزووتنەوەی نەتەوەییەوە زیانێکی زۆری ژینگەیی بەرکەوتووە. سووتانی دارستانەکان بە دەستی دەوڵەتەکان و بەتاڵانچوونی سەرچاوە سروشتییەکان، بەتایبەتی ئاو و نەوت، بووە هۆی پێکهاتنی چەشنێک وریایی ژینگەیی لە بزووتنەوەی کوردستاندا. هەربۆیە ئێستا ژینگەپارێزیش لە ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی زیاد کراوە.

کە وابوو ئێمە ئیدیۆلۆژییەکمان بەم تایبەتمەندییانەوە هەیە: هەموو دالەکانی چوار ئیدیۆلۆژیی ناسیۆنالیسم، سوسیالیسم، فێمینیسم و ژینگەپارێزی لە دەوری دالێکی گەورە کە "نەتەوەی کورد"ە، کۆ بوونەوە و مانای خۆیان لە ژێر کاریگەریی ئەو دالەدا بە دەست دەهێنن؛ واتە ئەو دالانە لە ژێر تیشکی نەتەوەوە لەگەڵ مەدلوولەکانی خۆیان یەک دەگرنەوە (دالەکانی ناسیۆنالیسم (سنوور، یەکێتی خاک، ئاڵا، سروود، بەرژەوەندیی نەتەوەیی، هێمنیی نەتەوەیی و ...)، دالەکانی سوسیالیسم (چین، کەلێنی چینایەتی، چەوسانەوە، یەکسانی، بۆرژوازی، پرۆلتاریا، شۆڕشی جیهانی و ...)، دالەکانی فێمینیسم (ژن، مافەکانی

ژنان، پیاوسالاری، جێندر و ...)، دالەکانی ژینگەپارێزی (سروشت، سەرچاوە سروشتییەکان، گەرمبوونی گۆی زەوی، مافی ئاژەڵان، پاراستنی ژینگە و ...).

**پەیوەندیی نێوان توێژەکانی ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی**

مشتومڕ سەبارەت بە لایەنی زاڵی ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی لە نێوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکردووە و ئێستاش هەر بەردەوامە. زیاد بوونی کێشەی چینایەتی لە کێشەی نەتەوەیی یەکێک لەو هۆکارانە بوو. لایەنگرانی بیرۆکەی سوسیالیسم پێیان وابوو دەبێ کێشەی چینایەتی شان بە شانی کێشەی نەتەوەیی بچێتە پێشەوە. تەنانەت سوسیالیستی وا بوو دەیگوت دەبێ خەباتی چینایەتی بکەوێتە بەر خەباتی نەتەوەیی چونکە سوسیالیسم خۆی هەڵگری چارەسەریی کێشەی نەتەوەییشە، هەر وەک ئەو دۆخەی لە یەکێتیی سۆڤیەت هەبوو. بەڵام ناسیۆنالیستەکان وێڕای قبووڵکردنی هەبوونی کەلێنی چینایەتی لە کۆمەڵگای کوردستاندا پێیان وایە کە کێشەی چینایەتی دەبێ دوای ڕزگاریی نەتەوەیی بەرز بکرێتەوە چونکە لە کاتی خەباتی نەتەوەییدا دەبێ هەموو چینەکانی کۆمەڵگا یەک بگرن و بە دژی کۆلۆنیالیسم خەبات بکەن. ناسیۆنالیستەکان پێیان وایە هێنانە گۆڕی کێشەی چینایەتی دەبێتە هۆی ناکۆکی لە نێوان چینەکانی نەتەوە و ئاژاوەی نێوخۆیی ساز دەکا. زۆربەی ناسیۆنالیستەکان وەها بۆچوونێک سەبارەت بە کێشەی ژنانیش دەردەبڕن و دەڵێن کێشەی ژن دەبێ دوای چارەسەربوونی کێشەی نەتەوەیی بکەوێتە بەر باس.

بە گشتی، بەپێچەوانەی ئەو دیمەنە باوەی لە کوردایەتی هەیە، ئەو ئیدیۆلۆژییە تەنیا بریتی لە ناسیۆنالیسم نییە بەڵکوو هەڵگری چەندین ئیدیۆلۆژی دیکەشە کە بەپێی مێژووی بزووتنەوەی کوردستان بە ناسیۆنالیسم زیاد کراون. بەڵام بێگومان هەموو دالەکانی ئەو ئیدیۆلۆژییانە لە ژێر تیشکی دالی گەورەی "نەتەوەی کورد"دا واتای کۆتایی خۆیان بە دەست دەهێنن و لەگەڵ مەدلوولەکانی خۆیان یەک دەگرنەوە. هەر بۆیە هەموو ئەو کەسانە یان گروپانەی ویستوویانە خۆیان لە بازنەی ناسیۆنالیسم ڕزگار بکەن، بەزیون چونکە دالی گەورەی "نەتەوەی کورد"ە کە پێناسەی سووژەی کورد دیاری دەکا و هەتا کاتی بەئاکامگەیشتنی پرسی نەتەوەیی، کەس ناتوانێ لەم بازنەیە ڕزگار بێ. مێژووی کوردستانیش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە وەلانانی دالەکانی ناسیۆنالیسم (بۆ وێنە لەنێو تاقمێک لە چەپەکان و ئیسلامییەکان) نەبووەتە هۆی پەراوێزکەوتنی ناسیۆنالیسم بەڵکوو بەپێچەوانەوە، بووەتە هۆی پەراوێزکەوتنی ئەو بۆچوونانە. لە وەها دۆخێکدا ئەو ڕاستییە خۆی دەردەخا کە ئیدیۆلۆژی پێناسەی تاکەکان و گروپەکان دیاری دەکا، نەک بەپێچەوانەوە.

## لە کوردایەتییەوە بەرەو ناسیۆنالیسمی کوردی

بە لەبەرچاوگرتنی خاڵەکانی سەرەوە، هەروەها بە سەرنجدان بە بنەماکانی ڕەخنەی ئیدیۆلۆژی، بۆمان دەردەکەوێ کە بۆ چی ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی ناتوانێ ڕاستەقینەیەک بە ناوی دەوڵەت بەرهەم بهێنێ. ئەو ئیدیۆلۆژییە بۆ گەیشتن بە ئامانجی دەوڵەت گونجاو نییە چونکە ناسیۆنالیسم ئیدیۆلۆژیی سازکردنی دەوڵەتە و

ئەو ناسیۆنالیسمەی کە لە کوردایەتیدا هەیە ناسیۆنالیسمێکی نیوەچڵ و ناتەواوە. هەروەها توێژەکانی دیکەی ئەو ئیدیۆلۆژییە، بەتایبەت سۆسیالیسم، کەلێنەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان چالاک دەکەن و دەبنە هۆی ناتەبایی و پەرتەوازەیی زیاتری نێو ئەو کۆمەڵگە ناتەبایە. لە باشووری کوردستانیش کە نیولیبرالیسم جێگای سۆسیالیسمی گرتووەتەوە کەلێنی چینایەتی ئەوەندە زۆر بووە کە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی زۆر لاواز کردووە کە دیارە بووەتە هۆی لاوازبوونی هەستی نیشتمانپەروەری.

بە گشتی، نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە ئامانجی لەمێژینەوەی خۆی، واتە دەوڵەتی سەربەخۆ و سەروەری، پێویستە خۆی لە ئەو توێژانەی ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی کە دەبنە ڕێگری ڕزگاریی نەتەوەیی و دامەزراوەکانی ئەو توێژانە ڕزگار بکا و بەرەو فۆرمولیزەکردنی ئیدیۆلۆژیی ناسیۆنالیسمی کوردی و داڕشتنی ستراتێژییەکی ڕزگاریخوازی نوێ هەنگاو بنێ. هەروەها لەجیاتی فێمینیسمی رادیکال کە بە هەڵە لە کوردستان باو بووە، خوێندنەوەیەکی نەتەوەیی لە یەکسانیی نێوان ژن و پیاو بە دەستەوە بدا لەبەر ئەوەی کە پیاوسالاری و ژنسالاری هەردووک ئاستەنگ بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و ڕەگەزی ساز دەکەن.

# ٨

# ئیدیۆلۆژیی ناتەواو و ستراتیژیی نەگونجاو

هۆکاری نووسینی ئەم بابەتە، تێبینیی ئەم دیاردەیە بوو کە شکستەکان لە مێژووی کوردستاندا چەندپات دەبنەوە و دۆخی بندەستی بەرهەم دێتەوە بەڵام ئێلیتی نەتەوەیی کورد بە تێڕوانینێکی هەڵەوە، سوورە لەسەر درێژەدان بە ڕێگایەکی هەڵە. چەندپاتبوونەوەی شکستەکانی مێژووی کوردستان دەبێ بکەوێتە بەر بیرکردنەوەی ڕەخنەیی. مەبەست لە بیری ڕەخنەیی هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی مێکانیسمەکانی زاڵێتییە. واتە لێرەدا دەبێ هەوڵ بدرێ ئەو مێکانیسمانە بناسرێن کە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانەوەی زاڵبوونی تاقمێک کۆلۆنیالیست بەسەر کۆمەڵێک بەکۆلۆنیکراودا. لێرەدا کارم بە وردەکارییە مێژووییەکان نییە بەڵکوو ڕەوتی گشتیی ڕووداوەکان و ئەنجامەکانی زاڵبوونی ئیدیۆلۆژییەکی تایبەت و هەڵبژاردنی ستراتیژییەکی تایبەت دەخەمە بەر باس.

## خوێندنەوەیەکی مێژوویی

ئەگەر وێنەی گەورەی بزووتنەوەی کوردستان لەبەرچاو بگرین و کارمان بە وردەکارییەکان نەبێ، بەچاوخشاندنێکی بەراوردکارانە بەسەر مێژووی کوردستان لە سەدەی ڕابردوودا بۆمان دەردەکەوێ کە چەند قۆناغی دیاریکراو بەردەوام چەندپات دەبنەوە:

قۆناغی یەکەم: بە هۆی سیستمی کۆلۆنیالیستی، نارەزامەندیی گشتی هەیە و خەڵک بیر لە ڕێگەچارە دەکەنەوە.

قۆناغی دووهەم: کۆمەڵێک ئێلیتی نەتەوەیی بە نهێنی لە یەکدی کۆ دەبنەوە و بیر لە ستراتێژیی ڕزگاریخواز دەکەنەوە.

قۆناغی سێهەم: ئێلیتەکان هەوڵ دەدەن بە ڕێگای مەدەنی و ئاشتیخوازانەوە بەرەو ڕزگاری هەنگاو بنێن بەڵام بەسەرنجدان بە داخراوبوونی سیستمی کۆلۆنیالیستی، ڕێگای ئاشتیخوازانە هیچی لێناکەوێتەوە.

قۆناغی چوارەم: ئێلیتەکان بڕیار دەدەن خەباتی چەکدارانە بکەن و بەستێنەکەی ئامادە دەکەن.

قۆناغی پێنجەم: شەڕ دەست پێدەکا.

قۆناغی شەشەم: کورد لە شەڕدا دەبەزێ.

قۆناغی حەوتەم: هەتا ماوەیەک بێهیوایی بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ دەبێ و کۆلۆنیالیستەکان زیاتر پەرە بە داگیرکاری، گۆڕینی دێمۆگرافی، و تاڵانی کوردستان دەدەن.

پاش ماوەیەکی کورت، قۆناغە باسکراوەکانی سەرەوە دیسان دووپات دەبنەوە! ئەم مۆدێلە کە دەتوانین پێی بڵێین "بازنەی ستراتێژیی نەزۆک" لە سەرەتای چارەگی دووهەمی سەدەی بیستەمەوە کاتێک کۆمەڵەی خۆیبوون فۆرمی گرت و پاشان سەرهەڵدانی ئاراڕات بەزی (١٩٣٠-١٩٢٧)، لە هەموو پارچەکان چەندپات بووەتەوە. هەرچەندە کۆمەڵەی خۆیبوون ڕوانگەیەکی مۆدێرنی هەبوو و لە کاتی

خۆیدا زۆر پێشکەوتنخواز بوو و شێوازێکی نوێی خەباتی داهێنا، بەڵام چەندپاتبوونەوەی ئەم مۆدێلە نەزۆکە جێی پرسیارە. ئاشکرایە کە ئەوە ستراتیژییەکی بەزیوە و قەت نەیتوانیوە کورد لە ئامانجەکانی نیزیک بکاتەوە، تەنانەت دۆخەکەی خراپتریش کردووە. ئەگەریش لە باشوور و ڕۆژئاوا نیوە-پێکهاتەیەک بەرهەم هاتووە، ئەوە بەهۆی سیاسەتی زلهێزەکانە، نەک بەهۆی لێهاتوویی ئەم ستراتیژییە. واتە ئەم ستراتیژییە لە سیاسەتی زلهێزەکان گرێ دراوە. ئاشکرایە ئەوە ناتوانێ سەربەخۆیی بەرهەم بهێنێ و جۆرێکی دیکە لە بندەستی ساز دەکا.

بەڵام بۆچی ئێلیتی کورد ناتوانێ لە بازنەی ستراتیژیی نەزۆک دەرباز بێ؟ پێداگری لەسەر ستراتیژییەکی نەزۆک و بەزیو، سەرەڕای ئاکامە چاوەڕوانکراوەکانی، نیشاندەری ڕاستییەکی تاڵە ئەویش زاڵبوونی عەقڵی نەریتی بەسەر ئێلیتی کورددایە. لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە بڵێم هەموو شتێک لە عەقڵ گرێ دراوە و سوبژێکتیڤە و سەرنج بە بارودۆخی ئۆبژێکتیڤی کوردستان نەدەم بەڵکوو مەبەستم شیکردنەوەیەکی فەلسەفی-مێژوویی بۆ دیاردەیەکی بەرچاوە کە هەتا ئێستا بە جیددی سەرنجی پێنەدراوە. لە کوردستان کاتێک بابەتی "شەڕی خۆبەزێن" دێتە گۆڕێ، تەنیا ئەم بەڵگەیە دەخرێتە ڕوو کە ئەم شەڕە بەسەرماندا سەپاوە بەڵام ئەوە پاساوێک زیاتر نییە چونکە هەر شەڕێک دوو لایەنی هەیە و ستراتیژیی هەڵبژێردراوی ئێلیتەکانی کوردستان ڕۆلێکی سەرەکیی لەو بابەتەدا دەگێڕێ و پێویستە ستراتیژی بۆ سەرکەوتن دابڕێژرێ، نەک بۆ

بەزین.

وێدەچێ لە بزووتنەوەی کوردستاندا دوو کێشەی سەرەکی هەبێ. لەڕووی ئیدیۆلۆژیکەوە، ئەو ئیدیۆلۆژییەی کە بەسەر ئێلیتی کۆمەڵگەی کوردستاندا زاڵە، ناسیۆنالیسمی ڕزگاریخواز نییە بەڵکوو شێوە-ناسیۆنالیسمی بندەستیخوازە. ناسیۆنالیسمی کورد ناسیۆنالیسمێکی تیۆریزەنەکراوی ناتەواوە؛ جۆرێک ناسیۆنالیسمی شەرمن. ناسیۆنالیستی کورد لە زۆربەی بڕگەکانی مێژووی دوای کۆماری کوردستان لە مەهاباد پێی شەرم بووە داوای سەربەخۆیی بکا و هەوڵی داوە خۆی وەک بەشێک لە وڵاتی کۆلۆنیالیست بناسێنێ. ئەو لەبری دەوڵەتی سەربەخۆ، داوای فێدرالیسم و کۆنفێدرالیسم و خۆبەڕێوەبەری و هتد دەکا هەتا بە "جوداییخوازی" تاوانبار نەکرێ. هەروەها شێوە-ناسیۆنالیسمی کورد لەگەڵ ئیدیۆلۆژییەکانی دیکە تێکەڵاو بووە؛ بەتایبەت لەگەڵ سۆسیالیسم، فێمینیسم و ژینگەپارێزی. ئەوە بووەتە هۆی جۆرێک تێکەڵاوی کە لەجیاتی دەوڵەمەندی، جۆرێک سەرلێشێواوی و پەرتەوازەیی لێکەوتووەتەوە.

ئێلیتی نەتەوەیی کورد لە لایەکەوە شێوە-ناسیۆنالیستە و لە لایەکی دیکەوە، کۆلۆنیالیستچی؛ واتە هێشتا لەڕووی ناسنامەوە لەگەڵ خۆی ساغ نەبووەتەوە. لە لایەکەوە، خۆی پێ نەتەوەییە و لە لایەکی دیکەوە، گوێڕایەڵی بەرهەمی هزری و کولتووریی کۆلۆنیالیستەکانە و هێشتا نەیتوانیوە خۆی لە بازنەی داخراوی ئیدیۆلۆژیی کۆلۆنیالیستەکان ڕزگار بکا. هەربۆیە ناسیۆنالیسمەکەی ناتەواوە و نازانێ بەرەو چی هەنگاو بنێ. سەرلێشێواوە و هەر جارە داوای شتێک دەکا:

ڕۆژێک داوای سەربەخۆیی و ڕۆژی دواتر داوای بوون بە بەشێک لە دەوڵەتی کۆلۆنیالیست. هەروەها ئەوپەڕی ئاواتی زۆربەی شێوە-ناسیۆنالیستەکان ئەوەیە کە وڵاتی خۆیان بەجێبهێڵن و لە هەندەران نیشتەجێ بن و لەوێوە درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن؛ جۆرێک ناسیۆنالیسم لە ڕێگای دوورەوە کە زۆربەی کات هیچ بەرهەمێکی نییە. ئەوان سەرنج بەوە نادەن کە ئەو ویستانە پێکەوە ناتەبان و دەبنە هۆی سەرلێشێواویی جەماوەر. بەسەرنجدان بە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان ئیدیۆلۆژی و ڕاستەقینە، جێی سەرسوڕمان نییە کە دۆخی بندەستی لە کوردستان بەرهەم دێ و بەرهەم دێتەوە.

بەڵام لەڕووی ستراتیژیکەوە، سەرلێشێواوییەکە زۆر زیاترە چونکە ستراتێژی جگە لەوەی کە لە ئیدیۆلۆژی گرێدراوە، لە شێوازی بەکارهێنانی عەقڵ گرێ دراوە؛ هەرچەندە عەقڵیش لە چوارچێوەی ئیدیۆلۆژیدا بە کار دێ. لە ڕاستیدا ئەو عەقڵەی بەسەر ئێلیتی کورددا زاڵە، عەقڵێکی پشتبەخۆبەستووی مۆدێرن نییە بەڵکوو عەقڵێکی نەریتییە. هەربۆیە پێویستە سەرنج بدەین بە جیاوازیێ نێوان عەقڵی نەریتی و عەقڵی مۆدێرن.

تایبەتمەندیی سەرەکیی عەقڵی مۆدێرن هەوڵ بۆ ناسینی جیهان بە پشتبەستن بە خۆی و داهێنانی بیرۆکەی نوێ بەمەبەستی گۆڕینی جیهانە.[1] عەقڵی مۆدێرن دەیەوێ بەپشتبەستن بە تواناکانی خۆی، بەتایبەت زانستی نوێ، مرۆڤ لە دۆخی بندەستیی سروشت و ئەوبەری-سروشت و مرۆڤەکانی دیکە ڕزگار بکا. لەم ڕێگا

پڕهەورازونشێوەدا کەڵکوەرگرتنی بەردەوام لە عەقڵی بەکۆ[1] و بەخۆداچوونەوە[2] پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. کاتێک کۆمەڵێک مرۆڤ بە ڕێگایەکی تایبەتدا دەڕۆن بەڵام بە ئامانجی دیاریکراوی خۆیان ناگەن یان تەنانەت لێی دوور دەبنەوە، بەخۆداچوونەوە و ڕەخنەی دۆخی باو[3] پێویستە. دیارە عەقڵی مۆدێرن ڕەخنەگری دۆخی باوە و هەر ئەوەش توانای ڕزگاریخوازبوونی پێ دەبەخشێ.

بەڵام عەقڵی نەریتی چەشنێک تێگەیشتن لە جیهانە کە پێی وایە جیهان لە کۆنەوە هەتا ئێستا بە ڕێبازێکدا ڕۆیشتووە کە دەتوانین بە یارمەتیی بۆچوونە باوەکان بیناسین.(٢) عەقڵی نەریتی جۆرێک لاساییکردنەوەی تێڕوانینی کەسانی دیکە لە هەلومەرجی هاوشێوەدایە و هەوڵ دەدا بە لاساییکردنەوەی بۆچوونەکان، دروشمەکان و ستراتێژییەکانی کەسانی دیکە کە لە هەلومەرجێکی تایبەتدا سەرکەوتوون، سەرکەوتن بۆ خۆی دەستەبەر بکا بەڵام ئەوە لەبەرچاو ناگرێ کە سەرکەوتن پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ کات-شوێن هەیە و ئەگەر کەسانێک بە گرتنەبەری ئەو ستراتێژییە سەرکەوتوون، مەرج نییە ئێمەش سەرکەوین. عەقڵی نەریتی توانای داهێنانی نییە و لە داهێنان دەترسێ. لەڕاستیدا عەقڵی نەریتی پێی وایە تەنیا ئەو ڕێگایانەی کە پێشینیان ئەزموونیان کردوون، خاوەن ئیعتبارن و ناکرێ بە ڕێگایەکدا بڕۆین کە ئەزموون نەکراوە. هەربۆیە سەرەڕای ئەوەی کە بە

---

[1] collective reason

[2] reflexivity

[3] status quo

ڕاشکاوی دەبینێ کە ستراتیژیی ڕابردوو بەزیوە، لەسەر بەرهەمهێنانەوەی ئەو سووره و پێی وایە تاقە ڕێگای ڕزگاری بەردەوامبوون لەسەر بەرهەمهێنانەوەی نەریتە کۆنەکانە. لەڕاستیدا عەقڵی نەریتی بەرهەمی ئیدیۆلۆژیکی کۆمەڵگەی نەریتییە؛ کۆمەڵگەیەک کە سەرەڕای ژیان لە سەردەمی مۆدێرندا هەروا بە نەریتە کۆنەکانەوە نووساوە و بەریان نادا.

کاتێک وەها عەقڵێک بەسەر ئێلیتی هزری و سیاسیی کۆمەڵگەیەکدا زاڵ بێ، ئاشکرایە کە تەنێ دەتوانێ ستراتیژیی ڕابردوو بەرهەم بێنێتەوە؛ ئەو ستراتیژییەی کە بە دەیان جار نەزۆکبوونی خۆی سەلماندووە. ئەگەر لەو ئێلیتانەی کە باوەڕیان بە ستراتیژیی نەزۆک هەیە، پرسیار بکەین کە بۆچی سەرەڕای بەزینی چەندین جارە، هەروا بەم ستراتیژییەوە نووساون و بەری نادەن، لە وەڵامدا دەڵێن: "ئێلیتەکانی پێشوو لێزان و ئازا نەبوون بەڵام ئێمە لێزان و ئازاین و سەردەکەوین!" بەڵام دوای ماوەیەک دەردەکەوێ کە ئەوانیش بەرەوڕووی هەمان چارەنووسی ئێلیتەکانی پێشوو بوونە چونکە کێشە لە بکەرەکانی ستراتیژیدا نییە بەڵکوو لە سروشتی ستراتیژییەکەدایە.

بەئاکامنەگەیشتنی ستراتیژیی نەزۆک بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێلیتی کورد بۆ دەستبەرکردنی ئامانجەکانی پشت بە دەوڵەتەکانی دیکە ببەستێ. ئاشکرایە کە دەوڵەتەکانی دیکەش ئەجێندای خۆیان هەیە و بەپێی ئەجێندای کورد ناجووڵێنەوە. ئەوە دەبێتە هۆی چەندقاتبوونی بندەستیی کورد؛ واتە ئەگەر پێشتر تەنێ یەک دەوڵەتی کۆلۆنیالیست بەسەر کوردستاندا زاڵ بوو، دوای کۆنترۆلکردنی

بەشێک لە کوردستان لە لایەن ئێلیتی کوردەوە، کۆنترۆڵی دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی پێشوو لە ناوچە ئازادکراوەکاندا لاواز بێ بەڵام هاوکات بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی ناوچەکە و ئەوبەری ناوچەکەوە. وەها دۆخێک لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان دەبیندرێ. کۆنترۆڵی کۆلۆنیالیستە عەرەبەکان کاڵ بووەتەوە بەڵام کۆلۆنیالیستی عەجەم و زلهێزەکان لەو شوێنانەی کە بەڕواڵەت ئازاد کراون، خاوەن نفووزێکی زۆر بوونە. ئێستا دەزگا ئیدیۆلۆژیکەکان و دەزگا سەرکوتکەرەکانی عەجەمان (زمان و کولتووری عەجەمان هاوتەریب لەگەڵ بنکە نیزامی و ئەمنییەکانیان) لە لایەکەوە و دەزگا ئیدیۆلۆژیکەکان و دەزگا سەرکوتکەرەکانی زلهێزەکان (زمانی ئینگلیزی و ئیدیۆلۆژیی نیولیبرالیسم هاوتەریب لەگەڵ بنکە نیزامی و ئەمنییەکانیان) بەرەبەرە بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا زاڵ دەبن. لە کاتێکدا بڕیار وا بوو کە کورد ڕزگار و سەربەخۆ بێ؛ نەک ئەوەی کە لەژێر کۆنترۆڵی داگیرکەرێک بێتە دەر و بچێتە ژێر کۆنترۆڵی داگیرکەرێکی دیکە. ئەوەش بەرهەمی ئیدیۆلۆژییەکی ناتەواو و هەڵبژاردنی ستراتێژییەکی هەڵەیە کە لەگەڵ هەلومەرجی کوردستاندا ناگونجێ.

جگە لەوە ئێلیتی کورد لە جیاوازیی نێوان شەڕی مانۆڤر[١] و شەڕی پێگە[٢] شارەزا نییە.[(٣)] لە بزوتنەوەی کوردستاندا، ئێلیتی کورد هەردەم لە شەڕی مانۆڤر کەڵکی

[1] war of maneuver

[2] war of position

وەرگرتووە و هەوڵی نەداوە ئەو پێگانەی کە لە نێو سیستمدا گرینگیی ستراتێژیکیان هەیە، داگیر بکا و لەوێوە هەوڵی زەمینەخۆشکردن بۆ خەباتی ڕزگاریخواز بدا. هەربۆیە جۆرێک دوالیسم لە بزوتنەوەی کوردستاندا ساز بووە کە خۆی لە دووانەی شار و شاخدا دەبینێتەوە؛ دووانەیەک کە هەتا ئێستا پێک نەگەیشتوون.

**ئەنجام**

بە پێی بەڵگەهێنانەوەی ئەم وتارە، جگە لە بابەتی ئیدیۆلۆژی، پێویستە ئێلیتی کورد بۆ دەربازبوون لە بازنەی ستراتێژیی نەزۆک لە عەقڵی نەریتی دەرباز بێ و لە عەقڵی مۆدێرن کەڵک وەرگرێ. بەڵام ئەو عەقڵەی لێرەدا مەبەستمە، عەقڵی تاکەکەسی نییە بەڵکوو عەقڵی بەکۆیە. بەسەرنجدان بەو ڕاستییە کە عەقڵی بەکۆ بەرهەمی کۆمەڵگەیە و کۆمەڵگەی کوردی هەر وا خەریکی بەرهەمهێنانەوەی نەریتەکانە، زۆر دژوارە ئەو کۆمەڵگەیە بتوانێ وەها عەقڵێک بەرهەم بهێنێ (یان لانیکەم لە قۆناغی ئێستادا ناتوانێ بەرهەمی بهێنێ). هەر بۆیە پێویستە ئێلیتی کورد خۆی هەتا ڕادەیەک لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی نەریتی، بەتایبەت لە پەیوەندیی خێزانی، بە دوور بگرێ و هەوڵ بدا لە چوارچێوەی پانتای گشتیدا پەرە بە عەقڵێکی مۆدێرنی ڕزگاریخواز بدا. لێرەدا مەبەست لە پانتای گشتی ئەو فەزایەیە کە دەکەوێتە نێوان تاک و حکوومەت و سەربەخۆیە لە ویستەکانی هەردووکیان. واتە جۆرێک دابڕان لە تێگەیشتنی باوی کۆمەڵگە بۆ بەرهەمهێنانی عەقڵێکی جیاواز لە عەقڵی نەریتی پێویستە.

# ٩

# چینی کۆمەلایەتی یان کەرتی سیاسی؟

## وردبوونەوە لە یەکەی لێکدانەوەی سیاسەتی ڕزگاریخواز

بابەتی چینبەندی[1] بابەتێکی دوورودرێژ و هاڵۆزە و پێویستە لە کتێبەکانی کەسانی وەک مارکس، لوکاچ، گرامشی، پولانزاس، ئی. پی. تامپسن، بەرینگتن مۆر، ڕالف میلیبەند، ئێریک ئۆلین ڕایت و هتد بۆی بگەڕێین. ئاشکرایە ئەو کەسانەی دەیانەوێ بەقووڵی لە سیاسەتی چینایەتی[2] لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە بگەن، پێویستە سەرەتا لە نووسینەکانی ئەو بیرمەندانە شارەزا بن، پاشان بە لەبەرچاوگرتنی مێژوو، ئابووری، کولتوور و سیاسەتی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بە کاری بهێنن. دیارە بەکارهێنانی تیۆری کاری هەر کەسێک نییە و هەندێک ئاستەنگی تایبەتی خۆی هەیە. هەروەها خراپ تێگەیشتن لە هەر تیۆرییەک، بەتایبەت ئەو تیۆرییانەی کە بڕیار وایە ببنە بنەمای کردەوەی کۆمەڵایەتی-سیاسی، کارەساتی لێدەکەوێتەوە.

---

[1] classification

[2] class politics

به لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵە، لەم وتارەدا دەمەوێ بەکورتی ئاماژە بە بابەتێک بکەم کە خراپ- تێگەیشتن لێی بووەتە هۆی بەلاڕێدابردنی بزوتنەوەی کوردستان لە هەشتا ساڵی ڕابردوودا کە بەهۆی بەستراوەیی[1] و نەخوێندەواریی زۆربەی چەپەکانی کوردستان بەرهەم هاتووە و بەردەوام بەرهەم دێتەوە. چەپی کوردستان هەر وا بە تێگەیشتنی جیهانی سێهەمی و بۆچوونی ماوەبەسەرچووی خۆی سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسەتەوە نووساوە و بەری نادا و کارەساتی وەک پێکهێنانی سێکتی پۆپولیست، چەندبەرەکایەتی- نانەوە لە کۆمەڵگەی کوردستان، پەراوێزخستنی چەند بەشی گرینگی کۆمەڵگەی کوردستان لە خەباتی نەتەوەیی، شەڕی نێوخۆیی و خزمەت بە کۆلۆنیالیستەکان دەئافرێنێ. گیرۆدەبوونی زۆربەی چەپەکانی کوردستان بە ئیدیۆلۆژیی کۆلۆنیالیستەکان و هۆگرییان بۆ بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانی خۆیان بووەتە هۆی ئەوەی ببنە بەشێک لە سوپای هزری و تەنانەت سەربازیی کۆلۆنیالیستەکان. هەربۆیە پێویستە ئەو کێشەیە لەڕووی تیۆریکەوە بخرێتە بەر باس بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نیزیکدا یەکلایی بکرێتەوە.

## چینی کۆمەڵایەتی

هەروەک دەزانین، چەمکی چینی کۆمەڵایەتی هەم لە لایەن نا-مارکسیستەکانەوە بە کار هاتووە و هەم لە لایەن مارکسیستەکانەوە. بیرمەندە نا-مارکسیستەکان لەڕووی ئابوورییەوە، تێگەیشتنێکی ساکاریان لە چینی کۆمەڵایەتی هەیە و بەپێی

---

[1] dependence

"ڕادەی داهات" و شێوازی ژیان[1] چینەکان دابەش دەکەن بە دەوڵەمەند(یان سەروو)، ناوەند و هەژار (یان خواروو). بەڵام هاوکات نا-مارکسیستەکانی وەک ڤیبەر، پارێتۆ، شومپیتر و هالبواکس لەڕووی کولتووری و سیاسییەوە، بابەتەکە ئاڵۆزتر دەبینن و پێوەری وەک شێوازی بەرخۆری[2] ئەندامبوون لە حیزبی سیاسی، هاوسەرگیری لە نێوان ئەندامانی یەک چین، پرێستیژ، خوێندەواری، گەشەی بەهرەکان و ... بە کار دەهێنن.(1) لە ڕوانگەی زۆربەی نا-مارکسیستەکانەوە، بەتایبەت لیبرالەکان، کۆمەڵگەیەک دڵخوازە کە زۆربەی خەڵکەکەی لە چینی ناوەند بن چونکە چینی ناوەند پێگەی دێموکراسییە و دەبێتە هۆی ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان چینی دەوڵەمەند و چینی هەژار. ئاشکرایە کە چینبەندیی نا-مارکسیستی سوودێکی شیکارانەی ئەوتۆی بۆ سیاسەتی ڕزگاریخواز نییە چونکە تەنیا دیمەنێکی ساکارمان پێشان دەدا و کەمتر باسی سەرچاوەکانی نایەکسانی و ڕۆلی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە سیاسەتی ڕزگاریخوازدا دەکا.

بەڵام چینبەندیی مارکسی زۆر دەوڵەمەندترە چونکە لەسەر بنەمای پەیوەندیی خاوەندارانەی تاکەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ کەرەسەکانی بەرهەمهێنانی سامان دامەزراوە کە بە شێوەیەکی بەرچاو دەناسرێ. هەروەها مارکسیسم پرۆژەیەکی سیاسی بۆ ڕزگاریی چینایەتی هەیە. ئەگەرچی چەمکی چینی کۆمەڵایەتی چەمکی سەرەکیی مارکسە بەڵام مارکس لە نووسینەکانیدا

---

[1] lifestyle

[2] consumption

قەت بە شێوازێکی سیستماتیک و ڕوون پێناسەی بۆ ئەو چەمکە نەکرد. مارکس لە کۆتایی تەمەنیدا کاتێک بەرگی سێهەمی کاپیتالی دەنووسی، ویستی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ چینی کۆمەڵایەتی بە دەستەوە بدا بەڵام بەهۆی مردن کارەکەی بە نیوەچڵی مایەوە.(2) هەڵبەت یەکێک لە هۆکارەکانی خۆپاراستنی مارکس لە پێشکەشکردنی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ چەمکی چینی کۆمەڵایەتی بیرکردنەوەی دیالێکتیکییە کە پێناسەی نەگۆڕ هەڵناگرێ.

بەگشتی، ئەگەر لە کۆی نووسینەکانی مارکس ئەنجامێکی پوخت هەڵێنجین دەتوانین بڵێین کە چینی کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵێک خەڵک دەگوترێ کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کەرەسەکانی بەرهەمهێنان و سەرچاوەکانی داهات هاوشێوەیە و ئەوەش دەبێتە هۆی ژیانی ماددی، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، کولتوور و ئیدیۆلۆژیی هاوبەش. لە کۆمەڵگەی کاپیتالیستیدا، دوو چینی سەرەکی و دوو چینی لاوەکی هەن: دوو چینی سەرەکی و جەمسەری[1] واتە بورژوازی (ئەوانەی خاوەنی کەرەسەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەن و خۆیان کار ناکەن) و پرۆلتاریا (ئەوانەی خاوەنی کەرەسەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایە نین و ناچارن هێزی جەستە یان مێشکیان بفرۆشن)؛ و دوو چینی لاوەکی واتە وردەبورژوازی (ئەوانەی خاوەنی کەرەسەی بەرهەمهێنانی بچووکن و خۆشیان کاریان لەسەر دەکەن) و لۆمپەن پرۆلتاریا (ئەو هەژارانەی کە کار ناکەن و لە ڕێگای دزی، سواڵکردن، لەشفرۆشی و ... دەژین). واتە پەیوەندیی تاک و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان

---

[1] polar classes

لەگەڵ کەرەسەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایە پێگەی چینایەتیی ئەوان دیاری دەکا کە ئاشکرایە لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا بەردەوام لە حاڵی گۆڕاندایە. بەڵام لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە چینی کۆمەڵایەتی جۆرێک "پەیوەندی"یە، نەک ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی و بوونێکی نەگۆڕ. ئەگەر ئەو پەیوەندییە نەمێنێ، ئەو تاکە یان گرووپە لەو چینەدا نامێنێ و دەچێتە نێو چینێکی دیکە. تێگەیشتن لە سروشتی پەیوەندی-تەوەری چینی کۆمەڵایەتی بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی چینایەتی لە ڕوانگەی مارکسییەوە زۆر گرینگە.[3]

بەڵام دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە مارکس تەنێ باسی ئەو چینانەی لە سەرەوە باسمان کردن، ناکا بەڵکوو چینبەندیی کۆمەڵگەی کاپیتالیستی زۆر ئاڵۆزتر دەبینێ و لە نووسینە تیۆریکەکانیدا هەر یەک لەو چینانە دابەش دەکاتە سەر چەند بەشی لاوەکیی دیکە. بۆ نموونە، لە کتێبی *هەژدەهەمی برومێری لویی بۆناپارت*دا کە سیاسیترین شیکردنەوەی چینایەتیی مارکسە، باسی چوار جۆر بورژوازی دەکا: بورژوازیی بازرگانی، بورژوازیی پیشەسازی، بورژوازیی ماڵی و بورژوازیی خاوەن زەوی. هەروەها کاتێک باسی جووتیارەکانی فەرانسە دەکا، دەڵێ جووتیارانی وردە-مالیک[1] گەورەترین چینی کۆمەڵایەتیی فەرانسەن بەڵام "وەک تەلیسێک پەتاتەن" کە بەهۆی شێوازی بەرهەمهێنانیان کە لە چوارچێوەی زەوییەکانیاندا هەموو پێداویستییەکانی خۆیان بە کوێرەوەری و چارەڕەشی دابین دەکەن، هیچ پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز و هیچ ڕێکخراوێکی سیاسییان نییە هەربۆیە

---

[1] smallholding peasantry

تاقمی بنەماڵەی ناپلیۆنی دووهەم نوێنەرایەتییان دەکەن.[4] واتە مارکس وێنایەکی زۆر ئاڵۆزتر لەو وێنا ساکارەی چەپی جیهانی سێهەم بە دەستەوە دەدا.

هەروەها دەزانین کە لە ڕوانگەی مارکسەوە، ئەو چینە کۆمەڵایەتییانەی خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن، کۆنترۆلی کۆمەڵگەش دەکەن و سەردەستن و ئەوانەی خاوەن نین، دەسەڵاتیشیان نییە و بندەستن. مارکس پەیوەندیی نێوان چینەکان و دەوڵەت بە دوو مۆدێل دەخاتە بەر باس: مۆدێلی *ئامرازی* لە *مانیفێستی کۆمونیست* (کە دەڵێ: بەشی جێبەجێکاری دەوڵەت لە کۆمەڵگەی کاپیتالیستیدا هیچ نییە جگە لە کۆمیتەی کارگێڕیی کاروباری گشتیی هەموو بورژوازی)[5] کە دواتر لە لایەن کەسانی وەک رالف میلیبەند (لە کتێبی *دەوڵەت لە کۆمەڵگەی کاپیتالیستیدا*، ١٩٦٩)[6] درێژەی پێدرا، و مۆدێلی *ئۆتۆنۆمیی ڕێژەیی* لە *هەژدەهەمی برومێر* (کە دەڵێ: دەوڵەت لە کۆمەڵگەی کاپیتالیستیدا دەتوانێ هەتا ڕادەیەک سەربەخۆ لە چینە کۆمەڵایەتییەکان بجووڵێتەوە، هەرچەندە کە فۆنکسیۆنی دەوڵەت ئەوەیە کە بەرژەوەندییەکانی چینێکی تایبەت دابین بکا) کە لە لایەن کەسانی وەک نیکۆس پولانزاس (لە کتێبی *دەسەڵاتی سیاسی و چینە کۆمەڵایەتییەکان*، ١٩٧٣)[7] درێژەی پێ درا.

مارکس لە لایەکەوە، باسی چینی کۆمەڵایەتی-وەک-خۆی[1] (وەک بوونێکی کۆمەڵایەتی-ئابووری) و چینی کۆمەڵایەتی-بۆ-خۆی[2] (وەک بوونێکی سیاسی کە

---

[1] class-in-itself

[2] class-for-itself

خاوەنی وشیاریی چینایەتی و ڕێکخستن و ئیدیۆلۆژی و پرۆژەی سیاسی خۆیەتی) دەکا و داوا دەکا چینی کرێکار ببێتە چینی کۆمەڵایەتی-بۆ-خۆی؛ بابەتێک کە تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووی کاپیتالیستی قەت نەهاتە دی. ئێستا دەزانین کە کرێکارەکان دەنگیان دا بە هیتلەر[8] و لەو ساڵانەی دواییدا زۆربەی چینی کرێکاری وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپا پشتیوانییان لە سیاسەتوانە ڕاستەکان کردووە.[9] واتە چینی کرێکار بەپێچەوانەی وشیاریی چینایەتیی مەبەستی مارکس جووڵاوەتەوە و ئەجێندای ناسیۆنالیستی و تەنانەت فاشیستی هەڵبژاردووە.

بەگشتی، چینی کۆمەڵایەتی بابەتێکی یونیڤێرساڵە واتە لە دوای فۆرمگرتنی شارستانیەت هەتا ئێستا لە هەموو کۆمەڵگەکاندا چینی کۆمەڵایەتی هەبووە و هەیە بەڵام لە هەر کۆمەڵگەیەکدا چینەکان بەڕادەیەک دەسەڵاتیان نییە و ئەندامانی هەر چینێک بە شێوازی جۆراوجۆر دەجووڵێنەوە و ناتوانین بڵێین چینێکی تایبەت لە هەموو هەلومەرجێکی مێژووییدا ڕۆڵی پێشکەوتنخوازانە یان پاشڤەڕۆیانەی هەیە. تەنانەت لە جیهانی ڕۆژئاوا چینی کرێکار هەمیشە پێشکەوتنخواز نییە و چینی بورژوا هەمیشە پاشڤەڕۆ نییە. ئەوە بابەتێکە کە تەنانەت مارکس (سەبارەت بە بورژوازی)، سارتر (سەبارەت بە وردەبورژوازی) و مارکوزە (سەبارەت بە کرێکارەکان) دانیان پێ داناوە.

باشترین سەرچاوە بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە کتێبی بەرینگتن مۆر بە ناوی *ئاخێزگە کۆمەڵایەتییەکانی دیکتاتۆری و دێموکراسی*یە. دیارە مۆر کۆمەڵناسێکی مێژووییە و هاوکات کە لەژێر کاریگەریی مارکس و ڤیبەردایە، ڕەخنە لە

هەردووکیان دەگرێ. مۆر لە کتێبەکەیدا پێشانمان دەدا کە پەیوەندییە نێو-چینایەتییەکان[1] بەتایبەت لە نێوان دەرەبەگ و بورژوا، لە سەردەمی کۆتاییهاتنی فیودالیسم و پەڕینەوە لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵییەوە بەرەو کۆمەڵگەی پیشەسازی، چۆن جیهانی مۆدێرنی فۆرم بەخشیوە. لەم بوارەدا ئاماژە بە سێ ڕێگای گەشەسەندنی جیاواز دەکا: یەکەم، لەو وڵاتانەی کە چینی جووتیار لاواز بووە یان پەراوێز کەوتووە و بورژوازی بەهێز بووە، چینی دەرەبەگ ناچار بووە لەگەڵ بورژوازی ڕێکبکەوێ و ئاستەنگ بۆ دێموکراتیزەبوون ساز نەکا یان ئەگەر بووەتە ئاستەنگ لە لایەن بورژوازییەوە فڕێ دراوە. لەو وڵاتانە، دێموکراسیی لیبرال سەری هەڵداوە کە لە هەندێکیاندا بە شێوازی هەتا ڕادەیەک ئاشتیخوازانە ڕووی داوە (وەک بریتانیا لە شۆڕشی شکۆداری ١٦٨٨) و لە هەندێکی دیکە توندوتیژی ڕووی داوە (وەک فەرانسە لە شۆڕشی مەزنی ١٧٨٩). دووهەم، لەو وڵاتانەی کە چینی جووتیار بەهێز بووە و هەڕەشەی بۆ چینە دەسەڵاتدارەکان ساز کردووە و بورژوازی لاواز بووە و ناچار بووە لەگەڵ پاشماوەکانی چینی دەرەبەگ هاوپەیمانییەکی چینایەتی-سیاسی پێک بهێنێ، فاشیسم سەری هەڵداوە؛ وەک ئەلمانیا و ژاپۆن. سێهەم، لەو وڵاتانەی کە بورژوازی لاواز بووە و چینەکانی بورژوا و دەرەبەگ نەیانتوانیوە کۆمەڵگە بەرەو مۆدێرنیزاسیۆن بەرن، کۆمونیستەکان جووتیارەکانیان ڕێکخستووە و شۆڕشی کۆمونیستی ڕووی داوە؛ وەک ڕووسیا و چین (واتە لە ڕوانگەی مۆرەوە، شۆڕشەکانی ڕووسیا لە ١٩١٧ و چین لە ١٩٤٩

---

[1] inter-class

شۆڕشی کرێکاری نەبوون بەڵکوو شۆڕشی جووتیاری بوون!).[10] لێکۆڵینەوەی مۆر پێشانمان دەدا کە تایبەتمەندییەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکان وڵات بە وڵات جیاوازە و بابەتەکە زۆر ئاڵۆزتر لەوەیە کە مێشکی ساکاری چەپی جیهانی سێهەم بیری لێ دەکاتەوە.

هەروەها بابەتی تایبەتمەندییەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت لەنێو خودی گوتاری مارکسیستیدا بیروبۆچوونی جیاوازی لەسەرە. بۆ نموونە، لە کاتێکدا کە مارکس ڕوانینێکی نەرێنی بۆ وردەبورژوازی هەبوو و نیومارکسیستەکانی وەک ئێریش فرۆم پێیان وا بوو کە وردەبورژوازی پێگەی کۆمەڵایەتیی فاشیسمە،[11] ژان پۆل سارتر پێی وا بوو کە وردەبورژوازی بکەری سەرەکیی شۆڕشە.[12] هەروەها بابەتی پۆلاریزەبوونی کۆمەڵگەی کاپیتالیستی (واتە توانەوەی هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان لە دوو جەمسەری بورژوازی و پرۆلتاریا) کە لە لایەن مارکسەوە پێشبینی کرابوو، نەهاتە دی[13] و چینبەندیی کۆمەڵگەی ئێستا ئەوەندە ئاڵۆزە کە خەباتی چینایەتی بردووەتە ژێر پرسیارەوە (هەڵبەت ئەوە بە واتای کۆتاییهاتنی ناتەبایی چینایەتی نییە). ئەوە جگە لەوەی کە بوونی چینێکی کۆمەڵایەتی وەک پرۆلتاریا و گرینگبوونی ئەو چینە لە کۆمەڵگەکانی وڵاتانی گەشەنەسەندوودا زۆر جێی مشتومڕە کە ئەوانەی مێژووی بزوتنەوەی چەپ و دژەکۆلۆنیالیستییان خوێندووەتەوە، لێی شارەزان.

بەڵام ئەو خاڵە گرینگەی کە لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم ئەوەیە کە لە وڵاتانی بەکۆلۆنیکراودا چینە کۆمەڵایەتییەکان وەک وڵاتانی سەربەخۆ نین چونکە

دەسەڵاتێکی دەرەکی دەست بەسەر هەموو سەرچاوەکانی کۆمەڵگەدا دادەگرێ، وڵات تاڵان دەکا و خەڵک دەچەوسێنێتەوە. وڵاتێک کە لە درێژماوەدا داگیر کراوە یان لە لایەن دەوڵەتێکی دیکەوە بەکۆلۆنی کراوە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەکەی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆلۆنیالیسمەوە و ئێمە ناتوانین وەها کۆمەڵگەیەک بە هەمان شێوە شی بکەینەوە کە کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ شی دەکەینەوە. دەوڵەتی کۆلۆنیالیست پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی وڵاتی بەکۆلۆنیکراو بە مەبەستی ڕووخاندنی ورەی ڕزگاریخوازی دەشێوێنی؛ ئەگەرچی ئەو شێواندنە هەمیشە پاشڤەڕۆیانە نییە و زۆر جاران بە شێوەیەکی پێشبینی-نەکراو بە قازانجی وڵاتی بەکۆلۆنیکراو دەشکێتەوە. بۆ نموونە، دەستتێوەردانی بریتانیاییەکان لە سیستمی کاستیی[١] هیندستان و نەهێشتنی هەندێک دابونەریتی پاشڤەڕۆیانەی وەک ساتی[٢](نەریتی خۆسووتاندنی ژن دوای مردنی مێرد) هەنگاوێکی پێشکەوتنخوازانە بوو؛ هەرچەندە دەتوانین ڕەخنەی زۆر لە کردەوەکانی بریتانیا لە هیندستان بگرین.

لە کوردستانیش، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەنگاویان بۆ تێکدانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردستان ناوە، ئەگەرچی هەندێکیان ئەنجامی پێشکەوتنخوازانەیان لێ کەوتووەتەوە. یەکێک لەو بابەتانە نەهێشتنی سیستمی دەرەبەگایەتی (ئاغایەتی یان فیودالیسم) بووە. هەرچەندە هەندێک لە چاوەدێران پێیان وایە فیودالیسم لە

---

[1] caste system

[2] Sati or suttee

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەت هیچکات نەبووە بەڵام ئەو بەڵگانەی پێشکەشی دەکەن، زۆر لاوازن. دیارە فیودالیسم وەک یەکێک لە قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵایەتیی دوای کۆیلەداری لە کوردستانیش هەبووە و ئێمە دەتوانین بوونی دوو چینی کۆمەڵایەتی (ئاغا یان دەرەبەگ وەک خاوەنی ئامرازی بەرهەمهێنان لە لایەک و ڕەعیەت یان جووتیاری بێ-زەوی لە لایەکی دیکەوە) وەک ڕاستەقینەیەکی کۆمەڵایەتی بە بەڵگەوە پشتڕاست بکەینەوە. هەروەها پەیوەندیی نێوان ئەو دوو چینە لەسەر بنەمای چەوساندنەوەی چینی جووتیاری بێ-زەوی بووە کە خۆی لە سیستمی کاری وەک دە-و-دوو دەردەخست.

بەڵام کاتێک لەساڵی ١٩٦٣ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاکسازیی زەوی (ناسراو بە ئیسلاحاتی ئەرزی) دەستی پێ کرد، ئیدی شتێک بەناوی سیستمی دەرەبەگایەتی نەما. چاکسازیی زەوی و پەرەسەندنی کاپیتالیسم بوو بە هۆی تێکدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فیودالیسم.[14] هەروەها چینێکی کۆمەڵایەتی بەناوی چینی دەرەبەگ یان ئاغاوەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەما. هەرچەندە لەوانەیە ئێستاش کەسانێک هەبن کە خۆیان پێ ئاغا بێ و بەهاکانی ئەو چینە لە نێویاندا مابێ بەڵام هەروەک دەزانین بنەمای چینی کۆمەڵایەتی لە هەردووک ڕوانگەی سەرەکیی مارکسی و ڤیبەریدا پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای بەرهەمهێنان و بەکارهێنانە. دوای ئیسلاحاتی ئەرزی شتێک بەناوی پەیوەندیی فیودالی لە نێوان ئاغا و جووتیاری بێ-زەویدا نەما. هەر ئێستا پاشماوەکانی چینی دەرەبەگ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان بوونەتە بورژوا، یان

بوونەتە وردەبورژوا، تەنانەت بوونەتە کرێکاری هزری و جەستەیی. بەکورتی، ئێستا شتێک بەناوی دەرەبەگ یان ئاغاوەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەماوە[15] هەروەک چۆن شتێکیش بە ناوی ڕەعیەت یان جووتیاری بێ-زەوی نەماوە و کشتوکاڵیش وەک هەموو بوارەکانی دیکەی ئابووری بووەتە کاپیتالیستی.

ئەو لایەنەی چینایەتی کە لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتی ڕزگاریخوازدا گرینگە ئەوەیە کە لە ئێستادا سیاسەتی چینایەتی پەراوێز خراوە و شیکردنەوەی کۆمەڵگەکان بەپێی چینبەندی و تەرخانکردنی هەندێک تایبەتمەندی بە چینە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی پەرەپێدانی خەباتی چینایەتی ئیدی باوی نەماوە. دیارە ئەو ڕەوتە تەنانەت لە سەردەمی شەڕی سارددا سەرنجی زۆر بیرمەندی مارکسیستی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. بۆ نموونە، مارکوزە ئاماژە بەوە دەکا کە چینی کرێکار ئیدی شۆڕشگێڕ نەماوە و لە سیستمی کاپیتالیستیدا تواوەتەوە (بەتایبەت لە ئەمریکا) هەربۆیە مارکوزە بۆ پرۆژەی سیاسیی رادیکالی خۆی لیستێکی دیکە لە گرووپە شۆڕشگێڕەکان بە دەستەوە دەدا (قوتابیان، بێکاران، ژنان، کەمایەتییە نەژادییەکان و ...).[16] واتای ناڕاستەوخۆی بیرۆکەی مارکوزە ئەوەیە کە چینبەندی چی دیکە سوودی شیکارانەی بۆ سیاسەتی ڕزگاریخواز نەماوە بەڵام بەهۆی ئەوەی کە مارکوزە باوەڕی بە پرۆژەی سیاسیی مارکس هەیە و لایەنگری شۆڕشە، ئەو بابەتە بە ڕاشکاوی نادرکێنێ. بەگشتی، ئێمە دەتوانین لەنێو گرووپە رادیکالەکاندا ئەندامانی هەموو چینەکان ببینین و لەنێو گرووپە پاشقەڕۆیەکانیشدا چینی کرێکار هەیە.

بەگشتی، چەمکی چینی کۆمەڵایەتی تەنانەت لەنێو گوتاری مارکسیستیدا سوودی خۆی بۆ سیاسەتی ڕزگاریخواز لە دەست داوە و تەنیا وەک ئامرازێکی شیکارانە بۆ ناسینی گرووپەکانی نێو کۆمەڵگەی کاپیتالیستی باوی ماوە. ئێستا زۆربەی مارکسیستەکان بۆ لای بابەتی وەک لێکۆڵینەوەی کولتووری، سیاسەتی ناسنامە، بەجیهانیبوون و ئابووریی سیاسیی نێونەتەوەیی ڕاکێشراون و کەمتر باسی خەباتی چینایەتی دەکەن. ئاشکرایە کە ئەوە بە واتای کۆتاییهاتنی خەباتی چینایەتی نییە چونکە ناتەبایی چینایەتی زۆر زیاتر بووە بەڵام پتربوونی ناتەبایی چینایەتی شتێکە و بەسیاسیبوونی ئەو ناتەباییە شتێکی دیکە. لەوانەیە لە داهاتوودا دیسان ئەو ناتەباییە بەسیاسی بێ و شۆڕشی کۆمەڵایەتیی دیکە (هاوشێوەی شۆڕشەکانی فەرانسە و ڕووسیا) ڕوو بدا بەڵام لە ئێستادا خەباتی چینایەتی تەنانەت لە وڵاتانی سەربەخۆدا پەراوێز خراوە.

## کەرتی سیاسی

هەروەک باس کرا، چەمکی چینی کۆمەڵایەتی کاتێک لە وڵاتە بەکۆلۆنیکراوەکاندا بە کار دێ، نەک هەر سوودی نامێنێ بەڵکوو دەبێتە ئاستەنگێک بۆ لێکدانەوەی ئەو کۆمەڵگەیانە و خەباتی دژە-کۆلۆنیالیستی بە لاڕێدا دەبا. لێرەدایە کە بۆ یەکەی لێکدانەوەی[1] سیاسەتی ڕزگاریخواز لە وڵاتانی بەکۆلۆنیکراودا پێویستە بیر لە چەمکێکی دیکە بکەینەوە.

---

[1] unit of analysis

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە خەنجەری کۆلۆنیالیسم کۆمەڵگەی بەکۆلۆنیکراو دەکاتە دوو کەرتی دیار. کۆلۆنیالیسم هەر تاک و گرووپێکی نەتەوەی بەکۆلۆنیکراو ناچار دەکا کە هەڵوێستی خۆی بەڕوونی یان بەشاراوەیی دەربڕێ کە ئایا لەگەڵ کۆلۆنیالیستەکانە یان لەگەڵ سەربەخۆیی وڵاتی بەکۆلۆنیکراو. هەربۆیە لەڕووی هەڵوێستی سیاسییەوە، لە کوردستان وەک وڵاتێکی بەکۆلۆنیکراو، هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان دابەش بوونە سەر دوو "کەرتی سیاسی": کەرتی کۆمپرادۆر (ئەوانەی یارمەتی کۆلۆنیالیستەکان دەدەن) و کەرتی نەتەوەیی (ئەوانەی دژ بە کۆلۆنیالیستەکانن). لە نێو کۆمپرادۆرەکاندا هەم بورژوا هەیە، هەم وردەبورژوا، هەم کرێکار و هەم لۆمپەن پرۆلتاریا. هەروەها لە نێو نەتەوەییەکاندا هەموو ئەو چینانە هەن. واتە بەپێچەوانەی لێکدانەوەی لێنینیستی و مائۆئیستی کە تایبەتمەندییەکی دیاریکراو دەلکێنن بە چینێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوەوە (بۆ نموونە دەڵێن کرێکارەکان پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕن بەڵام بورژواکان پاشڤەڕۆن)، لە وڵاتانی بەکۆلۆنیکراودا کەرتی کۆمپرادۆر وەک داردەستی کۆلۆنیالیستەکان لە هەموو چینەکان پێک دێ و کەرتی نەتەوەییش لە هەموو چینەکان. چەمکی "کەرتی کۆمپرادۆر" چەمکێکی نوێیە کە دامهێناوە و جیاوازە لە "بورژوازیی کۆمپرادۆر" و "چینی کۆمپرادۆر" کە نیومارکسیستەکان بە کاریان دەهێنن.[17] جیاوازیی نێوان چین و کەرت ئەوەیە کە چین ئاسۆییە بەڵام کەرت ستوونییە و چەندین چین لە خۆی دەگرێ. ئاشکرایە کە ئەو چەمکەش وەک هەموو چەمکەکانی بواری کۆمەڵایەتی-سیاسی "جۆری

نموونەیی"ە[1]واتە سازکراوەیەکی شیکارانەیە و لە جیهانی ڕاستەقینەدا تاکەکان و گرووپەکان دەکەونە نێوان ئەو دوو جەمسەرە. بەکردەوە، تاکێک یان گرووپێکی کۆمەڵایەتی لەوانەیە لە هەندێک بواردا لەگەڵ کۆلۆنیالیستەکان هاوکاری بکا و لە هەندێک بواردا لەگەڵ نەتەوەییەکان بەڵام لەڕووی ئیدیۆلۆژییەوە، دوو کەرتی دیاریکراو لەهەمبەر یەکدیدا هەڵوێست دەگرن.

خوێندنەوەیەکی چینایەتی لە مێژووی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردستان لە دوو سەدەی ڕابردوودا ئەوەمان بەڕوونی بۆ ئاشکرا دەکا. بەپێی خوێندنەوەی من، کوردستان بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە: قۆناغی میرنشینەکان (لە سەرەتای هەزارەی دووهەم هەتا نیوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم)، قۆناغی داگیرکاری (لە نیوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم هەتا نیوەڕاستی سەدەی بیستەم) و قۆناغی کۆلۆنیالیسم (لە نیوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە هەتا ئێستا). مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە نیوەراستی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پێ دەکا (جگە لە چەند ڕووداوی دەگمەنی وەک قەڵای دمدم) چونکە پێش ئەو کاتە، بوونی میرنشینە کوردییەکان لە هەردووک پارچەی کوردستان دەسەڵاتێکی هەتا ڕادەیەک سەربەخۆی بۆ کورد دەستەبەر کردبوو و ئێلیتی خۆجێیی کورد بە هۆی دەسەڵاتی ناوچەیی، هەستی بە پێویستبوونی دەوڵەتێکی یەکگرتووی مۆدێرنی نەتەوەیی نەدەکرد. بەڵام لە کاتی لەنێوچوونی میرنشینە کوردییەکانەوە، واتە لە نیوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە هەتا ئێستا، ناسیۆنالیسمی کورد وەک ئیدیۆلۆژی و

---

[1] ideal type

بزوتنەوەی سەرەکی لە کوردستان خۆی لەهەمبەر داگیرکاری و کۆلۆنیالیسمی عەجەم و عەرەبدا دیتووەتەوە؛ ئەگەرچی بەهۆی دواکەوتوویی ئیمپراتۆریی عوسمانی و قاجار، لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا کوردستان لە سەرەتادا تووشی داگیرکاری بوو. سیستمی کۆلۆنیالیستیی مۆدێرن بەو شێوازەی کە ئێستا دەیبینین، لە دوای فۆرمگرتنی دەوڵەتی مۆدێرن (واتە دەوڵەتی تورکیا و دەوڵەتی ئێران لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو)، بەتایبەت لە دوای کۆمەڵکوژیی دێرسیم و ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد جێگیر کراوە.

لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستاندا هەموو چینەکان رۆلیان هەبووە؛ بە لایەنگری یان بە دژایەتی. زۆربەی سەرۆکەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی هەتا کاتی لەنێوچوونی دەرەبەگایەتی لە چینی دەرەبەگ یان وردە-دەرەبەگ بوون (شێخ عوبەیدوڵڵا، هەمزاغا، سمکۆ، شێخ مەحموود، شێخ سەعید، سەید ڕەزا، شێخ ئەحمەد، مەلا مستەفا). تەنانەت دوای لەنێوچوونی دەرەبەگایەتیش، زۆربەی سەرۆکەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە پاشماوەکانی ئەو چینە بوون؛ بەهۆی ئەوەی کە دەرفەتی خوێندنیان زیاتر بۆ ڕەخسابوو و سەرمایەی سەمبۆلیک و کۆمەڵایەتییان (بە واتای بۆردیۆیی) پتر بوو. هاوکات زۆر کەسایەتی و خێڵی کوردستان کە بەشێک بوون لە چینی دەرەبەگ و پاشماوەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی، هاوکاریی کۆلۆنیالیستەکانیان کردووە. لە کەرتی نەتەوەییدا هەموو چینەکانی دیکەش دەبیندرێن. چینی وردە-بورژوا لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد رۆلی سەرەکی گێڕا (بۆ نموونە، دامەزرێنەران و چالاکانی ژ-کاف زۆربەیان لە

چینی وردەبورژوا بوون) و ئێستاش بەشێکی گرینگ لەو کەرتەیە. بەڵام هەر لە مەهاباد، لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، بەشێک لە چینی وردەبورژوا بوو بە داردەستێکی گرینگی کۆلۆنیالیسم؛ بەتایبەت لە بازاڕ و سیستمی ئیداریدا. هەروەها چینی وردەبورژوا بەستێنی بۆ تەشەنەی کولتووری کۆلۆنیالیستەکان و لاوازکردنی کولتووری کوردی ئامادە کردووە. چینی کرێکار لە بزووتنەوەکانی ڕۆژهەڵات، باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان و هەروەها لە بزووتنەوەی کوردانی دیاسپۆرا رۆڵی گێڕاوە و ئێستاش بەردەوامە. هاوکات بەشێک لە چینی کرێکار، بەتایبەت کرێکاری هزری، بووەتە داردەستی کۆلۆنیالیستەکان کە خۆی لە بواری وەک هاوکاریی سیخوڕیدا زیاتر دەردەخا. تەنانەت لۆمپەن-پرۆلتاریاش بووەتە دوو کەرت. ئێمە دەتوانین لەنێو لۆمپەن-پرۆلتاریا هەم باوەڕمەندان بە خەباتی نەتەوەیی ببینین و هەم داردەستەکانی کۆلۆنیالیسم (لە پەراوێزەکانی شارە گەورەکانی کوردستان کە شوێنی نیشتەجێبوونی بەشێک لە لۆمپەن-پرۆلتاریان، هاوکاری لەگەڵ کۆلۆنیالیستەکان زۆر بە ئاشکرایی دەبیندرێ).

هەربۆیە دەتوانین بڵێین لە کوردستان وەک نموونەی وڵاتانی بەکۆلۆنیکراودا هیچ پەیوەندییەک لە نێوان چینی کۆمەڵایەتی و هەڵوێستی سیاسیی تاکەکان و گرووپەکان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازدا نییە و ئێمە تەنێ دەتوانین باسی *کەرتی سیاسی* بکەین. ئەوەی کە هۆکاری هەڵبژاردنی کەرتێکی سیاسیی تایبەت چییە و بۆچی هەندێک لە تاکەکان و گرووپەکان خۆیان لە سەنگەری یەکێک لەو کەرتانەدا دەبیننەوە، فرەڕەهەندە و پەیوەندی هەیە بە جۆری کەسایەتی، بەها

زاڵەکانی نێو گرووپێکی کۆمەڵایەتی، مەیل بۆ دەسەڵات و بەرژەوەندی. بەڵام بەسەرنجدان بەوە کە جۆری کەسایەتی، بەهاکان، مەیل بۆ دەسەڵات و بەرژەوەندی بابەتگەلێکی بەرچاو یان کۆنکرێت نین و لە ژێر کاریگەریی ئیدیۆلۆژیدان، هەر تاکێک لە هەڵبژاردنی هەر کەرتێکی سیاسیدا بە شێوازێک پێناسە بۆ بەهاکان و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکا (بۆ نموونە، لە یەک خێزاندا دەبینین کە پیاوێک سەر بە کەرتی کۆمپرادۆرە لە کاتێکدا خوشکەکەی سەر بە کەرتی نەتەوەییە). واتە ئەو تاک و گرووپانەی کە پێناسەیان بۆ بەهاکان و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بە جۆرێکە کە پێیان وایە بەهاکان و بەرژەوەندییە تاکەکەسی و گرووپییەکانیان لە سیستمی کۆلۆنیالیستیدا دابین دەکرێ، لەگەڵ کۆلۆنیالیستەکان هاوکاری دەکەن بەڵام ئەوانەی کە بەهاکان و بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە کۆتاییهێنان بە کۆلۆنیالیسمدا دەبینن، لەگەڵ نەتەوەییەکان هاوکاری دەکەن. هەڵبەت ئاشکرایە کە ئەم بابەتەش تەواو ڕەش و سپی نییە و زۆرینەی خەڵک دەکەونە نێوان ئەو دوو جەمسەرە. هەر کەسێک لە کۆمەڵگەی کوردستان ژیابێ و تێبینیی ئەم بابەتەی کردبێ، دەتوانێ چەندین نموونە لەو ڕاستییە بدۆزێتەوە.

**ئەنجام**

ناکرێ نکۆڵی لە بوونی چینی کۆمەڵایەتی لە کوردستان بکەین. ئاشکرایە کە کۆمەڵگەی کوردستانیش کۆمەڵگەیەکی چینایەتییە و چینی کۆمەڵایەتی لە کوردستانیش وەک هەموو کۆمەڵگەکانی دیکە بە هەندێک جیاوازیی وردەوە

هەیە. چینە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستای کوردستان وەک زۆربەی شوێنەکانی دیکەی سیستمی جیهانیی کاپیتالیستی بریتین لە تێکەڵاوێک لە تەیفەکانی بورژوازی، وردەبورژوازی، کرێکار و لۆمپەن پرۆلتاریا کە ئاڵۆزییەکی بەرچاو لەڕووی جووڵەی کۆمەڵایەتی و هەڵوێستی سیاسییەوە تێیاندا دەبیندرێ. شتێک بە ناوی چینی دەرەبەگ و چینی ڕەعیەت (جووتیاری بێ-زەوی) نەماوە چونکە سیستمی دەرەبەگایەتی وەک شێوازێکی بەرهەمهێنان لەنێو چووە و کاپیتالیسم زاڵ بووە؛ تەنانەت بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیش بووەتە کاپیتالیستی. بەڵام بەپێچەوانەی بۆچوونی چەپی جیهانی سێهەم، رۆلی چینەکان لە سیاسەتی کوردستاندا زۆر هاڵۆز و تێکەڵاوە و ناتوانین تایبەتمەندییەکی دیاریکراو بلکێنین بە چینێکی دیاریکراوەوە.

چینەکانی کوردستان لە ئاکامی کۆلۆنیالیسمدا دابەش بوون بەسەر دوو کەرتی سیاسیدا: کەرتی کۆمپرادۆر و کەرتی نەتەوەیی. لەژێر کاریگەریی جۆری کەسایەتی، بەهاکان، مەیل بۆ بەرژەوەندی و دەسەڵاتدا کە خۆیان بەرهەمی ئیدیۆلۆژین، کەرتی کۆمپرادۆر لەگەڵ کۆلۆنیالیستەکان هاوکاری دەکا بەڵام کەرتی نەتەوەیی دژی کۆلۆنیالیسمە. لە ئێستادا چینی کۆمەڵایەتی وەک یەکەی لێکدانەوە سوودی شیکارانەی خۆی بۆ سیاسەتی ڕزگاریخواز لە دەست داوە. بە گشتی، ململانێی چینایەتی لە وڵاتە بەکۆلۆنیکراوەکاندا هەتا کاتی چارەسەربوونی بنەڕەتیی کێشەی نەتەوەیی (واتە سەربەخۆیی و سازکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی) پەراوێز دەخرێ. مێژووی هاوچەرخی کوردستان پێشانمان دەدا کە چالاککردنی

کەلێنی چینایەتی دەبێتە هۆی دووبەرەکی لە کوردستان؛ دووبەرەکییەکی سازکراو کە تەنێ کۆلۆنیالسیتەکان کەڵکی لێوەردەگرن. هەربۆیە بۆ سیاسەتی ڕزگاریخواز لە وڵاتانی بەکۆلۆنیکراودا لەجیاتی چینی کۆمەڵایەتی دەبێ لە چەمکی "کەرتی سیاسی" کەڵک وەرگرین. کەرتی سیاسی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بوونی کۆلۆنیالیسمەوە هەیە و ستوونییە، بەپێچەوانەی چینی کۆمەڵایەتی کە ئاسۆییە.

لە لایەکی دیکەوە، چەمکی کەرتی سیاسی یارمەتیمان دەدا تێبگەین کە بۆ چی لە وڵاتە بەکۆلۆنیکراوەکاندا تاکەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەو شێوازە هەڵوێست دەگرن و هەڵسوکەوت دەکەن کە دەیبینین. یەکێک لە دەرکەوتە هەرە گرینگەکانی شرۆڤەکردنی کوردستان وەک دوو کەرتی سیاسی ئەوەیە کە دەتوانێ یەکگرتوویەکی بەرچاو لە نێوان تاکەکان و گرووپە نەتەوەییەکان ساز بکا و ببێتە هۆی وەخۆکردن[1] کە بەپێچەوانەی سیاسەتی هەڵەی وەلانانە[2] هەروەها بەسەرنجدان بەو بابەتە کە ڕاستەقینە بەرهەمی ئیدیۆلۆژییە و شتێکی لەپێشدادیاریکراو نییە بەڵکوو سازکراوە[3] چەمکی کەرتی سیاسی دەتوانێ لە دارشتنی ستراتێژیی ڕزگاریخوازدا یارمەتیدەر بێ.

---

[1] inclusion

[2] exclusion

[3] constructed

## ١٠

# یوتۆپیا و ستراتیژیی ڕزگاریخواز

لە سەرەتادا پێویستە باسێکی پارادایمی بکەین چونکە ئەوەی کە ئێمە لە چ پارادایمێکدا بیر دەکەینەوە، ئاراستەی باسەکەمان دیاری دەکا. لێرەدا مەبەستم لە پارادایم چوارچێوەی هزرییە بە واتایەکی گشتی؛ مەبەستم ئەوە نییە کە تامس کوهن باسی دەکا. رابرت کاکس، زانای بواری ئابووریی سیاسی، لە وتارێکی زۆر گرینگدا باسی ئەوە دەکا کە ئێمە لە زانستی مرۆییدا دوو پارادایممان هەیە: پارادایمی چارەسەرکردنی کێشەکان و پارادایمی ڕەخنەیی.[١] کاکس دەڵێ لە زانستی مرۆییدا دەتوانین هەموو تیۆرییەکان بخەینە نێو یەکێک لەو پارادایمانە. پارادایمی چارەسەرکردنی کێشەکان دەیەوێ لە چوارچێوەی سیستمی باودا کێشەکان چارەسەر بکا و کاری بە گۆڕینی سیستم نییە. واتە دەیەوێ "دۆخی باو" (status quo) بپارێزێ. بەڵام ئامانجی پارادایمی ڕەخنەیی "گۆڕانی رادیکال"ە. بۆ نموونە، فۆنکسیۆنالیسم (ئەرکباوەڕی) تیۆرییەکی چارەسەرکردنی کێشەکانە بەڵام مارکسیسم و زۆربەی قوتابخانەکانی فێمینیسم تیۆریی ڕەخنەیین.

ئەم وتارە دەکەوێتە چوارچێوەی پارادایمی ڕەخنەیی. بەڵام کێشەی پارادایمی ڕەخنەیی ئەوەیە کە ئەوەندە لەسەر ڕخنەگرتن و ڕووخاندنی سیستمی زاڵ پێداگری دەکا کە لایەنی دروستکردنی لە بیر دەچێتەوە. واتە هەتا ئێستا ئەو

تیۆرییانەی لە پارادایمی ڕەخنەییدا بوونە، زۆرتر خەریکی ڕەخنەگرتن لە سیستمی باو بوونە و زۆرتر گرینگییان داوە بە لایەنی سەلبی و باسی ئالترناتیڤ یان کۆمەڵگەی دڵخوازی خۆیان ناکردووە. لە کاتێکدا هەر تیۆرییەک کە پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی هەبێ، پێویستە جگە لە لایەنی سەلبی، باسی لایەنی ئیجابییش بکا. ئەوە یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی پارادایمی ڕەخنەییە کە چەمکی یوتۆپیا دەتوانێ یارمەتیی بکا و ئەو کەموکوورییەی قەرەبوو بکاتەوە.

### چەمکی یوتۆپیا

زۆربەی ئەو کتێبانەی لەسەر یوتۆپیا نووسراون، سەرچاوەی ئەم چەمکە دەگەڕێننەوە بۆ جیهانی کۆن و تەنانەت بۆ ئایینەکان و باوەڕی ئەوان بە بەحەشت و کۆمەڵگە خەیاڵییەکانی دوای مردن. بەڵام ئاشکرایە کە جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان یوتۆپیا و چەمکە پێش-مۆدێرنەکانی وەک بەحەشت هەیە: یوتۆپیا ئەم-جیهانی[1]و مۆدێرنە (بە واتای پشت ئەستوور بە عەقڵی خۆ-تەوەر و زانستی دابڕاو لە ئایین) بەڵام چەمکە پێش-مۆدێرنەکانی هاوشێوەی یوتۆپیا وەک بەحەشتی ئایینەکان، لە جیهانێکی دیکە و لەسەر بنەمای قەرەبووکردنەوەی کردەوەکانی مرۆڤ لەسەر زەوی دامەزراون.

کە وا بوو چەمکی یوتۆپیا چەمکێکی مۆدێرنە. مۆدێرنبوونی یوتۆپیا بەو واتایە نییە کە لە سەردەمی پێش-مۆدێرندا یوتۆپیا نەبووە بەڵکوو بەو واتایەیە کە یوتۆپیای مۆدێرن جیاوازە. ئێمە دەتوانین لە سەردەمی پێش-مۆدێرنیشدا نموونە

[1] This-worldly

سەرەتاییەکانی یوتۆپیا بدۆزینەوە. بۆ نموونە، دەتوانین لە نووسینەکانی ئەفلاتووندا، بەتایبەت لە کتێبی *کۆمار*، جۆرێک یوتۆپیا بدۆزینەوە.

بەڵام لە سەردەمی مۆدێرندا (مەبەستم لە سەردەمی مۆدێرن لە ڕێنسانس بەم لاوەیە) ئێمە دەزانین کە وشەی یوتۆپیا لە داهێنانەکانی تامس مۆرە.[1] ژیانی مۆر خۆی سەرنجڕاکێشە. مۆر مرۆڤێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە بە جۆرێک کە هەندێک لە کاتۆلیکەکان پێی دەڵێن سەن تامس مۆر. مۆر ڕاوێژکاری هێنریی هەشتەم و سەرۆکی دیوانی باڵای ئینگلەند بوو. پاشان بە هۆی دژایەتی لەگەڵ ژن-هێنانەوەی شا و هەروەها ئەوەی کە سەرۆکایەتی شا بە سەر کلیسای قەبووڵ نەکرد، بە تاوانی خیانەت حوکمی سەربڕانی بەسەردا سەپا. کتێبی یوتۆپیا ساڵی 1516 بە زمانی لاتین بڵاو کرایەوە و ساڵی 1551 بە زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدرا. ئێمە دەبینین هەرچەندە مۆر مرۆڤێکی باوەڕدار بووە و تەنانەت لە ژیانی تاکەکەسیی خۆیدا گیانی لە سەر باوەڕە ئایینییەکانی داناوە بەڵام لە چیرۆکی یوتۆپیادا بە پێی بنەماکانی عەقڵی پشت-بە-خۆ-بەستوو[2] و بە شێوەی زانستی باسی کۆمەڵگەیەک دەکا کە لە سەر زەوی بەدی هاتووە. هەروەک دەزانین، مۆر لە چیرۆکی یوتۆپیادا کۆمەڵگەیەکی نەخشاند کە لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی عەقڵانی دامەزراوە. لەو کۆمەڵگەیەدا چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ

---

[1] 1478-1535

[2] Self-reliant reason

نامێنێ، بازرگانی بێواتایە، خەڵک حەزیان لە زێڕ نییە، خاوەندارێتیی تایبەت نییە، جیاوازیی چینایەتی نییە، ڕەوابینینی ئایینی زۆرە و مەیل بۆ شڕکردن کەمە و ...[٢]

لێرەدا ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە بۆ چی کەسێک کە خۆی دەسەڵاتدارە و وردەکارییەکانی سیاسەت دەزانێ، دەست دەداتە نووسینی کتێبی وا؟ ئایا ئەو نازانێ کە بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی وا ڕێکوپێک ڕێی تێناچێ؟ بەڵام ئەگەر لێی ورد بینەوە، دەبینین هەنگاوی مۆر زۆر بیرمەندانەیە و زۆر پێشکەوتووتر لە سەردەمی خۆی بیری کردووەتەوە. کتێبی یوتۆپیا خەیاڵپڵاو نییە بەڵکوو ئەگەر بەقووڵی بیری لێ بکەینەوە، دەبینین ئەو شتانە لە کۆمەڵگەیەکدا کە بەپێی عەقڵی ڕەخنەیی ڕێکبخرێ، زۆریش مەعقووڵە؛ لە کاتێکدا لە سەردەمی خۆیدا زۆر خەیاڵی دەهاتە بەر چاو. ئەوە جگە لەوەی کە ئەو کەسانەی باسی نامومکینبوونی یوتۆپیاکان دەکەن، لە پەیوەندیی نێوان سووژە و ئۆبژە بە شێوازی کلاسیک گەیشتوون واتە پێیان وایە ڕاستەقینەیەک لە دەرەوەی سووژە هەیە کە خۆی بەسەر سووژەدا دەسەپێنێ و سووژە ناتوانێ هیچی لەگەڵ بکا لە کاتێکدا ئێمە دەزانین کە ئەو شێوازە لە بیرکردنەوە زۆر لەمێژە، لانیکەم لە سەردەمی هیگلەوە کە باسی پەیوەندیی دیالێکتیکیی نێوان سووژە-ئۆبژەی کرد، ڕەخنەی لێ گیراوە و ئێستا جگە لە پۆزیتیڤیستەکان کەس باسی ڕاستەقینەیەکی سەربەخۆ لە سووژە ناکا.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ باسی یوتۆپیا، دوای مۆر، کەسانی دیکەش چیرۆکی ئاوایان نووسیوە و یوتۆپیا بووەتە ژانرێکی ئەدەبی. هەروەها جگە لە ژانری[٣]

یوتۆپیایی، ژانری دژەیوتۆپیایی (دیستۆپیا) هەیە؛ بۆ نموونە ١٩٨٤ی جۆرج ئۆروێل. بەڵام لە بەستێنی زانستیٔ مرۆییدا وشەی یوتۆپیا لە سەدەی نۆزدەهەمدا واتایەکی نەرێنی یان نێگاتیڤی بە خۆیەوە گرت ئەویش بەهۆی سەرکەوتنەکانی زانستی سروشتی بوو کە بوو بە وەهمی پۆزیتیڤیسم لە زانستی مرۆییشدا. تەنانەت کەسانی وەک مارکس ماوەیەک تووشی ئەو وەهمە بوون. دەزانین کە مارکس سۆسیالیستەکانی پێش خۆی (کەسانی وەک سەن-سیمۆن و شارل فۆریە)ی بە یوتۆپیاییبوون تاوانبار کرد و گوتی سۆسیالیسمی ئەوان یوتۆپیاییە بەڵام سۆسیالیسمی من زانستییە. لێرەدا دەبینین کە مارکس یوتۆپیاییبوون وەک تاوانێک دەبینێ کە دژەزانستییە. ئەمە لەکاتێکدایە کە لە راستیدا مارکسیش خۆی هەر جۆرێک یوتۆپیا دەخوڵقێنێ. واتە ئەگەر ئێمە سەرنجی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی و کۆمونیستی بدەین کە مارکس دەینەخشێنێ، ئەوەش جۆرێک یوتۆپیایە. لە ڕاستیدا خاڵی بەهێزی تیۆرییەکانی مارکس هەر لە یوتۆپیاییوونەکەیدایە کە هێزێکی کەموێنە بە لایەنگرەکانی دەبەخشی کە بەرەو ئەو ئامانجە هەنگاو بنێن.

دوای مارکس، کەسێک کە تیۆرییەکانی زۆر گرینگن، کارل مانهایمە. مانهایم لە کتێبی "ئیدیۆلۆژی و یوتۆپیا"دا هەمبەرکێیەک لە نێوان ئیدیۆلۆژی و یوتۆپیادا دروست دەکا. بەکورتی مانهایم دەڵێ: ئیدیۆلۆژی پاساو بۆ دۆخی باو دەهێنێتەوە لە کاتێکدا یوتۆپیا ئاسۆی ڕزگاری دەنەخشێنێ.

دوای مانهایم مارکوزە لە وتارێکدا بە ناوی "کۆتایی یوتۆپیا" دەڵێ ئێستا مرۆڤ لە سەردەمێکدا دەژی کە دەتوانی بەیەکجاری زەوی وێران بکا یان ژیانێکی باش بەرهەم بهێنێ. مارکوزە بەو واتایە باسی کۆتایی یوتۆپیا دەکا کە ئێستا هەموو شتێک مومکینە؛ چ وێرانکردنی زەوی و چ خوڵقاندنی ژیانی دڵخواز. هەربۆیە ئەو شتەی کە دەبێتە لەمپەرێک بۆ خوڵقاندنی ژیانی باش شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵگە بەپێی عەقڵی ڕزگاریخوازە.

## پێناسەی یوتۆپیا

هەروەک دەبینین، چەمکی یوتۆپیا واتای جۆراوجۆری هەیە. کە وا بوو پێویستە ئەو چەمکە دیسان پێناسە بکەینەوە و مەبەستی خۆمان لە یوتۆپیا ڕوون بکەینەوە. بە بڕوای من، یوتۆپیا بە واتای وێناکردنی کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی نییە. وەک کورد دەڵێ خەیاڵ-پڵاو یان وەک ئینگلیزی دەڵێن free imagination نییە بەڵکوو وێناکردنی کۆمەڵگەیەکی ئاوەزمەند یان مەعقووڵە. واتە ئێمە بەپێی عەقڵی مۆدێرن و بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازەکانی مۆدێرنیتە دەتوانین کۆمەڵگەیەکی وا وێنا بکەین و سازی بکەین.

گرینگترین ڕەخنەیەک کە لە وەها پێناسەیەک دەگیرێ ئەوەیە کە دەڵێن فڵانە کۆمەڵگەی مەعقووڵ ڕێی تێناچێ. بەڵام بۆچی ئێمە کۆمەڵگەی مەعقووڵمان پێ نامومکینە بەڵام کۆمەڵگەی نا-مەعقووڵی ئێستامان کە پڕە لە نا-ئازادی و نا-دادپەروەری پێ ئاساییە؟ قسەی من ئەوەیە کە لە سەردەمی ئێستادا هەموو شتێک مومکینە، تەنانەت ئەگەر نامەعقووڵ بێتە بەر چاو، بەمەرجێک کە بتوانێ

یوتۆپیایەکی بەهێز بەرهەم بهێنێ! بۆ نموونە، ئەگەر لە سەردەمی جەنگی سارددا کەسێک گوتبای تاقمێک مرۆڤی ئایینی دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە دەگرن، پسپۆڕەکان پێی پێدەکەنین بەڵام دیتمان کە ئایینییەکان لەسەر بەرهەمهێنانی یوتۆپیای خۆیان سوور بوون و ئێستا چەندین جۆر فاشیسمی ئایینی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پەیدا بوون. واتە بەشی هەرە زۆری یوتۆپیای ئایینییەکان هاتووەتە دی.

خاڵی یەکەم سەبارەت بەو یوتۆپیایەی مەبەستی منە ئەوەیە کە ئەو یوتۆپیایە بەرهەمی بیرکردنەوەی تاکەکەسێک نییە بەڵکوو بەرهەمی عەقڵی بەکۆ (جەمعی)ە. واتە ئەو یوتۆپیایەی لێرەدا باسی دەکەم بە درێژایی مێژوو فۆرمی گرتووە و لە ئەدەبیات، هونەر، سیاسەت و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەیەکدا جێگیر کراوە و بووەتە ئاواتی گەورەی نەتەوەیەکی بندەست. هەموو نەتەوەیەکی بندەست پێویستە بیر لە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی یوتۆپیا بە شێوازی بەکۆ بکاتەوە.

خاڵی دووهەم ئەوەیە کە هەر یوتۆپیایەک دەبێ لە چەمکی دەوڵەت گرێ بدرێ. بە بێ دەسەڵاتی دەوڵەت هیچ یوتۆپیایەک واتای نییە. ئەو کەسانەی کە پێمان دەڵێن دەوڵەت پێویست نییە و گرووپێکی بندەست دەتوانێ بە بێ دەوڵەت ڕزگار بێ، یان نازانن دەوڵەت چییە یان خەریکی گێلکردنی خۆیان و خاپاندنی خەڵکن. یوتۆپیا تەنیا کاتێک دەتوانێ ڕزگاریخواز بێ کە بتوانێ خۆی لە چەمکی "دەوڵەت" گرێ بدا. بە بێ دەوڵەت هیچ پرۆژەیەکی سیاسی سەر ناگرێ. کە وا

بوو دەوڵەتێکی دڵخواز و مەعقووڵ وەک یوتۆپیا دەبێ ببێتە ئامانجی ستراتێژیی ڕزگاریخواز.

### پێناسەی ستراتێژی

لێرەدا مەبەست لە ستراتێژیی ڕزگاریخواز پلانێکی ئاست-گەورەیە کە نەتەوەیەکی بندەست بۆ گەیشتن بە ڕزگاری دایدەڕێژێ. هەروەک دەزانین ستراتێژی بۆ شەڕکردنە؛ هەرچەندە شەڕ لێرەدا تەنیا بە واتای شەڕی سەربازی نییە بەڵکوو هەموو جۆرەکانی بەربەرەکانی و دەسەڵاتی نەرم (soft power) دەگرێتەوە. یەکەم خاڵ سەبارەت بە ستراتێژی ئەوەیە کە ستراتێژی بۆ سەرکەوتن دادەڕێژرێ، نەک بۆ بەزین و شکست.

بەڵام لە کاتی شەڕدا یوتۆپیا دەبێ بەردەوام لەبەر چاو بێ و وەک ئەستێرەیەکی ڕێنیشاندەر دەرکەوێ. ناکرێ لە کاتی شەڕدا بەردەوام یوتۆپیا بگۆڕدرێ. ئەوە خاڵێکی گرینگە کە ئێمە لە کوردستان سەرنجی پێ نادەین و وا دەزانین کە هەر ڕۆژێک دەتوانین باسی شتێکی زۆر جیاوازتر لەوەی دوێنێ بکەین لە کاتێکدا یوتۆپیاکان بۆ هەر نەتەوەیەک دەبنە ئامانج و هەموو شتێکی خۆیان لەسەر بنەمای ئەو ڕێکدەخەن. گۆڕینی پەیتاپەیتای ئامانجەکان دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی و بەلارێداچوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز.

### یوتۆپیا و کورد

کێشەی کورد ئەوەیە کە نەیتوانیوە ئەو جۆرەی کە پێویستە یوتۆپیا بەرهەم بهێنێ و لەسەری سوور بێ. ئەگەر سەرنج بدەین بە ئێلیتی نەتەوەیی کورد دەبینین کە

سەرلێشێواوە و هەر ڕۆژێک باسی شتێکی جیاواز دەکا. تەنانەت بە بڕوای من، پێش جەنگی جیهانیی دووهەم ئێلیتی نەتەوەیی کورد زۆر باشتر لە سیاسەت گەیشتبوو هەتا لە دوای جەنگی دووهەم! هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵاوبوونی ئیدیۆلۆژیی ناسیۆنالیسمی کورد لەگەڵ سۆسیالیسم و دێموکراسی لە دوای جەنگی جیهانیی دووهەم. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سۆسیالیسم کوردی تووشی ئەو وەهمە مێژووییە کرد کە دەکرێ لە چوارچێوەی وڵاتە کۆلۆنیالیستەکاندا کورد بگاتە مافەکانی خۆی؛ ئەوەش لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕاسپاردەکانی دەسەڵاتدارانی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ سیاسییەکانی کوردستان و سەپاندنی فۆرمولی ئۆتۆنۆمی بەسەر کورددا. ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە کورد لەجیاتی بیر لە پێکهاتەی دەسەڵاتی خۆی بکاتەوە، بیر لەوە بکاتەوە کە وڵاتە کۆلۆنیالیستەکان بکاتە وڵاتی دێموکراتیک و سۆسیالیست و پاشان لە ڕێگای ئەو دێموکراسییەوە کورد بگاتە مافەکانی خۆی. ئەگەر بەقووڵی بیر لەو وەهمە بکەینەوە کە ئێستاش هەر کورد دەکاتە قوربانی، وەک ئەوە وایە کە هیندییەکان لەجیاتی بیر لە سەربەخۆیی و دەوڵەتی خۆیان بکەنەوە، بیریان لەوە کردباوە کە بریتانیا بکەنە وڵاتێکی دێموکراتیک یان سۆسیالیست، پاشان لە چوارچێوەی بریتانیادا بگەنە مافەکانی خۆیان!

جگە لەو بابەتە، هەروەک لە پێشەکیدا باسم کرد، لایەنی ئیجابی زۆر گرینگە. کورد هەتا ئێستا باسی کۆمەڵگەی دڵخوازی خۆی نەکردووە. کورد هەر ڕەخنە لە کۆلۆنیالیستەکان دەگرێ و ڕەخنە لە کۆمەڵگەی خۆی دەگرێ لەکاتێکدا پێویستە

هەر گرووپێکی بندەست بیر لە بەرهەمهێنانی یوتۆپیا بکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێ بەرەو کوێ هەنگاو دەنێ.

قازانجێکی دیکەی بیرکردنەوە لە یوتۆپیا، ئەوەیە کە سەرمەشقێکی باش دەدا بە خەڵکی بندەست کە بەو شێوازە هەڵسوکەوت بکا. واتە کاتێک کۆمەڵگەی مەعقووڵ و دڵخواز وێنا دەکرێ، ئەوە دەچێتە نێو نەستی سووژەکان و هەڵسوکەوتەکانیان بەرەو ئاقارێکی دڵخواز دەبا. ئەوە وەک پەروەردەکردن و ڕاهێنانی منداڵ وایە. ئەگەر لە منداڵییەوە هەندێک سەرمەشق بۆ منداڵ وێنا بکرێ، منداڵ بە شێوازی ناوشیار بەرەو بوون بەو سەرمەشقە هەنگاو دەنێ. ئەو کەسانەی لە تیۆرییەکانی فرۆید و لاکان شارەزان لەو بابەتە بەجوانی دەگەن. لەڕاستیدا نەتەوەسازی وەک پەروەردەکردنی منداڵە.

بەشێک لە نەتوانینی کورد بۆ بەرهەمهێنانی یوتۆپیا دەگەڕێتەوە بۆ خۆبەکەمزانیتنی کورد کە ڕیشەی لە کۆلۆنیالیسمدایە. بەشێکی دیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتنی ئێمە لە پارادایمی پاش-ڕاستی.[1] پارادایمی ڕاستی-تەوەر دەیگوت ڕاستییەک لە دەرەوەی بوونی سووژە هەیە کە چاوەڕێی دۆزرانەوەیە. لە کاتێکدا پارادایمی پاش-ڕاستی دەڵێ هیچ ڕاستییەکی ئۆبژێکتیڤ بوونی نییە. ڕاستی لە چوارچێوەی ئیدیۆلۆژیدا دروست دەکرێ. یان وەک کەیت جێنکینز سەبارەت بە مێژوو دەڵێ مێژوو دۆزینەوەی ڕاستی نییە بەڵکوو سازکردنی ڕاستییە.(٣)

---

[1] post-truth

بەگشتی، دۆزی کورد دۆزێکی نەتەوەییە و ڕێگەچارەکەشی نەتەوەییە. ناکرێ کێشەی نەتەوەییت هەبێ بەڵام ڕێگەچارەی دێموکراتیک و سۆسیالیستی و ئایینی و ئەوانە هەڵبژێری.

# سەرچاوەکان و پەراوێزەکان

## وتاری یەکەم: دەروونشیکاریی سووژەی بندەست

(1) Sigmund Freud, “The Ego and the Id and Other Works”, in *The Standard Edition of the Complete Psychological Works of Sigmund Freud. Volume XIX (1923-26),* London: Hogarth Press, 1978, p. 19.

(2) Ed Pluth, *Signifiers and Acts: freedom in Lacan’s theory of the subject*, New York: State University of New York Press, 2007, p. 2.

## وتاری دووهەم: فەلسەفەی سیاسیی ناسنامە

(1) Pauline Bebe, “Building a Positive Versus a Negative Identity”, paper presented at the Conference of Christian-Jewish Dialogue, 2003, Montreal, Canada.

(2) Jaques Lacan, *Écrits: A Selection*, New York: W.W. Norton, 1981.

(3) Gayatri Spivak, “Can the Subaltern Speak?” in C. Nelson & L. Grossberg (eds.), *Marxism and the Interpretation of Culture,* Urbana: University of Illinois Press, 1988, pp. 271-313.

(4) Kate Nash, *Contemporary Political Sociology: globalization, politics and power*, London: Wiley-Blackwell, 2010, pp. 39-40.

(5) Slavoj Žižek, *The Sublime Object of Ideology*, London: Verso, 2008, p. 15.

## وتاری سێهەم: سروشتی دەوڵەتی مۆدێرن

(1) Charles de Montesquieu, *The Spirit of the Laws*, Cambridge: CUP, 1989, chapter 14.

(2) Carl von Klausewitz, *Vom Kriege*, Area, 2003, p. 27.

(3) Hannah Arendt, *The Origins of Totalitarianism*, New York: Meridian Books, 1958, pp. 315-326.

## وتاری چوارەم: بەجیهانیبوون و نەتەوە بێدەوڵەتەکان

(1) Jan-Aart Scholte, *Globalization*, New York: Palgrave, 2000, p. 8.
(2) Immanuel Wallerstein, *The Modern World-System*, University of California Press, 2011.
(3) Emma Goldman, "There is no Communism in Russia", in Red *Emma Goldman Speaks: An Emma Goldman Reader*, third edition, edited by Alix Kates Shulman, New York: Open Road, 2012, p. 409.
(4) Scott Lash and John Yuri, *The End of Organized Capitalism*, University of Wisconsin Press, 1987, p. 5-6.
(5) Stephane Paquin, "Globalization, European Integration and the Rise of Neo-nationalism in Scotland", *Nationalism and Ethnic Politics*, Vol. 8, No 1, Spring 2002, pp. 55- 80.

## وتاری پێنجەم: تیپۆلۆژیی ناسیۆنالیسم

(1) See: Walker Connor, *Ethnonationalism: The Quest for Understanding*, Princeton: Princeton University Press, 1994.
(2) See: Ernst Gellner, *Nations and Nationalism*, Oxford: Blackwell, 1983.
Benedict Anderson, *Imagined Communities*, London: Verso, 2006.
For a more sophisticated appraisal of Gellner's theory see:
Brendan O'Leary, "On the Nature of Nationalism: An Appraisal of Ernest Gellner's Writings on Nationalism," *British Journal of Political Science*, Vol. 27, No. 2 (April 1997), pp. 191-222.
(3) Anthony D. Smith, *Nationalism: theory, ideology, history*, Cambridge: Polity, 2010, p. 4.

خوێندنەوەی ئەم کتێبەی سمیت بۆ هەموو قوتابیانی ناسیۆنالیسم زۆر پێویستە. بەتایبەت بۆ تێگەیشتن لە جۆرەکانی ناسیۆنالیسم و جیاوازییەکانی نێوان ئەوان، خوێندنەوەی لاپەڕەکانی

٣١ هەتا ٤٦ زۆر پێویستە؛ هەرچەندە سمیت ناچێتە سەر پەیوەندییەکانی نێوان کۆلۆنیالیسم و ناسیۆنالیسم.

(4) Hugh Seton-Watson, *Nations and States*, London: Methuen, 1977, p. 1.

(٥) لە سەرچاوە مێژووییەکاندا یەکەم جار وشەی کوردستان لە کتێبی خوارەوەدا بە کار هاتووە:

ابوالحسن علی بن احمد نسوی، *بازنامه*، تصحیح علی غروی، تهران: مرکز مردم شناسی ایران، ١٣٥٤، ص ١٦٥.

پێشتر زۆربەی توێژەران سەرچاوەی خوارەوەیان وەک یەکەم سەرچاوەی هەڵگری ناوی کوردستان بە کار دەهێنا بەڵام دواتر ئیسماعیل شەمس، توێژەری مێژوو، لە ساڵی ٢٠٢٢ سەرچاوەی سەرەوەی وەک یەکەم کتێب کە ناوی کوردستانی تێدا بە کار هاتووە، ڕاگەیاند:

حمدالله مستوفی، *نزهةالقلوب*، تصحیح گای لیسترانج، تهران: دنیای کتاب، ١٣٦٢، ص ١٠٧-١٠٩.

(6) Liah Greenfeld, *Nationalism: five roads to modernity*, Harvard University Press, 1992, pp. 29-31.

(7) Nicolo Machiavelli, *The Prince*, translated by: Robert M. Adams, New York: W.W. Norton, 1992, Chapter 26.

(٨) ئەڵمانیا بەپێچەوانەی بریتانیا و فەرانسە نەیتوانی کۆلۆنیالیسمی وڵاتانی دوور پەرە پێ بدا و جگە لە چەند ناوچەی ئافریقا (وەک نامیبیا) لە کۆلۆنیالیسمدا سەرکەوتوو نەبوو. سەرنەکەوتنی ئەڵمانیا لە کۆلۆنیالیسمی ئافریقادا بوو بە هۆی مشتومڕێکی توند سەبارەت بەو بابەتە لە ناوەندە سیاسی و ئاکادێمیکەکانی ئەڵمانیا لە سەردەمی کۆماری ڤایماردا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Constant Kpao Sarè, Abuses of German Colonial History: The Character of Carl Peters as a Weapon for völkisch and National Socialist Discourses: Anglophobia, Anti-Semitism, Aryanism, in Michael Perraudin and Jürgen Zimmerer (editors), *German*

*Colonialism and National Identity*, London: Routledge, 2011, pp. 162-163.

(9) R. J. Overy, "Class and Community in the Third Reich", *The Historical Journal*, June 1979, Vol. 22, No. 2, pp. 493-503.

(١٠) زۆربەی ئەو زمانەوانانەی لە بواری زمانە هیندوئەورووپاییەکان لێکۆڵینەوەیان دەکرد، لە زانکۆی لایپزیگ کۆ ببوونەوە. لەو کەسانە جگە لە فرانتز بۆپ کە ئاماژەی پێکرا، ئەو کەسایەتیانە زۆر گرینگ بوون:

Georg Curtius (1820–1885), August Leskien (1840–1916), Karl Brugmann (1849–1919),

بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە:

Anna M. Davies, "Saussure and Indo-European Linguistics", *Cambridge Companions Online*, Cambridge University Press, 2006, pp. 10-11.

(11) Donald Rayfiled, *Edge of Empires: a history of Georgia*, London: Reaktion Books, 2012.

## وتاری شەشەم: قۆناغبەندیی مێژووی سیاسیی کوردستان

(١) کتێبی زەکەریا قادری بە ناوی *عقل سیاسی ایرانی و هویت خواهی کردها* نموونەیەکی باشی هەوڵ بۆ زیندووکردنەوەی تێگەیشتنێکی دوالیستی لە مێژووی ئەفساناویی کوردستانە کە لەوێدا هەمبەرکێیەک لە نێوان کولتووری میترایی کورد و کولتووری زەردەشتیی فارس داندراوە.

(2) Michael Eppel, *A People Without a State: The Kurds from the rise of Islam to the dawn of nationalism*, Austin: University of Texas Press, 2016, pp 28-29.

(٣) حیسامەدین عەلی غالب نەقشبەندی، پێشەکیی کتێبی *هۆز و دەسەڵاتە هۆزەکییە کوردییەکانی چاخی ناوەڕاست*، زرار سدیق تۆفیق، وەرگێر: ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، هەولێر: موکریانی، ٢٠١٠، لل ٨-١٠.

(4) Wadie Jwaideh, *The Kurdish National Movement: its origins and development*, Syracuse University Press, 2006, p. 60.

(٥) بۆ نموونە، لە ناوچەی موکریان، پەیوەندیی نێوان ئاغا و جووتیار لەسەر بنەمای وەرگرتنی دە-و-دوو لە جووتیارەکان بوو. هەڵبەت بەپێی ئەوەی کە بنەتۆو و گا-و-جووت لە لایەن ئاغاوە دابین کرابا یان لە لایەن جووتیارەوە دوو جۆرە جووتیار هەبوون: نیوەکار و زەکاتکێڵ. مەبەستم ئەوەیە کە ئەو پەیوەندییە ئابوورییە پەیوەندییەکی فیودالی هاوشێوەی ئەورووپا بووە بەڵام ڕێک وەک ئەو نییە. تەنانەت ئەو پەیوەندییە ئابووری و چینایەتییە کە لە کوردستان لە نێوان ئاغا و جووتیاردا هەبوو لە نەتەوەکانی دەوروپشتی کوردستانیش جیاواز بوو.

(٦) یەکێک لە دەگمەن لێکۆڵینەوەکان ئەوەیە:

Boris James, "The Rise and Fall of the Kurdish Emirates (Fifteenth to Nineteenth Centuries)", edited by Hamit Bozarsalan et al., *The Cambridge History of the Kurds*, Cambridge University Press, 2021, pp. 25-44.

(٧) تەنانەت ئەو نەتەوانەی لە چوارچێوەی یەکێتیی ئەورووپادا یەکیان گرتبوو، دوای ماوەیەک لەو یەکێتییە ناڕازی بوون. هەرچەندە یەکێتیی ئەورووپا بە واتای لەنێوچوونی ناسنامەی نەتەوەیی نییە و ناسیۆنالیسم لە چوارچێوەی ئەو یەکێتییەشدا درێژەی هەیە (بۆ نموونە سکاتلەندییەکان داوای مانەوە لە یەکێتیی ئەورووپایان دەکرد بۆ ئەوەی دەنگێکی تایبەتیان هەبێ). بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە ئەم وتارە:

ایوب کریمی، "جدایي‌طلبي در اتحادیه اروپا از منظر اقتصاد سیاسی"، در *اتحادیه اروپا: روندهای نوظهور، پژوهشنامه مرکز تحقیقات استراتژیک*، شماره ٢٧، آبان ١٣٨٩.

## وتاری حەوتەم: پێکهاتەی ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی

(١)لە ڕوانگەی سۆسۆرەوە، هێما (نیشانە) لە دوو بەش پێکدێ: دال و مەدلوول. دال سیمای ماددیی هێمایە (دەنگ یان وشەیەکی نووسراو) و مەدلوول ئەو وێنەیە کە دال دەچێتەوە سەری و لە زەینی بیسەر یان خوێنەردا دەخوڵقێ. پەیوەندیی نێوان دال و مەدلوول وەک

دەلالەت ناو دەبردرێ (رۆلان بارت دەلالەت دابەش دەکاتە سەر دوو جۆری *دەلالەتی ئاشکرا* و *دەلالەتی شاراوە*). هێما دەرەنجامی دەقاودەقی دوو توخمی دال و مەدلووله. مەدلوول هاوتای شەیئێکی ماددیی دەرەوەی جیهانی زەین نییە بەڵکو بابەتێکی چەمکی-زەینیيە. هێماکان دەلالەتن بۆ چەمکەکان نەک بۆ شتەکان. سۆسۆر باوەڕی وایە هێماکان تەنیا وەک یەکەی سیستمێکی ڕواڵەتی، گشتی و ئابسترە دەتوانن ببنە خاوەن مانا. بۆچوونی سۆسۆر تەواو پێکهاتەییە و لە سەر بنەمای پەیوەندی دامەزراوە. بۆ زانیاری پسپۆڕانە بڕواننە کتێبەکەی سۆسۆر (خولی زمانەوانی گشتی) و کتێبەکانی رۆلان بارت (بەتایبەت میتۆلۆژییەکان) و بۆ زانیاری گشتی بڕواننە ئەو سەرچاوەیە:

Daniel Chandler, *Semiotics: The Basics*, London: Routledge, 2005.

(2) Tony Myers, *Slavoj Žižek,* London: Routledge, 2004, p. 64.

(3) Slavoj Žižek, *How to Read Lacan*, New York: Norton, 2007, p. 3.

(4) Martin van Bruinessen, “Ehmedî Xanî's Mem û Zîn and its role in the Emergence of Kurdish Nationalism”, in Abbas Vali (ed.), *Essays on the Origins of Kurdish Nationalism*, Costa Mesa, Cal.: Mazda Publishers, 2003, pp. 40-57.

(5) Djene Rhys Bajalan, “Early Kurdish “Nationalists” and the Emergence of Modern Kurdish Identity Politics: 1851 to 1908”, in *Understanding Turkey’ Kurdish Question*, edited by Fevzi Bilgin and Ali Sarihan, Lexington Books, 2013, p.6.

(6) Joost Jongerden, *The Settlement Issue in Turkey and the Kurds: An Analysis of Spatial Policies, Modernity and War*, Brill Academic Publishers, 2007, p. 58.

(7) Metin Yuksel, "The Encounter of Kurdish Women with Nationalism in Turkey", *Middle Eastern Studies*, Vol. 42, No. 5, September 2006, pp. 777 – 802.

## وتاری هەشتەم: ئیدیۆلۆژیی ناتەواو و ستراتیژیی نەگونجاو

(1) James Bohman, "The Politics of Modern Reason: Politics, Anti-Politics and Norms in Continental Philosophy," *The Monist*, Vol. 82, No. 2, Continental Philosophy: For & Against, April 1999, pp.238.

(2) Francis H. Parker, "The Temporal Being of Western Man," *The Review of Metaphysics*, Vol. 18, No. 4 (June, 1965), p. 643.

(٣) ئانتۆنیۆ گرامشی لە چەمکە سەربازییەکان بۆ شیکردنەوەی ستراتیژیی سیاسیی شۆڕشگێڕانە کەڵک وەردەگرێ. شەڕی مانۆڤر بریتییە لە شەڕی کراوە و ڕاستەوخۆ، واتە ڕاپەڕینێکی چەکدارانە و کورتخایەنە. بەڵام شەڕی پێگە (پۆزیسیۆن) شەڕێکی کولتووری و درێژخایەنە و بریتییە لە هەوڵێکی شاراوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو پێگەیانەی کە لە سیستمدا زۆر گرینگن؛ بۆ نموونە، هەوڵ بۆ تەشەنەکردن لە دامەزراوە کولتووری، میدیایی و ئیدارییەکانی دوژمندا بە مەبەستی ڕووخاندنی سیستم لە کاتی گونجاودا.

Antonio Gramsci, Selections from the *Prison Notebooks*, edited and translated by Quentin Hoare and Geoffrey Nowell Smith, London: Lawrence & Wishart, 1999, p. 291.

## وتاری نۆهەم: چینی کۆمەڵایەتی یان کەرتی سیاسی؟

(1) Georges Gurvitch, *Études sur les classes sociales*, Paris: Gonthier, 1966.

(2) Erik Olin Wright, *Classes*, New York and London: Verso, 1997, p. 6.

(3) لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا دەیبەیتێکی گرینگ لە نێوان ئی. پی. تامپسن و رالف دارندۆرف سەبارەت بە سروشتی چینی کۆمەڵایەتی هەبوو. تامپسن بۆ پێناسەکردنی چەمکی چینی کۆمەڵایەتی لەسەر *پەیوەندی* پێداگری دەکرد لە کاتێکدا دارندۆرف لەسەر *ڕۆڵی کۆمەڵایەتی* سوور بوو. بۆ زانیاری پتر بڕوانە پێشەکیی کتێبەکەی تامپسن:

E. P. Thompson, *The Making of the English Working Class*, London: Victor Gollancz, 1963, pp. 8-13.

(4) Karl Marx, *The Eighteenth Brumaire of Louis Bonaparte*, edited by Mark Cowling and James Martin, London: Pluto Press, 2002, pp. 63, 100-101.

(5) Karl Marx & Friedrich Engels, *Manifesto of the Communist Party*, translated by William Reeves, Utrecht: Open Source Socialist Publishing, 2008, p. 9.

(6) Ralph Miliband, *The State in Capitalist Society*, New York: Basic Books, 1969.

(7) Nicos Poulantzas, *Political Power and Social Classes*, London: New Left Books, 1973.

(8) Detlef Muhlberger, "The Sociology of the NSDAP: The Question of Working-Class Membership," *Journal of Contemporary History,* Vol. 15, No. 3, July 1980, pp. 493-511.

(9) Daniel Oesch, "Explaining Workers' Support for Right-Wing Populist Parties in Western Europe: Evidence from Austria, Belgium, France, Norway, and Switzerland," *International Political Science Review / Revue internationale de science politique*, Vol. 29, No. 3 (Jun., 2008), pp. 349-373.

(10) Barrington Moore, *Social Origins of Dictatorship and Democracy: Lord and Peasant in the Making of the Modern World*, Boston: Beacon Press, 1993.

(11) Erich Fromm, *Escape from Freedom*, New York: Holt Paperbacks, 1994.

(12) Enán Arrieta Burgos, "The Law in the Philosophy of Jean-Paul Sartre", in A. Sánchez & J. Cervi., *Reflexões contemporâneas sobre direitos humanos*, Santo Ângelo: Furi, 2016, p. 103.

(13) Erik Olin Wright and Michael Burawoy, “Sociological Marxism,” in *Handbook of Sociological Theory*, edited by: Jonathan H. Turner, London: Springer, 2006, p. 467.

(14) Gholam Reza Afkhami, *The Life and Times of the Shah*, Berkeley: University of California Press, 2009, pp. 227-229.

(15) لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش کۆلۆنیالیستەکان ریفۆرمی زەوییان کردووە بەڵام بە هەندێک هۆکاری ئەمنی و تێکنیکی بە نیوەچڵی جێبەجێ کراوە. بۆ نموونە، حکوومەتی ناوەندیی عێراق لە ساڵەکانی ١٩٥٨ و ١٩٧٠ ریفۆرمی زەوی ڕاگەیاند و لە ناوچە عەرەبییەکان جێبەجێی کرد بەڵام لە باشووری کوردستان بە نیوەچڵی جێبەجێ کرا و لە هەندێک شوێن هەر جێبەجێ نەکرا. لە دوای ١٩٩١ کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، دوو سێکتی دەسەڵاتدار هەوڵیان دا پەیوەندییە فیودالییەکان بەرهەم بهێننەوە بۆ ئەوەی دەنگی سەرۆک هۆزەکان بە دەست بهێنن بەڵام ئێستا ئەوانەی کە وەک سەرۆک هۆز، بەگ یان ئاغا دەناسرێن، زۆرتر بوونەتە مووچەخۆری حکوومەت و هەڵسووڕێنەری دیوەخانەکان کە بە جۆرێک یارمەتیدەری حکوومەتن بۆ ڕاپەڕاندن و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان. واتە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی بە پاشماوەکانی چینی دەرەبەگ سپێردراوە کە زۆر جیاوازە لەو خاوەنداریێتی و دەسەڵاتەی لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا هەیانبوو و ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ چینی جووتیاری بێ-زەوی هەیانبوو. بە گشتی، ئێستا لە باشووریش پەیوەندییە فیودالییەکان زۆر لاواز بوونە و پەیوەندیی کاپیتالیستی لەسەر بنەمای پارە و بازرگانی و قازانج-تەوەری لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە هەندێک جیاوازیی وردەوە زاڵ بووە. بۆ زانیاریی پتر سەبارەت بە ریفۆرمی زەوی لە باشووری کوردستان و عێراق بڕوانە:

M. Riad El-Ghonemy, *The Political Economy of Rural Poverty: The case for land reform*, London: Routledge, 2006, pp. 174-182.

(16) Herbert Marcuse, *One-Dimensional Man*, London: Routledge, 2006, pp. 260-261.

(17) ئەگەر بمانەوێ هاوتایەکی ئینگلیزی بۆ چەمکی "کەرتی سیاسی" دابنێین، دەتوانین

بڵێین political slice.

## وتاری دەهەم: یوتۆپیا و ستراتیژیی ڕزگاریخواز

(1) Robert W. Cox, “Social Forces, States and World Orders: Beyond International Relations Theory”, *Millennium*, Vol. 10, No. 2, 1981, pp. 126-156.

(2) Thomas More, *Utopia*, Cambridge University Press, 2002.

(3) Keith Jenkins, *Re-Thinking History*, London: Routledge, 2004.